

# سێ کاتژمێر باری لەناکاو

نووسەر:

خوسرەو شایانفەر

# سټے کاتژمیړ بارله ناکاو

| | |
|---|---|
| سرشناسه | : شایان‌فر، خسرو، ۱۳۶۲- |
| عنوان و نام پدیدآور | : سی کاتژمیر باری له ناکاو/ نووسه‌ر خوسره‌و شایانفه‌ر. |
| مشخصات نشر | : مهاباد: بین، ۱۴۰۳. |
| مشخصات ظاهری | : ۱۰۸ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م. |
| شابک | : 978-622-91586-6-1 |
| وضعیت فهرست نویسی | : فیپا |
| یادداشت | : زبان: کردی. |
| موضوع | : داستان‌های کردی -- قرن ۱۴<br>Kurdish fiction -- 20th century |
| رده بندی کنگره | : PIR۳۲۵۶ |
| رده بندی دیویی | : ۸فا۹/۲۳ |
| شماره کتابشناسی ملی | : ۹۹۴۰۳۲۲ |
| اطلاعات رکورد کتابشناسی | : فیپا |

# سێ کاتژمێر بارێ لە ناکاو

خوسرەو شایارفەر

سێ کاتژمێر باری لەناکاو

نووسەر: خوسرەو شایانفەر

ڕووبەرگ: خوسرەو شایانفەر

نۆرەی چاپ: یەکەم ١٤٠٣

شابك: **978_622_91586_6_1**

ناوەندی بڵاوکردنەوە: نەشری بیر بە هاوکاری نەشری ژیر – مەهاباد

مافی لە چاپدانی ئەو بەرهەمە بۆ نووسەر پارێزراوە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەم پەرتووکە دوانەی بەرهەمی پێشووم واتا خاڵعەباسە، بەڵام بە چەند هۆگەلێك، نەکرا هاوکات بڵاویان بکەمەوە. ئێستا کە دەرفەت ڕەخساوە و توانیومەوە بڵاوی بکەمەوە، پێویستە سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەو بەڕێزانە بکەم کە دەگەڵم ماندوو بوون و یارمەتیان دام تاکوو ئەم هەوڵە بە ئەنجام بگات. لە پێش هەموان‌دا سپاس بۆ هاوسەری بەڕێزم کە بەردەوام هانی دام و پاڵپشتی کردم. دواتر سپاسی هاوڕێی بەڕێزم، کاك یاقووبی خزری، بەرپرسی نەشری ژیر دەکەم کە هەوڵێکی زۆری دا و زۆرم دەگەڵ ماندوو بوو.

هەروەها پێویستە سپاسی ئەو هاوڕێ بەڕێزانە بکەم کە ئەرکی چاوخشاندن بەو بەرهەمەیان لە ئەستۆ گرت و کەم و زۆر یارمەتیان دام. دۆستی بەڕێزم کاك عەلی تەها کە بەردەوام بە ڕێنوێنی و تێبینی خۆی یارمەتیدەرم بووە. هاوڕێی بەڕیزم کاك ڕزگاری حیسامئەددینی کە لە چاوخشاندن بەو بەرهەمەدا زەحمەتی زۆری کێشا.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

خڕۆکەکانی خوێنی بەجۆرێك بەرەو کەللەسەری پاڵەپەستۆیان بوو کە دەمارەکانی بە ناچاری خەریکی کەڵك وەرگرتن لە ئەوپەڕی توانای خۆیان بوون و هەر لە ملیرا هەتا لاجانگەکانی وەك هەنبانەی ئاخنراو هەڵمسابوون، تەنیا بۆ ئەوەی مێشکی لە نواندنی تووڕەیی پێویست دانەمێنێ. سوورهەڵگەڕانی لەڕادەبەدەری، ڕەشی پێستە تاوسووتاوەکەی بۆ نێو گنجەکانی دەموچاوی ڕەپێنابوو. چاوی بە جۆرێك لەژێڵلا هاتبوون کە ئەگەر هەوڵی وردەماسولکەکان نەبا دەرپەڕینیان چاوەڕوانکراو بوو. قامکە درێژەکەی شادەی، ئەگەرچی بەڕواڵەت دەبا ئاماژەی بە سامڕەند کردبا بەڵام بە هۆی نارێکی پەنجەی، ملی سووڕاندبووە بەجۆرێك بەبێ ویستی خۆی چەند میتر ئەولاتری وەك شوێنی ئاماژەکردن دەگرتەوە. بەڵام ئەو نارێکییە نەدەبووە هۆی ئەوەیکە شەپۆلەکانی ڕق و تووڕەیی بپسێتەوە و لە کاریگەری تووڕەییەکەی کەم کاتەوە.

ڕادەی تووڕەییەکەی سات لە دوای سات خەریك بوو پلەی پێوانەیی نوێی تۆمار دەکرد و گلەیی و گازندەی ئەندامەکانی لەشی کە بەدەم بۆڵەوە دەیاندرکاند دۆخەکە مەترسیدارە، بەڕوونی دەبیسترا. هەموو ئاماژەکان باسیان لە پێویستی ئەهوەن کردنەوەی خێرا دەکرد. بۆ دواجار ویستم بە خۆتێوەردانێك داوای پابەندبوون بە ڕێنمایییە تەندروستییەکانی لێ بکەم بەڵام هەرزوو هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو ئۆینانە تازەگەرین و دەگەل خو و خدەی ئەوی ناگونجێن هەربۆیە بە پارێزەوە ڕستەیەکی لەکۆن هەڵچندراوم کوتەوە.

- کارە کراوە، تازە چی لێدەکەی! ئێستا وەختی تەگبیرێکییە.

وشەکانم هەر زوو بەرپەرچیان دامەوە و پێش ئەوەی مامە حەسەن کاردانەوەی هەبێ، خۆیان تێیان گەیاندم: قسەت پێ نییە هیچ نەڵێی باشترە. دیارە مامە حەسەن گوێی لەو تێبینییەی وشەکانم نەبوو یان گوێی لێبوو بەڵام ویستی کاردانەوەی سەربەخۆی هەبێ.

- کارە کراوە؟! کوڕە گووی خوارد گوو. هەتیوە بەرەڵایە. ئائا کارە کراوە! ڕۆژێ هەتا ئێوارێ پێی دەڵێم بۆ کارێکی مەگەر گووم بۆ بکا کەچی ئەوەتا ئاوا گووم پێ دەکا. ئەدی چۆن ئەوە وەجاخە!!! خودا بەزیادت نەکا نێرەکەر!!! تف لەو شیرەی خواردووتە. بەرەڵا.

خۆتێوەردانەکەم دەرەقەتی قەڵسییەکەی نەهات. تەنیا ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی سەرپیتی ڕیزە جنێوێکی نوێ دابمەزرێنێ و بە خەستی دەریانبڕێ. قسەی نەرم و نیان قەت دەرەقەتی جنێو نایەت و ئەو ئامۆژگارییەی کە

باس لە ڕاستی پێچەوانەکەی دەکا، ئەگەرچی مەیدانی ئەخلاقی ئەوبەراوبەر تەنیوە، بەڵام تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی سیمای ئامۆژگارییە و لە مەیدانی عەمەلدا هیچی لەباراندا نییە. تەنیا بیانوویەکە بەدەست کەسانی بێ دەسەڵات یان زمان لووس و ماستاوچی. باپیرمان مامۆستایەك بوو، ئەگەرچی بۆی نەکرا ئەو واتایە بە ناوی خۆی پێناسە بکات بەڵام ئەوە فەلسەفەی ژیانی بوو، بەتایبەت لە هەڵسوکەوت دەگەڵ بنەماڵەکەی.

دوای ئەو ڕیزەجنێوەش شاشەی تەلەویزیۆنەکەی بەسەر کردەوە کە بە بێدەنگی خەریك بوو بەڵگەفیلمێکی لەبارەی مارە زەلامەکانی ئامازۆن پێشاندەدا. مامە حەسەن زۆر حەزی لەوجۆرە فیلمانە بوو. هەموو جارێ کە چاوی لێدەکردن، وەك ناوبڕێك، بیرەوەرییەکی خۆی، تێکەڵی فیلمەکە دەکرد ئەگەرچی بیرەوەرییەکانی هەمیشە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە فیلمەکانەوە نەبوو و زۆرجار بە کورتە ئاگادارکردنەوەیەك خۆی دەخزاندە بیرەوەری یەکێك لە دۆستانی  و هەر لەسەرەتاوە بە ڕواڵەت لەزمانی ئەو بەڵام بە دەورگێڕانی خۆی، هەموو بیرەوەرییەکەی سەرلەنوێ دادەڕشتەوە. ئەو شەوە کەشەکە، کەشی بیرەوەری‌گێڕانەوە نەبوو. چاوی لەسەر شاشەکە بوو بەڵام هیچ وێنەدەچوو وێنەکان ببینێ. زیاتر لەوە دەچوو خۆی ئامادەی دەربڕینی دیالۆگێکی نوێ بکات.

- منداڵت بە ژنی ئەسپارد، لەوەی زیاتر نابێ! دەڵێم با بەرەڵا نەسووڕێتەوە با بۆ کارێکی دەگەڵم بێ، دەمی دێنێتە پێشێ: لێیگەڕێ با دەرسەکەی بخوێنێ. ئاخر دەرسی چی ئەو بەرەڵایە کەنگێ دەرسی خوێندووە! کیفێك دەپاش قوونی دەنێ، مۆبایلێك

بەدەستەوە، دەڵێی کوڕی حەمەڕەشیدخانییە. بەزیاد نەبی نێرەکەر!

خۆدزینەوەی لە سەیرکردنی خێزانی دوابەدوای ئەو وتانە لەجێوە سەلماندی کە مامەحەسەن هەڵەیەکی ستراتیژیکی کردووە و کەیسێکی بقەی جووڵاندووە، چونکە ئامۆژنم کە تا ئەو کاتە بۆ بەرگری لە تەشەنە سەندنی زیاتری بارودۆخەکە، هەڵویستێکی چمان‌لێهاتی گرتبوو، بەو یەکەم هێرشی ڕاستەوخۆی مامەحەسەن وەجووڵەکەوت و بۆ بەرگری، خۆی وەك دایکی گەورە پیاوی شار دەستنیشان‌کرد:

- ژن چییەتی! بۆ خەریکی بەسەر منیدا ساغکەیەوە. کەنگێ وەپێشی کەوتووم؟ کەنگێ کوتوومە کارێ نەکات؟ کەنگێ لەسەری وەجواب هاتووم؟ کوڕم چییەتی؟ دزە؟ حیزە؟ خێڕییە؟ بە وەڵڵا ئەگەر وەڵڵایە، کوڕم لە کوڕی هەموو ئەوشارەی پیاوترە!

مامە حەسەن بەدەنگێکی نزم لەبەرخۆیەوە بەجۆرێك ئا ببیسترێ ئا نەبیسترێ:

- ئائا پیاوە پیاو! پیاوترە ئادی. شێرە شێر. حەمەڕەشیدخانە، تفەنگ دوولوولە عەجەمی هەڵگرت کردی بە قوولە...

لە "قوولەکەی"ڕا دەنگی کز کرد بەجۆرێك کە هەست دەکرا خەریکە بەو هۆنراوە حیماسییە لەو ساتەوەختەدا حەمەڕەشید خان دەبزیوێ و پرس و ڕاوێژی پێدەکا. ئەویش بەو ناوە لەزاران زەبەلاح، پڕ بە زاری مامەحەسەن. مامە حەسەن زۆر حەزی لەوجۆرە نێوانەیە. حەمە ڕەشید، عەبدوولقادر،

عەبدوولڕەحمان و ... . تەنانەت ویستی نێویکی ئاوا زەلام، لە سامڕەندیش بنێ. حەمە حوسێن. بەڵام بۆ چەسپاندنی پێویست بوو لەگەڵ بژاردەی ئامۆژنم واتا مرادحاسڵ کێبەرکێ بکا. منالّی دووسالانەی خزمێك کە بە نێو بابم نێونرابوو بووە هۆی ئەوەی کە نێوی سامڕەند وەك تۆڵەئەستاندنەوەیەك بە نێو منالێکی تازەلەدایك بووی ئەو خزمە بکرێ و بەوجۆرە کێشەکە کۆتایی پێ بێت. دیار نەبوو داخوا لای حەمەڕەشیدخانیش ئەو هەستەی خۆی بۆ ئەو نێوە تایبەتانە درکاندبوو یان نا.

جارێك بە پاریزەوە کوتم: مامە فلان نووسەر دەڵێ سیخوڕی ئینگلیزییان بووە.

مامەحەسەن وەك ئەوەی هیچی دەگەڵ من پێ نەکرێ، خوارەوخوار لێم ڕاما: قسەی قۆڕ! هەرچی گوندار بوو بوختانێکی پێ دەکەن!

مامە حەسەن ڕای وایە بە هۆی ئالوگۆڕە خێراکانی کۆمەڵگا لە ڕووی جلوبەرگ و پۆشین، ئەستەمە ئیدی کەس بگاتە ستانداردی تایبەتی حەمەڕەشیدخان. غیرەت دە توێی پانتۆڵی عەجەمی دا قەتیس ماوە.

بۆم پرسیار بوو داخوا بۆ حەمەڕەشید خان ئێستا بۆ پرسێکی ئاوا گرینگ ڕاویژێکی یەکلاکەرەوەی ناداتێ، کە وا بکا بێ منەت چارەسەری خۆی بکا، هەڵبەت بە کردەوە.

دوابەدوای ئەو هێرشە و هێرشە پێچەوانەکەی بۆ چەند خۆلەکێك کەشەکە ئارام بوو وکەس هیچی نەدەکوت. مامەحەسەن ویدەچوو دەگەڵ حەمەڕەشید خان خەریك بێ و ئامۆژنم وەك ئەوەی چاوەڕوان بێ،

تاوناتاوێك سەیرێکی زەنگی دەرگای دەکرد و هەر بە ڕوانین پرسیاری هۆکاری وەدرەنگی کەوتنی سەردانیکەرانی لێ دەکرد. لەو کەشە بێدەنگەدا مارە ئاناکوندا زەردەکە لە تەنیشت چۆمەکەڕا خزییە نێو ئاوەکە و بەرەو ئەوبەری چۆمەکە ڕۆیی.

- بە وەحدانییەتی خودای، بەو قەبرەی ئەو کاکە جوانەمەرگەم سەری وێکردووە، ئەلێرە سەرت هەڵپسێنن کارم پێت نییە. نا بەسەری تۆ ئەو هەوایە نییە! نەڵێی بابمە خۆیم لەسەر بەکوشتن دەدا! بە ڕاپسان داپسان بتکێشنە دەرێ ناڵێم بۆ کوێی دەبەن!

دڵنیا نەبووم لەوەی کە یادکردنەوەی بابم و بەشداریکردنی لەو گرفتەدا بەوشێوەیە، بە دڵی حەمەڕەشیدخانیش بووبێ. لەوانەیە ئەو بڕیارەی دابێ هەتا بۆی یارمەتیدەر بێ، دوابەدوای ئەو بەرگری و هێرشە پێچەوانەی ئامۆژنم خۆ بدزێتەوە و بەجارێ ڕێی خۆی جیاکاتەوە. چونکە بەڕوونی دیار بوو پەشیمانە لەو هەوڵەی بۆ فراوانکردنی بەرەی شەڕ دابووی. لەو ساتەدا جۆرێك لە بێهەڵوێستی سەبارەت بە دەوروبەری تێیدا بەدی دەکرا بەجۆرێك کاتێك ئاناکونداکە قەپاڵی بە مەیموونەکە داگرت، هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. جاری جاران با، بەری دەستی بە توندی لە پێشڕانی ڕادەکێشا و خێراخێرا دەیکووت: دیتت؟دیتت؟ تەح چیلێکرد!

ئەو دۆخە دەروونییەی مامەحەسەن یارمەتیدەر بوو هەتا ئامۆژنم بێتە پێش و ڕاستەوخۆ هەوڵی دەورگێڕان بدات هەربۆیە وەك دەسپێك، کردمێ ئاماژە

و چاوی لێ هەڵتەکاندم. ئەمیش کە وەك پردی پەیوەندی بانگ‌کرابووم و بۆ تەواوی وردەکارییەکان ڕێنوێنی کرابووم، بەو شێوەیە دەستم پێکرد:

- مامە ئیجازەت لەسەرە لەدوای چەند کەسان بچم...

مامەحەسەن بەو داوایە تووشی حەبەسان بوو و بە کاردانەوەیەکی خێرا، وەك کارێکی پڕمەترسی ئەژماری کرد:

- نانا نەچی! نەڕۆیە دەرێ! بزانە بەوشەوەی پەندێکمان بەسەر ناهێنی، خەجاڵەتی کاکم بکەی.

کاتێك دیتم تەمای هێرشی نییە، وێرام و هێندێك زیاتر چوومە نێو بابەتەکە.

- مامە پێموانەبێ هیچ باس بێ. خۆ نەدەماننناسن نە بە ئێرە دەزانن. خۆ بە حەیاتی خۆیان ئەو گەڕەکەیان نەدیوە...
- ڕۆڵە خەڵکت پێ چییە! لەمێژە خەبەریان بۆ بردوونەوە. ئەوانە بۆ وەك ئێمەن. ئەوانە هەموو دنیای دەناسن. خودا دەزانێ ئێستا وەك دالاشی لەمێژە لەسەرمان قاسیدن. نایەڵم بچییە دەرێ. ئەوە بە حوسێنم کوتووە بەسە.

هیچ وشەیەکم بۆ کاردانەوەی شیاو نەبوو، وتەیەك کە یارمەتیدەری بەرنامەی ئامۆژنم بۆ خوڵقاندنی کەشێکی گونجاو بێ بە تایبەت کە لەوکاتەدا سامرەندیش خۆی هاویشتە نێو باسەکە.

- قاسیدی چی و شتی چی! بۆ کێن!؟ وەڵلا کەسیان بەو گەڕەکەی دانایە. بۆ وەدەزانی...

خۆتێوەردانی سامڕەندی بووە هۆی ئەوەیکە مامەحەسەن دوایین ڕستەکانی تایبەت بە ئیدانەکردنی دەرببڕێ:

- بێدەنگ بە بێدەنگ! ... مەخۆ! قازی مەراغەش لەو ... دەخوارد. جا وەرە پاش ئەوهەموو کوێرەوەری و چەرمەسەری ئەوە وجاخت بێ ئاوا خەجاڵەتی دنیا و قیامەتت بکا. ڕەبی ڕۆڵە بەزیاد نەبی. چۆنت ماڵ خەرا کردم. خۆ بەقەبری ئەو کاکەم سەری وێکردووە زانیبام خەریکی ... ئاوا دەخۆی هەربۆخۆم سەرم هەڵدەپساندی...

مامەحەسەن کاردانەوەی چاوەڕوەنکراوی خۆی لە ئەگەری زانینی ئەگەرەکان دەربڕیبوو و هیچ شتێك نەمابوو هەتا گەنگەشەی بکا و هەڵوێستی خۆی بەرامبەری ڕانەگەیێنێ هەربۆیە وردەوردە خەریك بوو لە حاڵەتی قەڵسی بێ سنووڕرا بۆ حاڵەتی ماڵوێرانی ئاوەژوو دەبۆوە.

لەوکاتەدا تەخت دانیشتبوو. دەستی ڕاستی لەسەر چۆکی چەقاندبوو. لاشانی چەپی بۆلای چۆکی بەردابۆوە و دەستی بۆ چەنەی کردبووە کۆڵەکە. جارناجارێك بای دەگووپان دەکرد و دەگەڵ وەدەرنانی سەری ڕادەوەشاند. هاش‌وهوشی زاری بێدەنگی ژوورەکەی هەراسان کردبوو. ئاناکونداکە تێری خواردبوو و هەر لەو شوێنەی مەیموونەکەی قووت دابوو وەرکەوتبوو. کەشەکە بۆ دووپاتەکردنەوەی داواکەم گونجاو نەبوو. بۆ دیتنەوەی هەلێك قاسید بووم کە لەناکاو زەنگی دەرگا کەشەکەی بەجارێ تووشی شڵەژان کرد.

- دینت ... ئەو چرایانە بکووژێنەوە، بەسەرمان وەربوون.

هەواڵنامەی کتێب

لە ئەنجامی ئەو ئاگادارکردنەوە لەناکاوەی مامەحەسەن، لەژێر سێبەری ترس و هاتوهاوار بە کوژانەوەی چراکان سەنگەری بەرگری قایموقۆڵ کران. ترسێکی قووڵ و تاریکییەکی مامناوەند ژوورەکەی تەنی. مامەحەسەن خۆی گەیاندە ڕێڕەوەکە و دەرگاکەی داخست. خۆی لە تەنیشتی دەرگاکە جێکردەوە و وەك نیشانەشکێنی چاك سێرەی گرت. پشتی بە دیوارەکە وەبوو و هاو کات ملی بردبووە ڕاستی شووشەکە و زۆر بە پارێزەوە لێی دەڕوانی. هەردووك دەستی بە لادیوارەکە وەبوو. دەستێکی بەتاڵ بوو ئەویدیکەی بە توندی کۆنترۆڵی تەلەویزیۆنەکەی گرتبوو. ویدەچوو بەتەمابێ وەك چەکی سارد، کەڵکی لێوەرگرێ. دەرگا و پەنجەرەکان ئەگەرچی هەموویان نەردەیان هەبوو بەڵام دڵنیاییان نەدەبەخشییە مامەحەسەنی، هەربۆیە تاوناتاوێك چاوێکی ترسەنۆکانەی لە دەلاقەی ڕووناکی میچی هاڵەکە دەکرد. وێدچوو وەك پانێی ئاشیلی قەلاکەی سەیری بکا.

ئامۆژنم دەگەڵ کچەکانی لە پشت دەرگای هاڵەکە، بە ڕیز خۆیان حەشاردا. ئامۆژنم هەردووکیانی وەك قوماری دایە مەمدە بە گورگە لە پشت خۆی جێکردەوە. بۆ دڵنیایی زیاتر دەستێکیشی بۆ کردنە قەڵغان.

سەرنجڕاکێشترین کاردانەوە تایبەت بوو بە تاوانباری سەرەکی ئەو بارودۆخە. سامڕەند وەك بەرگرییەکی غەریزی، بن دیواری کورتی چێشتخانەی بە باشترین شوێن بۆ خۆحەشاردانی هەڵبژارد و خۆی لە ئەگەری هەر تێکهەڵچوونێك پەراوێز خست. ئەگەرچی بۆبەرگری ناچاری، شتێکیشی بەدەستەوە بوو بەڵام بەهۆی ئەوەیکە شوێنی هەڵبژێردراوی لەو

نیسکە ڕووناکییەی شاشەی تەلەویزیۆنەکە بێبەری بوو، بۆم مەعلووم نەبوو دەبێ چی بێ.

ئەو هەموو بەرگری غەریزییەی ئامادەبوان کاری کردە سەر ورەی منیش و بەبێ ئەوەی بزانم بەڕاستی بۆ دەبێ ئاوا سەنگەر بگرین، هەڵوێستم گرت و وەك باشترین هەڵبژاردە پرم بە گوڵدانێکی چکۆلەی پڕ بە دستم داگرت و بۆ هاویشتنێکی کاریگەر، ئامادەم کرد. هیچ ڕێگای ئەوە نەبوو بەو تاریکییە هەڵوێستی ئامۆژنم لەسەر ئەو جۆرە کەڵکوەرگرتنە لە گوڵدانەکەی بزانم. خۆ ئامادەکردنەکە غەریزی بوو.

زەنگی دەرگا دووبارە و چەند بارە بۆوە بەڵام بەردەوام بوونی مامەحەسەن لەسەر ئەرکەکەی، ڕێگر بوو لە ئەگەری ئاڵوگۆری پێگەکانمان و چۆلکردنی سەنگەرەکان. کاتێك مەودای نێوان زەنگ لێدانەکان کورتتر بۆوە، ترسی منیش قووڵتر بۆوە. خۆم بۆ ئەگەرە سەختەکان ئامادە کردبوو و لەپشت دەرگا داخراوەکان، چاوەڕێی وەیەککەوتنێکی سەختم دەکرد. لەناکاو لە گەرمەی ئەو بێدەنگی و چاوەڕوانییە پڕ لە ترسەدا مۆبایلەکەم لە تەنکەی گیرفانمڕا، بە دەنگێکی تۆقێنەر، هەواڵی گەیشتنی کورتەپەیامێکی پێدام. هەمووومان لە ڕاچڵەکاندا هاوئاهەنگیمان هەبوو هەربۆیە سرتەی ئاماڵ زیڕەی مامەحەسەن، ڕایسپاردم کە بۆ پێشگرتن لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی، بەجارێ دەنگی لێ ببڕم. کاتێك دەرمهێنا کە بیکووژێنمەوە، ئەگەری هەواڵێکی خۆش کە ئەو ترسەمان برەوێنێتەوە، هانی دام بزانم چ بوو.

- دەتهەوێ ببی بە خاوەنی سیمکارتێکی نوێ؟ هەر ئێستا پەیوەندی بکە بە ئەستێرە...

بە قەپاتکردنی مۆبایلەکە، هەستی بێزاری و پێکەنینم سەرلەنوێ چوونەوە ژێر سێبەری ترسێك کە بەڕاستی نەمدەزانی بۆ چییە بەڵام کەشەکە بە زۆرەملی بەسەریدا سەپاندم.

زەنگی دەرگا تەواو بوو بەڵام ترسی کەسمانی نەڕەواندەوە بگرە زیاتریشی کرد تا ئەویکە لە ئاکامدا بە هاواری مامەحەسەن گەیشتە لوتکە:

- دینت ... خەریکن وەسەر دەرگای دەکەون.

ئەو وتەی مامەحەسەنم بە دڵنیاییەوە دوولەسەرسێی ئادێرناڵینی هەموو تەمەنمی خەسار کرد. بۆ کاردانەوەی شیاو بەو ئاگادارکرنەوەیە هەوڵی خۆم چڕترکردەوە. بە ترسەوە بەجۆرێك گوڵدانەکەم ئامادەی هاویشتن کردبوو کە هەستم بە ئازاری قامکەکانم دەکرد. دەستی چەپەشم بێکار نەبوو و بە توندی مۆبایلەکەمی دەکوشی. دەمارەکانی پشت ئەستۆم کاری سەرەکی خۆیان لەبیرچووبۆوە و لەجیاتیان ببوون بە لەتە ئاسن. بەپێچەوانەی هەموویان، بەبێ هیچ هۆیەك تەنیا ئەمن بووم کە ڕاست بەرامبەری دەرگا، ئامادەی هاویشتن، وەستابووم. هیچ جۆرە ئەگەرێکم جگە لە بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار پێشبینی نەدەکرد.

لەو کاتەدا کە هەموو ئەندامەکانی جەستەم لەسەر ئەو مەترسیلەناکاوە خورببوونەوە، لەرزینی مۆبایلەکەی دەستم بۆ پێدانی هەواڵی پەیوەندییەك، بە جارێ زراوی بردم. هاوکات کە یەك بە ژوورەکە زیڕاندم،

گوڵدانەکەی دەستیشم بەهەموو هێزەوە فڕێدا. ئەو کاردانەوەی من، کاردانەوەی زۆر توندتری لە لایەن هاوسەنگەرانم لێکەوتەوە بە جۆرێك یائەڵڵا یائەڵڵای مامەحەسەن وەژێر زیڕە و هاتوهاواری ژنان کەوت.

بۆ چەند چرکەیەك بەبێ ئەوەی دەرفەتی ڕوونکردنەوەم هەبێ بینەری کاردانەوە سەیرەکانی ئامادەبوان بووم. بەبێ سەرنجدان بە هۆکاری ئەو کارەی من، بۆ ئەملا و ئەولا هەڵدەهاتن. ژن و پیاو لەخۆڕا دەیانزیڕاند. بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە هیچم بۆ نەدەکرا و تەنیا سەیرکەر بووم تا ئەویکە مامەحەسەن بە هەستپێکردنی ئەو مەترسییە کە خۆحەشاردانی لێ ئاشکرا دەبێ، هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکەی دا.

- بێدەنگ بن خودا عەزەبتان لێگرێ! ئەو شارەمان تێگەیی!

دوابەدوای گرتنەوە دەستی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە، مامەحەسەن کە بە سەرچاوەی ئەو ئاڵۆزییەی زانیبوو، بە سرتەیەك کە زۆرتر لە گوڕاندن دەچوو سەرکۆنەی کارەکەی کردم.

- بۆ وادەکەی جەرگت خەرابێ. مۆبایلێك زەنگی خواردووە. بۆ خەریکی شێتمان بکەی.

تاریکی یارمەتیدەرم بوو شەرمم بشارمەوە و دووبارە حاڵەتی بەرگری بگرمەوە. ویستم وەك پاکانەیەك بۆخۆم، لەچارەنووسی ئەو هێرشکارانە بپرسم کە مامەحەسەن هەوڵەکەیانی بۆ وەسەر دیوارکەوتن ئاشکرا کردن بەڵام پەیوەندی دووبارەی مامەحوسێن ڕێگر بوو.

- بیکووژێنەوە ئەو سەگ‌تێڕیاوەی!
- مامەحوسێنە!

مامەحەسەن کەمێك وەستا. ویدەچوو لە کاری دروست لەو کاتەدا دڕدۆنگ بێ.

- نەکا هاتبێ؟

چاوەڕێی ئەمری مامەحەسەنم بۆ وڵامدانەوەی پەیوەندییەکە نەکرد.

- بەڵێ مامە.
- ئەو دەرگایەی بۆ ناکەنەوە؟
- دەرگای کوێ مامە؟
- دەرگای کوێی چی! وەرە ئەو دەرگایەی بکەوە.

مۆبایلەکەم بە لاچاومدا داچۆڕا خوارێ.

- مامەحوسێنە لە زەنگی دەرگا دەدا.

ئەو هەواڵە ئەوەندە کاریگەر بوو کە هەروەك چۆن نەمزانی چرا چۆن کووژانەوە، هەرواش نەمزانی چۆن هەڵبوونەوە و تەنانەت دەرگاش چۆن کرانەوە.

مامەحوسێن کاتێك هاتە ژوورێ، بەسەر مەیدانی شەڕێ داکەوت. ئەو مەیدانەی ئەرزەکەی بە لەتە گوڵدان و وردەخیز نەخشا بوو. چوار دەوری

هەواڵنامەی کتێب

مەیدانیش هێندێك شەڕکەری شاگەشکە بە دیتنی، بە چەندین جۆر چەکی ساردەوە ڕاوەستا بوون.

- ئەوە چییە؟ چ باسە؟ کاکە چۆنی؟ دا ڕۆڵە ئەو ژێرسیغارەم بۆ بێنە. چۆنی براژن؟

بەخۆشحاڵێوە مامەحوسین بۆ وڵامی پرسیارەکانی پێداگر نەبوو. کەشی ژوورەکەش هەستیاری نەکرد. ئەوەندەی کوت و بەبێ هەستپێکردنی ترسەکەمان چوو بەرامبەر بە مامەحەسەن دانیشت.

ساڵانێکی زۆر بوو کەس زاری مامەحوسێنی نەدیتبوو. سمێڵەکانی ئەوەندە زل بوون کە دەنکدەنك هەتا قولایی بن لێوی خوارێی دەهاتن. هەمیشە بە مۆڕەوە قسەی دەکردن هەربۆیە قەت ئەوەندەی زار نەدەکردەوە وشەکانی پێ تەواو بکا. سیگارەکەی بەنێو سمێڵە زلەکانیدا دەبردە نێو زاری و هۆشی دەڕۆیی. لەسەد پرسیاران یەکی وڵام نەدەداوە. لەسەر وڵامی هیچ پرسیارێکیش ڕانەدەوەستا.

- کاکە ئەو چرایانەتان بۆ کوژاندبوونەوە؟ دا ڕۆڵە چایەکی بێنە.

مامەحەسەن ویستی حاشا لەو ڕاستییە بکات هەربۆیە هەستی سەرسوڕمانێکی قووڵی لەسەر دەم و چاوی نەخشاند.

- چرا؟! چرای چی؟!

مامەحوسێن هاوکات کە خەريك بوو سوراغی پاکەتە سیگارەکەی لە گیرفانە زۆرەکانی شاڵوارەکەی دەکرد، بەبێ ئەوەی لەسەر وڵامی پێویست پێداگر بێ هەروا لەسەر لێوان کوتی:

- لەسەر دەرگاڕا چاوم لێکرد هەموويان کوژابوونەوە.

مامەحەسەن کەڵکی لە پێداگر نەبوونی مامەحوسێن وەرگرت و کوتی:

- ئەو چرایەی دەرێ هەروایە لەخۆڕا دەکوژێتەوە.

ئەو درۆیە بەشی مامەحوسینی دەکرد و بۆ ئێمەش ئاگادارکەرەوە بوو کە باسکردنی ترسی مامەحەسەن بڤەیە.

مامە حوسێن بە ئاسانی بەسەر ئەو وڵامەشدا تێپەڕی. لەڕاستییەکەی هەستیار نەبوو و لە گەڕانی خۆی بەردەوام بوو. سێ‌چوار گیرفانی پشکنی هەتا پاکەتە سیگارەکەی دیتەوە بەڵام چەخماخەکەی دیار نەبوو. بەپێچەوانەی ئەوەیکە بەوجۆرە شاڵوارەی مامەحوسێن دەبەریدەکا دەڵێن شەش گیرفان، شاڵوارەکەی مامەحوسێن بێجگە لەو دوانەی پشتەوەی، شەشی هەر لە پێشێ هەبوو و گەڕانی هەموو ئەو گیرفانانە بۆ دیتنەوەی چەخماخێك، دە حەوسەلەی مامەحوسێن‌دا نەبوو.

- دا ڕۆڵە شەمچەیەکم بۆ بێنە! ڕۆڵە بۆ لەوێ ڕاوەستاون؟ بۆ نایەن دانیشن؟

مەودای نێوان دوو شارانی بە ماتۆڕ بڕیبوو هەربۆیە کۆتەکەسکەکەی هەتا بن چەنەگەی داخستبوو. دەگەڵ دانیشتنی دایکەند و لە هاوڕێیەتی

شاڵوارە هاوڕەنگەکەی دایبڕی. پشت ملی گرت و لە تەنیشت خۆی درێژی کرد. لاقێکی خستە بن خۆی و ئانیشکی لەسەر پشتییەکە دانا.

- ئەریّ ئەو خیزە بۆ ڕژاوە؟

مامەحەسەن چاوێکی لەمن کرد و دەگەڵ مل سوڕاندنەوەی سەری هەڵتەکاند کوتی:

- پشیلە هاتبووە ژووریّ ئەو گوڵدانەی بەرداوە.
- بەیانە ئەو ژێرسیگارەت نەهێنا؟ چۆنی کاکە چ دەکەی؟

مامەحەسەن کە کۆنترۆڵی تەلەویزیۆنەکەی هەربەدەستەوە بوو و خەریك بوو ڕایدەژاند، لێوی هەڵقرچاند. دەپێشدا بەتەما بوو شتێك بڵێ بەڵام لە درێژەدا تەنیا سەرێکی ڕاوەشاند.

هاتنی مامەحوسێن چاوەڕوانکراو بوو و وێدەچوو بۆ ورەی مامەحەسەن، لێکەوتەی باشی هەبێ بەڵام مامەحوسێن لەسەرەتادا کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو و بە ئێشتیا خەریك بوو لەنێو ئاپۆرەی دەنکە سمێڵان، هەڵکێش داکێشی بە سیگارەکەی دەکرد.

- براژن کچە لە کوێیە؟

ئامۆژنم خەریك بوو ئەوپەڕی داخ و حەسرەتی خۆی بە دەمولوتی نمایش دەکرد و دەیهەویست بە تراژێدییایەکەوە ناونیشانێك بدرکێنێ کەچی بەهارە دەرفەتی پێنەدا و لە دەربڕینێکی لەناکاو ماڵە خاڵە ئەحمەدی، وەك شوێنی بووکەخان دیاری کرد.

دیار نەبوو داخوا مامەحوسێن سەرنجی لەسەر ئەو وڵامە بوو یا نا، چونکە دوابەدوای پرسینی نیگای گوازتەوە و سەرلەنوێ بە مژێکی قووڵ نێوزگی سیگارەکەی هەڵکێشا.

کاتێکی زۆری بە ئەوجۆرە پرسیارە لەناکاوانە تێپەڕکرد. بەش بە حاڵی خۆم زۆر هیوام نەبوو بەوجۆرە لێکۆڵینەوەی مامەحوسێن لە چۆنییەتی ڕووداوەکە، بەمزووانە بە ئاکامێك بگەین، هەربۆیە بۆ تاوێك لە مەودای نێوان ئەو پرسیارە جەڵناجەلانە سەرم خستە سەر مۆبایلەکەم. نوقمی دنیای دیوی شەپۆلەکان بووم کە نەڕەی مامەحوسێن سەرلەنوێ بۆ دنیای ڕاستی پەلکێشی کردمەوە.

- کاکە! ئەوە بۆ وا بەجارێ هەڵوەشاوی! کوڕە بێبەڵا بی، غیرەتێ بدە بەر خۆت. لەچی دەترسێی؟ کێ دەوێرێ چاوت لێبکات! بە گیانی ئەو دایکەم هەچی بڵێ لەل شڕودڕی دەکەم ...

ئەو هاوسۆزی تایبەتەی مامەحوسێن هەر ڕۆژێکی دیکەبا نەتەنیا کەسی وەجۆش نەدێنا بگرە دەکەوتە بەر لۆمەی مامەحەسەنیش بەڵام ئەوشەوە بۆ عیلاجی لاسەنگی هێز و ورەدان زۆریش کاریگەر بوو.

وتارەکانی مامەحوسێن هەمیشە پسانی لەناکاویان دەگەڵ بوو. لەپڕا قسەکەی خۆی دەبڕی و دەیبردە سەر بابەتێکی تەواو جیاواز. ئەوجارەش بە کردەوە ڕێڕەوی باسەکەی گۆڕی. دەپێشدا بە دەستێك، دواتر بە هەر دوو دەستان، هەشت گیرفانی شاڵوارەکەی و دوو گیرفانی کۆتەکەی پشکنی. کاتێك ئەوەی دەیویست نەیدیتەوە، دوو گیرفانە چکۆلەکەی سەر

قۆڵی کۆتەکەشی گەڕا. وا دیار بوو دەویشدا نییە. چاوێکی بە شوێنی پێوانی خۆی، لەدەرکی هاڵیڕا هەتا جێی دانیشتنی گێڕا، دیسان هەر هیچی بەرچاو نەهات. نەیکوت لە چی دەگەڕێ دەنا خۆشحاڵ دەبووین یارمەتی بدەین. تاوێك ڕاما پاشان دەستی ڕاستی بۆ سینگی برد. لە نێو گیرفانی کراسە ڕەشەکەی دیتیەوە. دەریکێشا و وەك ئەوەی یەکەم جار بێ دیتبی، لەسەر بەری دەستی سەیریکی کرد. دووسێ جاری لەسەر بەری دەستی هەڵاویشت. هەموو جارێ زرینگەی تێکەڵ بە زرینگەی ویکەوتنی دەگەڵ ئەنگوستیلە زەلامە نگین شینەکەی دەبوو. چاوێکی لە سامرەند کرد چاوێك لە من.

- دا هەستە ڕۆڵە بڕۆ ئەو ماتۆڕەم بۆ بێنە ژووری.

ئەگەرچی وەك دەزانرا، هۆکاری ئەو داواکارییەی مامەحوسێن هۆگری لە ڕادەبەدەری بە ماتۆڕەکەی بوو و هیچ باس لە ڕەچاوکردنی باری ئەمنی نەبوو بەڵام بە بیستنی وشەی حەوشە، مامەحەسەن قوت بۆوە. چاوێکی لە مامەحوسێن کرد چاوێك لە من. ویدەچوو پێی عەیب بێ باسی ترسی خۆی و ڕەچاوکردنی پرۆتۆکۆلە ئەمنییەکان بکات هەربۆیە بە پارێزەوە کوتی:

- زوو بیهێنە ژووری، دەرگاکەش زوو داخە!

پێموانییە مامەحوسێن هیچ ئاگاداری ئەو دڵەڕاوکەی مامەحەسەن بووبێ چونکە دوابەدوای ئەو کوتی:

- بزانە پاکەتێکیشم وینیستۆنی سپی بۆ ناکڕی.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوجار مامەحەسەن پاریزی وەلانا و کوتی:

- جارێ ماتۆڕەکەی بێنە ژووری، لە سیگاری گەڕێ!

مامەحوسێن هیچی نەکوت. هەربەو دەستەی سیگارەکەی پێبوو، پاکەتە سیگارەکەی کە لەبن شەمچەکەی لەتەنیشت خۆی دانابوو، دەستدایە. یەك دوو کەڕەتی هەڵتەکاند و بە کەلێنە کراوەکەیدا لە سیگارەکانی نێو پاکەتەکەی ڕوانی. وێدەچوو خەریکە بە لێوە شاراوەکانی دەیانژمێرێ. هیچی نەکوت. پاکەتەکەی لە جێی خۆی داناوە. سووتە سیگارەکەی لەسەر ژێرسیگارەکە تەکاند و سەرلەنوێ بۆ زارە شاراوەکەی بردەوە. بەوجۆرە دڵنیا بووم کە قسەکەی مامەحەسەنی قەبووڵکردووە و سیگاری ناوێ.

پێموایە بەهۆی مانی ئاسەواری ئادیڕناڵینی کاتی لەدەرگادانەکەی مامەحوسێن لە خوێنمدا بوو کە بە ئەوپەڕی ترسەوە چوومە حەوشەی. هەموو پرۆتۆکۆلە ئەمنییەکانم بە پێی ستانداردی مامەحەسەن ڕەچاوکرد. بە ئەسپایی دەرگای حەوشەم کردەوە، هەر ئەوەندە کە بۆ سووکەسەیرێك سەرم تێوەبچێ . وەك ئامادەکاری بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، پەنجەی پێم وەبەر دەرگاکەدا و کردم بە دیرەگ، بۆ ئەوەی ئەگەرکوو هێرشکارانی خەیاڵی مامەحەسەن، کەمینیان کردبوو و ویستیان لەپڕڕا خۆ دەژووری باوێن، نەتوانن بە ئاسانی خەتی یەکەمی بەرگری تێکبشکێنن. بە هەردوو دەستم بە هەموو هێزەوە دوو تای دەرگاکەم گرت. بۆ ئەوەی لە هەرجۆرە مەترسییەك ئاگادار بم، زۆر بە ئەسپایی سەرم بە دیوی کۆڵان داگرت. بەرامبەرم هیچ باس نەبوو. هەر بەو لەتەسەرەی کە لە دەرێ بوو، سەیرێکی

بەری ڕاستی کۆڵانم کرد. لە هاتوچۆی سەر شەقام زیاترکە لە مەودایەکی دووررا دیار بوو، هیچ جووڵەیەکی ترم بەدی نەکرد. هەروا بە ئەسپایی سەرم بۆ لای چەپی کۆڵان سووڕاندەوە.

- ئەوە دزێ دەکەی؟

بۆ بەرگری غەریزی لەوکاتەدا، بەخێرایی سەرم هێناوە ژوورێ بەڵام غەریزەم بەراوردی ئەندازەی پێویستی کەلێنی دەرگای بۆ تێپەڕبوونی ئاوا خێرای کەللەسەرم نەکردبوو هەربۆیە دەپێشدا، پشت ئەستۆم دوایە لاچاوم و بۆ تەواو بوونی دەربازبوونەکەم پشتەسەرم بە ئەوپەڕی توندی دە دووتای دەرگاکە کوتا. بەڵام هەموو خەساری دەربازبوونم هەرئەوەندە نەبوو. ئەو پەنجەپێیەی کردبوومە دیرەگی بن دەرگاکە، بوو بە گرێپووچکە و لە کاتی پێویست ڕەها نەبوو. نەتەنیا بووە لەمپەر لەبەردەم بەراوردی غەریزیم بەڵکۆ ژانی سووڕانی خۆشی، تێکەڵی ژانی سەر و ملم بوو.

- خودا غەزەبت لێگرێ کەرەشێتە. کوشتمت.

ئەگەرچی ئەوپەڕی ڕق و بێزاری خۆم بەو ڕستەیە ئانگژای نەجیبە کرد بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. هەڵبەت سروشتی بوو. دەمهەویست ئاکامی ترسی خەیاڵی خۆم باوێمە ئەستۆی شێتێك.

ئێستا دەرگاکە بەتەواوی کرابۆوە. خەریك بووم شوێنە ژاناوییەکانم بە دەستڕێخستن دەرمان دەکرد و ئەویش بەبێ هیچ جووڵەیەك سەیری دەکردم. هەردوو کلکی لێچکە سوورە قوڵەکەی کێشا و گرێکەی توندکردەوە. هەر ئەوکارەی کە دەگەڵ هەموو چاوتروکاندنێکی خۆی،

جارێکی دەکرد. سەدان جارم بەوشێوەیە لەبەر دەرگاکەیان دیتبوو بەڵام قەت وەبەرچاوم نەهاتبوو.

ترسم کە لەبەر ئازاری لەشم نەختێك کاڵ ببۆوە، بە تۆزێك هێدی بوونی ژانەکەم، سەرلەنوێ بووە بە هەستی سەرەکیم. بەپەلەپەل و شەلەشەل دەرگام کردەوە. ماتۆڕەکەی مامەحوسێن بۆ هەڵکردن نەدەبوو. ئەوەندە پان و زەلام بوو، بۆم تاقەت نەدەکرا. دەستم بە فەرمانەکەی گرت بۆ ئەوەی بە پاڵپێوەنان بیهێنمە ژووریَ.

- ئەو ماتۆڕەی دەدزی؟

ترسم دەرفەتی ئەوەی پێنەدام ئەو پەیوەندییە ناسکەی پرسیارەکانی نەجیبە شێت هەست پێبکەم. بەخێرایی ماتۆڕەکەم هێنا نێو حەوشەکە هەر بەو خێراییەش ویستم دەرگاکە داخەمەوە.

- ئەوە ژنی پێ دێنی؟

لەو بارودۆخەدا ئامادەی هەموو ئەگەرێك بووم جگە لەو کورتە پرسیارانەی نەجیبە هەربۆیە بە قەڵسی وڵامێکی شێتخافڵێنم داوە.

- بەڵێ، هەڵبەت ئەگەر ئیزنت لەسەربێ.

دەموچاوی کە لەبەر شۆقی چرای کۆڵان سوورییەکەی هەر دیار بوو، هیچ ئاسەوارێکی لە هیچ جۆرە هەستێك نمایش نەدەکرد. زەق چاوی تێبڕیبووم.

- لە کوێی دێنی؟

هەواڵنامەی کتێب

ئەمن کە دەرگاکەم ئامادەی داخستن کردبۆوە و بۆ هەڵسەنگاندنی دوایین بارودۆخی کۆڵان سەرێکم بە کۆڵان داکردبۆوە، لە وڵامی ئەو پرسیارەی نەجیبەدا بە گاڵتەوە کوتم.

- ئەگەر خودا ڕاست بێنێ، ئیشاڵڵا لەوبەری.

وێدەچوو بزماری بەستنی نەجیبە بە بەردەرگاکەیان ترسی ڕفاندنی بێ چونکە پرسیاری ژن هەڵگرتنی لە هەموو کەس دەکرد. بە درێژایی ڕۆژ لەبەر ئەو دەرگایە دادەنیشت. لێچکەیەکی قوڵەیان لەسەر دەنا و کراسێکی سنەیی فشی پێنج‌کەسیان دەبەر دەکرد. جگە لە توندکردنی گرێی لێچکەکەی، هیچ جووڵەیەکی دیکەی نەبوو. تەنیا پرسیاری دەکرد. هەرچی کوترابا ئەو هەر پرسیاری دەکرد. پرسیاریشی بە پرسیار وڵام دەداوە. هەموو پرسیارەکانی کورتە پرسیار بوون. بە درێژایی ئەو چەندین ساڵەی بە هاتنیان ئەو گەڕەکەیان ئاوەدان کردبۆوە نەجیبە هەر بە یەك شێوە دەردەکەوت. تەمەنی سی بۆ چل ساڵ دەبوو. زۆر بێ ئازار بوو. هەرچەند کە بیرەوەرییەکی بەژانی بەمن بەخشی.

دەرگام داخست کە بچمەوە ژوورێ. دەگەڵ ئاوڕدانەوەم، جەستەی پان و وردی مامەحەسەن، کە بۆ چاودێری لەبەرچاوگرتنی پرۆتۆکۆلە ئەمنییەکان، بەبێ هەست‌وخوست هاتبووە دەرێ بەرامبەرم قوت بۆوە. بە دیتنی مامەحەسەن وا لەناکاو، ئەو وردە سوکناییەی بە داخستنی دەرگای حەوشە، هەستم پێکردبوو بەجارێ ڕەوییەوە و ڕمبێك هەڵبەزیمەوە.

- هەیها! نەخورێی زەلام!

ئەو مامەحەسەنەی کە تا کاتێك لەمەوبەر هێرشکارە خیاڵییەکانی بەسەر دەرگادا هاتبوونە ژووریّ، ئێستا بەوجۆرە لۆمەی ترسی منی دەکرد. کاتی ئەوەی نەبوو بەراوردکاری بۆ ڕادەی بەجەرگی مام و برازا بکەم بەتایبەت کە مامەحەسەن پاش ئەو لۆمەیەی، بە وردی خەریکی پشکنینی قفڵ و بەندی دەرگا بوو و هۆشی لەسەر من نەما.

چاودێری ئەمنی مامەحەسەن بەوەندە کۆتایی نەهات و پاش دڵنیابوونی لە داخرانی تەواوی دەرگاکە، هات و لە ناوەڕاستی حەوشەکە تاوێك وەستا. بەوردی لە کۆنەقەڵای باپیرمی ڕوانی، ئەو قەڵایەی کە بە بیانووی ئەوەیکە تەنیا یادگاری بابمە دەستی بەسەر داگرت. کەس نەبوو بڵێ ئەتۆ لە سێبەریشی تۆقیبووی یادگاری ئەوت بۆ چییە!؟

کوتی بەشەکەتان لێ دەکڕمەوە. هەزارتمەن هەزارتمەن هەوڵیدا پاکی بکا بەڵام ئەوەندەی درێژە کێشا کە هەزارتمەنی لە بانکەکانیش بە دەگمەن کەڵکی لێ وەردەگیرا.

ئەمن کە بە وەسیەتی باپیرم لەسەر بەشی بابم ببوومە بەش ئەو پاککردنەی مامەحەسەن بۆم ببوو بە پووڵی گیرفانم و ڕۆژگارم پێ ڕادەبوارد. کەچی بەوحاڵەشەوە نەیدەهێشت لەبیرم بچێتەوە کە چۆناوچۆن بوومە شایانی ئەو مووچە تاوناتاوە. هەمووجارێك دەگەڵ هەر هەزار تمەنێك کە دەیدایە دەستم، دەیکوت:

- ڕۆڵە ئەوە لەبەر دڵی بابم دەنا خۆ نە بە شەرع و نە بە قانوون ئەتۆ بەش نی.

کاتێك لە هەڵسەنگاندنی سیستمی بەرگری تەواو بوو بۆ چوونەژووری، بە سرتە هانی دام.

هێشتا پێمان دە ڕێڕەوەکەی پێش هاڵێ نەنابوو کە دەنگی وەستانی ماشێنێك، ڕاست لەبەر دەرگا، مامەحەسەنی تووشی ترس و دڵەڕاوکەیەکی قورس کرد. هێشتا نیوەم لە دیوی حەوشە مابوو کە خەریك بوو دەرگاکە دابخات. پیلی کێشام و ڕاپێچی نێو ڕێڕەوەکەی کردم. کەلێنێکی بە ڕادەی جێ گوێیەك هێشتەوە و هەر بەوێدا گوێی هەڵخست. بە سەختی پڕی بە تای دەرگاکە داگرتبوو و ئامادەی کاردانەوەی خێرا بوو. ئەگەرچی هەرچی ئەو دەیبیست، ئەمیش دەمبیست بەڵام ئاڵوگۆڕ و کاردانەوەکانی سەر دەم و چاوی زۆر لە دەم و چاوی بێ‌هەستی من جیاواز بوو. چاوەکانی بەردەوام بۆ خوربوونەوە لە دەنگەکە چکۆلە و بۆ سەرسوڕمان زەق دەبوون. بۆ دەنگە نزمەکان چکۆلە دەبوون و بۆ دەنگە زەلامەکە زەق دەبوون.

تەنیا چەند چرکەی خایاند هەتا دەنگە زەلامەکە، ئەوەندە بەرز بێتەوە کە بەبێ کەلێنی دەرگاش ببیسرێ. مامەحەسەن دەستبەرداری کەلێنی دەرگا نەبوو و بە سەرنج و سەرسوڕمانەوە لە گوێهەڵخستنی بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی دەنگە زەلامەکە دووئەوەندە بەرز بۆوە.

- کچم ئێرەیە ماڵی کاکەحەسەن؟

مامەحەسەن بە بیستنی ئەو دەنگە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی چۆنییەتی پرسیارەکە و یا کەسی پرسیارکەر بکات، قەڵەمی دەست و پێیانی شکا.

دەرگای بە توندی داخست و بە هاوار بەرەو دەرگای ئەوسەری ڕێڕەوەکە ڕایکرد.

- حوسێن! ماڵم خەرابوو! بگەیە پێوەربوون.

ئەو کاردانەوە پڕ لە گومانەی مامەحەسەن بەجارێ کاری کردە سەر منیش و بوومە هاوبەشی ترسەکەی. ترسەکەم دەرفەتی ئەوەی پێ نەدام لە چۆنییەتی پێوەندی پرسیاری ژنێك بەو مەزەندەیەی مامەحەسەن بکۆڵمەوە هەر بۆیە لە کێبەرکێیەکی لەناکاو، پێش مامەحەسەن کەوتم. لەو کێبەرکێیە دوو میترییەدا، زووتر خۆم گەیاندە دەرگاکە و بە پڕتاو کێشام. مامەحەسەن کە تەمای دواکەوتنی لەو کێبەرکێیەدا نەبوو ڕاست لەوکاتەدا سەری گەیشتە ئاستی دەرگاکە و خێرایی جووڵەی، بەروپیلی خێرایی کرانەوەی دەرگا چوو. بەم شێوەیە توندی وەیەککەوتنەکەی دوو هێندە بەرز بۆوە و هەرهەمووی لەسەر نێوچاوانی خڕبۆوە. تەواوی ئەو جووڵەو و هێزانە بەرەو نەمان ڕۆیشتن و هەموو تاقەتی خۆیان بە هەڵدڕانی نیوچاوانی بەتاڵ کرد.

- ئەی بابەڕۆ مردم!

هەموو مەودای ئەو دوو ڕستەیەی مامەحەسەن لە چەند چرکە زیاتر نەبوو هەربۆیە خەراپ تێگەیشتنێکی قووڵی لەسەر پێشوازیکەرانمان کە لە دیوی ژووریڕا، بەروپیلمان دەهاتن دانا.

یەکەم شت کە لە دیوی ژووریڕا هاتە دەرێ چەقۆ قاوەیی و زامندارەکەی مامە حوسێن بوو کە لە پێش ئەوی دەڕۆیی و خۆی بە دەستە ئەستوورە

بەهێزەکەی ئەسپاردبوو. چەقۆکەش دڵخۆشکەر بوو بەڵام گەیشتنی مامەحوسێن دوابەدوای چەقۆکەی دڵخۆشکەرتر بوو. بەغیرەت بوونی مامەحوسێن چ لەوکاتەدا و چ لەڕابردوودا هەمیشە یارمەتیدەری چاك بووە. هەڵبەت مامەحوسێن لەو چرکەساتەدا تاقە هێزی یارمەتی نەبوو و بەدوای خۆیدا گروپێکی تەیار بە هەموو جۆرە چەکی ساردی هێنا. ئەگەرچی جگە لە مامەحوسێن ئەوانیتر هەمووی هێزی ڕەشۆکی بوون و مەترسیدارترین چەکیان، پاشماوەی ئەو گوڵدانە کاشی شکاوە بوو کە تاوێك لەمەوبەر هەوڵی بەرگریم پێدەدا.

بەیەك گەیشتنمان لە بەر دەرگا و دیتنی نێوچاوانی خوێناوی مامەحەسەن، ڕێگر بوو لەوەی زانیاری ڕاستیان لەسەر دووبارە بوونەوەی سێناریۆی هێرشبەری خەیاڵی مامەحەسەن بدەمێ. هەربۆیە سیناریۆکە بەجارێ بوو بە ڕاستی و قوربانی خەیاڵیشی لێکەوتەوە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە نوێیە، دەستبەجێ هێزەکان بەسەر دوو گرووپدا دابەش بوون. ژنەکان ئەرکی ڕێکخستنی پشتی بەرەی شەڕیان وەئەستۆ گرت و بە شین و ڕۆرۆ خەریك بوون سەروچاوی مامەحەسەنیان دەسڕێوە و بکەری ئەو کارەیان بەلەعنەت دەکرد. پیاوەکان، هەڵبەت مامەحوسێن، کەڵاشی بەپێچەوانەی هەمیشە کە بەسەرپێوە دەکرد، دەبەرکرد و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت چووە دەرێ. سامڕەندیش بۆ یەکەمجار غیرەتی کرد و بە جەستەی باریك و لاوازی، وەك یەخترمە کەوتە دوای مامەحوسێن. خۆ حەشاردانی سامڕەند بەو جەستە باریك و لاوازەی لە پشت مامەحوسێن، هاوکات کە کیفە پووڵە زەلامەکەی لە

گیرفانی پشتەوەی شاڵوارە جینەکەی قوتەقوتی دەکرد، ڕێگر نەبوو لەوەی چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی مامەحوسێن ببینین.

هیچ ڕێگەیەکی شیاوی ئەو بارودۆخەم بۆ دەربڕینی ڕاستییەکە بەدی نەدەکرد. ترس بەجۆرێك هەموو سووچ و کەلێنی مێشکمی داگرتبوو کە نەمدەتوانی پەیوەندی سەرشکانی مامەحەسەن بە هێرشکارانی خەیاڵی ڕەتکەمەوە. زەنگی دەرگاش لەوکاتەدا ئەگەری ڕەتکردنەوەی کەمدەکردەوە. ئێستا ئەمیش هاوبەشی ترسەکەی مامەحەسەن بووم. هۆکاری سەرشکانیم لەبیرکردبوو و چاوەڕێی وەیەککەوتنی یەکلاکەرەوەم لەبەر دەرگای حەوشە دەکرد.

کاتێك مامەحوسێن گەیشتە ئاستی دەرگاکە، هێندێك وەستا و گوێی هەڵخست. بۆ ساتێك شین و ڕۆڕۆی ژنەگەل وەستا و سەرنجەکان چوونە سەر مامەحوسێن. دەنگی کۆڵان کپ ببوو. هەر ئەوەش گومانی زیاتر دەکرد. مامەحوسێن بە ئاماژەی دەست سامڕەندی بۆ پشت تاییکی دەرگاکا نارد. دەستی چەپی بە قفڵی دەرگاکە گرت. هەربەو دەستەی بە بێدەنگی قفڵەکەی کردەوە بەڵام دەرگاکەی نەکردەوە. بە ئاماژە، سامڕەندی کە ئێستا لەتکە خشتەیەکی بە دەستەوە بوو، ئامادەی کاردانەوە کرد. هەموو چاوەڕێی کاتژمێری سیفرمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت دەکرد. مامەحوسێن ڕاست بەرامبەری دەرگاکە وەستابوو. چەقۆکەی لە ڕاست گیرفانی شاڵوارەکەی بۆ هێرشێکی لەناکاو ڕاگرتبوو و ئامادەی کردنەوەی دەرگاکە بوو. زەنگی دووبارەی دەرگا و دەرگا کردنەوەی لەناکاوی مامەحوسێن هاوکات بوون. دەرگا کراوە و مامەحوسێن خۆی دە کۆڵان

هاویشت. ئەو دەستەی چەقۆکەی پێبوو بە پێچەوانەی ئەو شتەی پێشبینیمان دەکرد پاشەوپاش کشاوە و وەك ئەوەی شەرمێ بکا، خۆی لە پشت مامەحوسێن حەشار دا. مامەحوسێنیش سەری نەوی کرد و خۆی وەبەر ماچوموچدا.

- مەرحەبا کاکە حوسێن گیان. چۆنی دەسەرت گەڕێم. باشی کاکەگیان. ماڵ باشن. منداڵەکان چۆنن. قەوم و خێش؟ ماڵە برا؟ هەموو باشن شکور. یارەبی بەخێر بێی. خۆشکور باشی. ئیمانت بە نەسیب بێ. خودات لێ ڕازی بێ. مەرگی ئەولادت نەبینی. تەمەن درێژ بی. خۆ شکور باشی؟ لە نەخۆشی بەدوور بی. هەزارساڵ بی. دەسەرت گەڕێم. بێمزەڕەت بی کاکە گیان. ئیجازەیە خوشکە لەیلا؟

دیتنی برووسکەی پووڵەکەی سەر تاسکڵاوەکەی پوورەجەواهیر کە پاش ئەو چاكوخۆشییە مامناوەندە لە تەنیشت دەرگای حەوشە وەدیار کەوت، مزگێنی سەردانیکەری نوێی دا. بەڵام ئەو مزگێنییە تەنیا بۆ من هەبوو و هاوسەنگەرانم بە سەرسوڕمانەوە لە بابەتەکەیان دەڕوانی. بەتایبەت کە سەری خوێناوی مامەحەسەن وەك ئاماژەی بوونی مەترسی هەروا بوونی هەبوو. هێندێك نیگای پرسیارکەر لەلایەن ئامۆژنم و کچەکانی ئاراستەی من کرا بەڵام هیچیان بۆ ڕاست نەبۆوە. بەتایبەت کە پوورەجەواهیر بەجۆرێك ڕووی دە ژوورێ کرد کە دەرفەتی ئەوەی نەدا هێچ پرسیار و وڵامێك ئاڵوگۆڕ بکرێ. هەربۆیە لە هاوئاهەنگییەکی ڕانەگەیەندراودا بڕیارمان دا بەرەو پیلی سەردانیکەران بچین.

بۆ ئەهوەنبوونەوەی کەشەکەش بێ، هاتنی سەردانیکەر بەسوود بوو. کەشەکە ئەوەندە بێزارکەر بوو کە دیتنی پوورەجەواهیریش توانای هەبوو شاگەشکەمان بکات بەڵام لەوکاتەدا هۆکاری شاگەشکە بوونمان پوورەجەواهیر نەبوو.

پوورەجەواهیر لەو مەودایەڕا بەجۆرێك خەریکی پشکنینی پێشوازیکەرانی بوو کە سامرەندی لە پشت دەرگاکە نەدیت و یەکسەر ڕوویکردە ژووری.

- سەلام و عەلەیك خوشکە لەیلا. مەرحەبا خوشکێ. چۆنی؟ کاکەحەسەن چۆنە؟ ئاغای کوڕت؟ کچەکان؟...

پوورەجەواهیر وێدەچوو کە خەراپ لەو هروژمەی پێشوازیکەران تێگەیشتبێ چونکە ئەوپەڕی توانای خۆی لە دەکارکردنی ڕستەکانی چاكوخۆشی، خستە گەڕ بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەم هەموو ڕوویە گەشاوەیە بکاتەوە. سێ ماچی لە لاڕوومەتی هەموان کرد هەتا گەیشتە من.

- سڵاو بەقوربان. لە خودای بەزیاد بێ. خوشکە لەیلا ماشاڵڵا ئاغای کوڕت یەکە پیاوە!

پوورەزارا کە هێشتا لاڕوومەتی بە لاڕوومەتی سامرەندی وەبوو کوتی:

- نەنە! ئەوە کوڕەکەی کاکەمحەممەدمە.

پوورەجەواهیر بە بیستنی ئەو زانیارییە وەك ئەوەی خۆشەویستی چەند ساڵەی دیتبێتەوە پڕی بە ملم داگرت و ڕاپێچی دەم و لێوی کردم.

- ئەیارۆ! تۆی کوڕەکەی کاکەحەمە! باشی دەسەرت گەڕیم. دایکت باشە. چ دەکەی بەقوربان. باشی شکور؟ ...

هەموو ئەو ڕستانەی لە هاتوچۆی دەم و لێوی لە نێوانی هەردوو لاڕوومەتم دەکردن لە کاتێکدا ئەستۆشمی بە بارمتە گرتبوو. بە لەبەرچاوگرتنی ماچی ستاندارد کە بە سێ ماچ کۆتایی پێدێ، سەرم بۆ بەخێرهێنانی پوورەزارا و میرزاڕەحمانی بەرزکردەوە بەڵام تووشی ڕێگری پوورەجەواهیر هاتم و بە ناعیلاجی خۆم بۆ ماچی چوارەم و پێنجەم شل کرد. کاتێ کە دڵنیا بووم ماچکردن بە ستانداردی پوورەجەواهیری کۆتایی هاتووە، پوورەجەواهیرم بۆ مامەحەسەنی جێهێشت و سەرم بۆ لای پوورەزارا سووڕاند. هێشتا نیگام نیگای پوورەزارای نەدۆزیبۆوە کە هاواری پوورەجەواهیر، سیلەیڕوحمی لەبیربردمەوە.

- یا چل سوارەی غەیبی! ئای لە خۆم ماڵوێرانێ. سەرتاشراو خۆم! کاکەحەسەن گیان ئەوە چت بەسەر هاتووە؟

ئەو کاردانەوەی پوورەجەواهیر دەستبەجێ هاوبەشی هاوشێوە لە هاوارکردنی دۆزێوە و بەیەکڕا دەگەڵ پوورەزارا کردیانە هات و هاوار بەو جیاوازییەی کە پوورەجەواهیر تەنیا لە بازنەی سەرسوڕمان دەسووڕاوە بەڵام پوورەزارا لە بازنەی سەردەقوڕنان.

شینوڕۆڕۆی پوورەزارا زۆر زوو بەسەر وشەگەلی سەرسوڕمانی پوورەجەواهیردا زاڵ بوو و هێزی خۆی تێکەڵ بە هێزی ڕۆڕۆی خوشکە لەیلا و کچەکانی کرد. ئەوپەڕی خەم و پەژارەی خۆیان بۆ سەری شکاوی

مامەحەسەن دەربڕی بەجۆرێك کە کۆنترۆڵی دۆخەکە خەریك بوو لەدەست دەردەچوو. لەئاکامدا نارەزایی دەربڕینی مامەحوسێن لە شێوازی شینگێڕییەکە پەکی کارەکەی خست و باقی قۆناغەکانی پرۆسەکە، بۆ ژووریٚ گوازراوە کەچی لە ژووریٚ پوورەزارا بە تەنیا مایەوە و هەموو ئامادەبووان جگە لە میرزارەحمان و پوورەزارا بە گومانەوە لەسەری شکاوی مامەحەسەنیان دەڕوانی.

بۆ چەند چرکەیەك ئەو گومانە کەشی زاڵی ژوورەکە بوو هەتا مامەحوسێن کە بەجارێك گێژ ببوو کوتی:

- کاکە؟ ئەو سەرەت بەچی شکا؟

پێموایە بۆ شەرم لە دەربڕینی ترسەکەمان، دەگەڵ مامەحەسەن هاودەرد بووین هەربۆیە ئاڵوگۆڕێکی خەستی نیگامان کرد. لە ئاکامدا بەرپرسیارێتی وڵامدانەوەم، بە بێدەنگی خۆم، بە مامەحەسەن ئەسپارد.

- سەرم دەو دەرگایە کوتا.

مامەحوسێن کە وێدەچوو سەری لەو سەودایە دەرنەچیٚ، نیگای لە مامەحەسەن گوازتەوە و سەیری منی کرد. هاوکات کە چاوی لەسەر من بوو و لێم مۆڕببۆوە، پرسیارێکی دیکەی ئاراستەی مامەحەسەن کرد.

- دەرگای کویٚ؟ ئەدی بۆ هاوارت کرد؟

مامەحەسەن کە ئیشتیای لە درێژەدانی باسەکە نەبوو بۆ بەخێرهاتنێکی میوانان کە لەبەر دۆخەکە نەیکردبوو، ڕوویکردە میرزاڕەحمان و دەگەڵ سووڕانی، بە دەنگێکی زۆر نزم کە بۆ بیستنی پوورەجەواهیر نەدەبوو کوتی:

- چووزانم! دەنگیان دەهات ئیدی.

بەو کورتە وڵامە خۆی دەرباز کرد و ئەمنی بە تەنیا لە ژێر نیگای مۆنی پرسیارکەرانەی مامەحوسێن جێهێشت. مامەحوسێن بە سەر پرسیاری لێکردم و منیش بە شان وڵامم داوە. ویستی پرسیارەکەی دووپات کاتەوە کەچی پوورەجواهیر دەرفەتی پێنەدا و لە ناکاو قۆناغی دووهەمی چاکوخۆشی دەستپێکرد. هەموو ئەو شتانەی لە دەرێ کوتبوونی لە ژووری ئەوجار بەبێ ماچ دووپاتیکردنەوە. لە هەر چاکوخۆشییەك کە تەواو دەبوو، چەند پلە سمتی دەسووڕاند، ڕووی دە یەکی تر دەکرد و دەیکوت:

- دەی بابم گیان! ئەتۆ چۆنی؟ ...

میرزاڕەحمان مێردەپوورە سەنگین و شەرمێونەکەمان کە لەبەر نەڕڕەی زڕنەنکی، هێشتا نۆرەی سڵاو و چاکوخۆشی نەهاتبوو، بە لەقاندنی سەری ئاگاداری کردم کە گوێم بەرمە بەر زاری. گوێم بردە بەر زاری و دووسێ چرکە چاوەڕێم کرد هەتا وشەکانی پاکوخاوێن ئامادەی دەربڕین کردن.

- دەبەر دەستت مرم! بزانە خوارم ڕانەگرتووە بۆم ڕاست بکەی.

بۆ تێگەیشتنی وردتر گوێم لەبەر زاری گوازتەوە و چاوم دە چاوی بڕی. ئەویش هەر بەچاو ئاماژەی بە کلیلی ماشێنەکەی کرد کە بە قامکە سپییە باریکەکانی بستێکی لە سەر پانتۆڵە شەق و جوانەکەی بەرز کردبۆوە.

لە نێوانی ئەو هەموو ئەرکە جیاوازەی لەم چەند کاتژمێرەدا خستبوویانە ئەستۆم، بە دلنیاییەوە، کەم بەهاترینیان ئەرکی پشتڕاستکردنەوەی ئەگەری ڕەچاوگرتنی خەتی تەقارۆن لە لایەن میرزاڕەحمان بوو. دەپێشدا ویستم بە بیانووی ئەمنی، ئەرکەکە ڕەتکەمەوە بەڵام دەم و لێوی ئەوەندە بە سەنگینی دەبزووتن شەرمم کرد بڵێم نا.

بەوپێیەی ئەرکەکە وردەکارییەکی ئەوتۆی نەبوو، بۆ ڕاپەڕاندنی بەپەلە چوومە دەرێ بۆ ئەوەی بەپەلە بێمەوە ژوورێ. نەجیبە هەر لە جێی خۆی دانیشتبوو. سەرەتا بەبێ هیچ جووڵەیەك سەیری کردم چارەگەڕێکم بە دەوری ماشێنەکەی میرزاڕەحمان‌دا لێنەدابوو کە نەجیبە لە دەربڕینێکی لە ناکاودا کوتی:

- چاکی دەکەیەوە؟

هیچ کاردانەوەیەکم بەو کورتە پرسیارەی نەجیبە نەبوو، تەنانەت چاویشم لێنەکرد. جگە لە دڵەڕاوکێ، تەنیا هەستێك کە لەوکاتەدا توانای خۆنواندنی هەبوو، سەرسوڕمانم لە پاكوخاوێنی ماشێنەکەی میرزاڕەحمان بوو. تەگەرەکانی بۆ ڕەشی و خاوێنی کێبەرکێیان دەگەڵ کەوشە میرزاییە دەمباریکەکانی دەکرد.

لەپشتەوەڕا خەتی تەقارۆنم هەڵسەنگاند و چوومە پێشی کە سەرنجێکی ئەویش بدەم. دیسان نەجیببە کوتی:

- چاکی دەکەیەوە؟

چاوێکی سەرسەریم لێکرد و پشتم تێکرد بۆ ئەوەی پڕۆسەکە تەواو کەم بەڵام تەگەری پەنچەری ماشێنەکەی میرزاڕەحمان بەجارێ پەکی پەلەمی خست. تەنیا شتێك کە بە مێشکمدا هات شاردنەوەی ئەو گرفتە بوو چونکە بۆ میرزاڕەحمان پاراستنی ئامادەیی سەداسەدی ماشێنەکەی لە ناشتنی مردوو گرینگتر بوو، بەڵام نە دەموێرا خەریك بم و بیگۆڕم نە لەڕووم هەڵدەهات داواکارییەکەی کە سەداسەد لەمن دەبوو، ڕەتکەمەوە. لەوکاتەدا سەرم هەڵێنا و سەیرێکی کۆڵانم کرد، کەسم نەدیتەوە ڕاوبۆچوونی خۆمی پێبڵێم هەربۆیە ڕووم دە نەجیبەی کرد و کوتم:

- پەنچەر نییە کەم بایە!

چاوەڕێی نەجیبەم نەکرد هەڵسەنگاندنی کارناسانەی خۆییم پێڕابگەیێنێ، بەپەلە خۆم دەژووریَ هاویشتەوە. لەگەرمەی وتارە پڕحیماسەکەی پوورەجەواهیر، خۆم گەیاندە بن گوێێ میرزاڕەحمان و دڵنیایی تەواوم لە بابەت خەتی تەقارۆن دایە. ئەویش بە بزەیەکی زۆرسەنگین و گران دەستخۆشی لێکردم و دووبارە گوێ بۆ حیماسەی زڕنەنکی هەڵخست کە چۆن باسی دیتنەوەی ماڵە مامەحەسەنی دەگێڕاوە.

- زارا کوتی ئەمەیە بەڵام کوتم با بەم شەوە خەڵکی نەهارۆژێنین، لەخۆڕا لە دەرگای کەس نەدەین. کەنیشکێکی جوانیش لەبەر

دەرگاکەیان دانیشتبوو کوتم بڕێکی بدوێنم. ماشەڵڵا ئەوەندەش
بە حەیا وئەدەب بوو لەڕووی هەڵنەهات یەك قسەش بکات.

پوورەزارا وێدەچوو لە گومان خستنی پوورەجەواهیر لەسەر توانای بۆ ناسینەوەی ماڵی کۆنی بابی، قەڵس بووبێ، چونکە بە دەربڕینێك کە هەستی بێزاری پێوە دیار بوو کوتی:

- نەنە ئەوە شێتە شێت.

پوورەجەواهیر سەیرێکی پوورەزارای کرد، دەستی ڕاستی مست کرد و بە بەری قامکی گەورەیدا، وەبەر زاری دا.

- ئێ!! شێتە! خۆ بەخودای دەنا زۆریش وێچوو بوو.

پوورە زارا هەستی بێزاری خۆی بە نیگا، دەگەڵ میرزاڕەحمان کە خەریك بوو بە بزەیەکی داماوانە پاکانەی بۆ خۆی دەکرد، ئاڵوگۆڕ پێکرد.

بەپێی ئەو ناسیاوییەی لە میرزاڕەحمان هەمبوو پێموایە لەوجۆرە کاتانەدا ئەگەر ویستبای شتێك بڵێ دەیکوت:

- ئەتۆ گوێ مەدەیە خانم. خۆت ناڕاحەت مەکە. بڵێین چی!

خانم، پوورە زارا بوو. هەمیشە بەوجۆرەی بانگ دەکرد. ئەوەندە بەڕێزەوە دەیدواند کە زۆرجار بۆم پرسیار بوو بە ئەم هەموو شەرم و ڕێزەوە، لە کاتی پێویست چۆن بە خزمەت یەکتری دەگەن.

میرزاڕەحمان هەموو شتی تایبەت بوو. بەرگ و لیباسی زۆر لە ماشێنەکەی ڕێكوپێكتر بوو. هەمیشە کەواوپانتۆڵی زۆرجوانی کاری دەستی خۆی دەبەردەکرد. شەقی و ڕێكوپێکی جلەکانی سەرنجڕاکێش بوون. خەتی ئوتووی پانتۆڵەکەی ئەوەندە تیژ بوو، ببووە مەترسی لەسەر دڕانی فەڕشەکان. بەجۆرێك خەتی بەسەر خەتی دادێناوە کە وێدەچوو قەت لە تاقەجارێك زیاتر دەبەر نەکرابێ و قەت لە تاقەجارێك زیاتر ئوتوو نەکرابێ. هەر بەرگێك تاقەجارێك بە دیداری لەشی سپی تووکنی شاد دەبوو، دەبووە جێی سەرنجی بینەرانی بە تایبەت باپیرم کە هەموو جارێ دەیکوت:

- میرزاڕەحمان ئەوجار هاتێوە بەرگێکم لەو بەرگەی خۆت بۆ دێنی.

میرزاڕەحمان هەموو جارێ بە شەرمەوە دەیکوت بەچاوان بەڵام لە دووجاران زیاتر بەرگی بۆ باپیرم نەدروو و دواتر یا درەنگ دەهات یا بەرگی نوێی دەبەر نەدەکرد. پێموایە چونکە باپیرم بە پێویستی نەدەزانی دەست بۆ گیرفانی بەرێ.

میرزاڕەحمان لە پێش چاوی باپیرم هەتا ئەوساتەی مابوو دەوری قەرزداری دەبینی. هەڵبەت هیچ سەودایەك لە نێوانیاندا نەکرابوو و ئەوە تەنیا خەیاڵێك بوو کە کەیخوداکانی نێردراوی میرزاڕەحمان دە مێشکی باپیرمیان هاویشتبوو بەڵکوو ئامادەی نەرمی نواندن بێ.

سەرەتای ناسیاوی باپیرم و میرزاڕەحمان ئەوکاتە بوو کە باپیرم زانی میرزاڕەحمان حەزی لە پوورە زارایە. هەڵبەت بە دڵنیاییوە لە سەرەتادا هیچ پەیوەندییەکی ئەوینداری بوونی نەبوو تەنیا ئەوەندە نەبێ

میرزاڕەحمان جارێك ویستی خۆی، بۆ نۆکەری باپیرم، بە زاری لایەنی سێهەمەوە گەیاندبووە باپیرم. کەچی باپیرم وەك تایبەتمەندی خۆی لەمجۆرە کاتانەدا کوتبووی:

- سەگیسەگباب! جاچۆن ئیشتیای لە کچی منە. وەڵڵاهی بە دەرکم دابێ سەگی پێوەدەنێم.

بەوجۆرە شەش ساڵی ڕەبەق ئیشتیای لە میرزاڕەحمانی کوێرکردەوە و دەرفەتی نۆکەری پێنەدا. بەڵام میرزاڕەحمان زۆر پێداگر بوو و کۆڵی نەدا. دەگەڵ هەموو جێژنان چوار کەسی دەنارد. دواجار ئەوە نەنکم بوو کە باپیرمی بەو قەناعەتە گەیاند، پوورە زارا خەریکە قەیرە دەبێ و نۆکەریش وەچەنگ ناکەوێ لێیگەڕێ با بڕوا.

هەڵبەت بۆ باپیرم ترسی قەیرەکچیش نەدەبووە هۆی ئەوەیکە دەستبەرداری پێگەی نەگۆڕی بێ، هەربۆیە کەیخوداکانی میرزاڕەحمان بە ڕێنوێنی نەنکم میرزاڕەحمانیان وەك قەرزداری هەمیشەیی نێودێر کرد و بە پاراستنی پێگەی فەرمایشی باپیرم ڕەزایەتیان ئەستاند. هەر ئەو کاتەش بوو کە میرزاڕەحمان بوو بە میرزا. نەنکم هەرکەس پێنووسێکی دە گیرفانی سەرسینگی نابا میرزایەکی دەگەڵ دەخست.

مەیدانداری پوورەجەواهیر بۆ ساتێك ئەجێندای کۆبوونەوەکەی لەبیر هەموومان بردەوە. بۆ تەنیا ساتێکیش لە قسەکردن نەدەکەوت. سەیرترین بەشی هاتوهاوارەکەی چاك و خۆشییەکەی بوو کە تەواوی نەدەهات.

تەنیا کەسێك کە بە هیچ جۆرێك نەکەوتە بەر وتوویژی سەپێندراوی پوورەجەواهیر، مامەحوسێن بوو کە بە دڵنیاییەوە دە هەموو تەمەنیدا شەش ڕستەی بەردەوامی قسە، دەگەڵ هیچ کەس نەکردووە. هەر لە یەکەم ساتی دەستپێکی وتارەکانی پوورەجەواهیر، مامەحوسێن ڕووی وەرسووڕاند و خەریکی جگەرەکێشانی خۆی بوو.

پوورەجەواهیر لە قسەکردن بەردەوام بوو بەڵام وردەوردە تای بۆ وتوویژ لە کەمیدا و کەسی نەدۆزیوە. ئامۆژنم خەریکی دەرمانی سەری مامەحەسەن بوو و هیچ بۆ دواندن نەدەبوو. کچەکانی لە چێشخانە خەریك بوون. سامڕەند سەری خستبووە سەر مۆبایلەکەی و خێراخێرا دەینووسی. هەربۆیە بۆ ساتێك لە کوتن کەوت. خۆی بۆ پێشێ خوارکردەوە، هەردوو ئانیشکی لەسەر هەردوو چۆکی لاقە قەڵەوە خڕکراوەکانی دانا. سەری وەك کوند دەسوڕاند. لێوی خوارێی خستبووە سەر لێوی سەرێی. ویدەچوو لە هەلێك بگەڕێ بۆ ئەوەی کەسێك بدوێنی. سەری هەڵهێنا. نیگام دە داوی کەوت.

- کوڕەکەی کاکە حەمە! ئەرێ چەندوومی؟

تێمابووم دەبێ چی بڵێم کە پوورە زارا بە فریام گەیشت.

- نەنە چەندوومی چی! زانکۆشی تەواو کردووە.

پوورەجەواهیر هیچ کاردانەوەیەکی بەم وڵامەی پوورەزارا نەبوو و تەنیا لێم ڕاما. پێموابوو لەبەر ئەوەی کەس بۆ قسەکردن شك نابا، خەریکی دواندنی منە. بەڵام دواتر تێگەیشتم کە مەزەندەکەم ڕاست نییە چونکە نیگای

لەسەر من لابرد و هەرچۆن لەمن ڕامابوو، لە بەیانەش ڕاما. دواتر هاتەوە سەر من. دوایە سەرنجی داوە بەیانەی. پوورە زارا کە لەسەرەتاوە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی پوورەجەواهیری وەئەستۆ گرتبوو، وێدەچوو زووتر لەمن هەستی بە دەربڕینێکی نابەجێ لە لایەن پوورەجەواهیر کردبێ هەربۆیە دەرفەتی هیچ وتەیەکی پێنەدا و کوتی:

- دەگەڵ سامرەندی پێکەوەیان شیر خواردووە. سامڕەند شەش مانگ چکۆلەترە. ئیشاڵلا ئەمشەو سامڕەندی دامەزراو بکەین، نۆرەیەتی. ئەو خوشکانەشی دەبێ بۆی هەڵپەڕن.

پوورەجەواهیر بەو وتەی پوورەزارای هەستیار بوو. ئانیشکەکانی لەسەر چۆکەکانی هەڵگرت و پشتی ڕاست کردەوە. دیسان وەك کوند سەری سووڕاندەوە. نیگای زۆرانی پشکنی بەتایبەت میرزاڕەحمان، بەڵکوو سەرەداوێك بدۆزێتەوە بەڵام هیچی بۆ ڕوون نەبۆوە.

میرزاڕەحمان لەوکاتەدا لاقێکی بۆ بن خۆی خڕکردبۆوە و ئەوی تری چەقاندبوو. ئەو دەستەی کە تەسبیحەکانی پێبوو خستبوویە سەرچۆکی و ئەودیوئاودیوی بە دەنکەکانی دەکرد. ئەویش وەك زڕنەنکی بەردەوام سەری دەسووڕاند بەو جیاوازییەی کە نیگای بەر نیگای هەرکەس کەوتبا بزەیەکی دەهاتێ.

سێهەمین یا چوارەمین دەور بوو سەرەی بزەی میرزاڕەحمانم دەگەیشتێ کە زەنگی دەرگا ڕێگر بوو لە نیشاندانی بزەی شیاوی وڵامی بزەی.

زەنگی دەرگا نیگای بۆ لای مامەحەسەن کە ئێستا لاسەری خاوێن ببۆوە گواستمەوە بەڵام ئەو هەرزوو نیگای بۆ لای مامەحوسێن جێگۆڕکە پێکرد. شوێنی نیگای هەموانم پشکنی. هەموو ئامادەبووان ئاماژەی نیگایان خستبووە سەر مامەحوسێن. تەنیا پوورەجەواهیر بوو کە شوێنی ئاماژەی نیگای دیار نەبوو بەڵام ئەویش بە خێرایی کەوتە ژێر کاریگەری و دوای ئەوەی شوێنی ئاماژەی نیگای هەموومانی یەك بە یەك پشکنی دە ئاکامدا گەیشتە مامەحوسێن کە تاوێك بوو پشتی تێکردبوو.

ئەمجۆرە نیگایانە کە پشت بە جەرگی وی دەبەستن دە ژیانی مامەحوسێن‌دا زۆر دەگمەنن. ئەو تەنیا خووی بە نیگای تاوانباردۆزینەوە گرتبوو بە تایبەت لە لایەن باپیرمەوە کە هەموو گرفتی ماڵێی بە بوونی ئەوی دەبەستەوە. لە ژیانی مامەحوسێن‌دا تەنیا یەك جاری دیکەم لەو شێوە نیگایانە پێ‌شك دێ. ئەو کاتەی باپیرم بۆخۆی نەیدەوێرا هەڕەشە لە فەرمانبەری شارەوانی بکا کە تەمای ڕووخاندنی دیوێکی زیادەڕۆیی لە حەوشەکەیدا هەبوو و زۆر لێقەوماوانە نیگای یارمەتی خوازی بڕیبووە مامەحوسێن.

مامەحوسین کاتێك ئەم هەموو داواکاری نافەرمییەی هەست پێکرد، بێ‌هەڵوێستی وەلا نا. قونچکی وینستۆنە سپییەکەی بە بن سمێڵەکانی‌دا بردە ژووری و بە لێوە کەس‌نەدیوەکانی ئەسپارد. دەستێکی لەسەر چۆکە چەقیوەکەی دانا و یەك‌پێ ڕاست بۆوە. یەکسەر ڕووی دە ئایفۆنەکەی دەرگا کرد کە وردەوردە خەریك بوو دەوری شوانی درۆزنی دەگێڕا.

شێوەی ڕوانینی مامەحەسەن لەوکاتەدا شتێك بوو لە نێوانی ترس و پرسیار. بەچاوێکی مات و زاری نیوەکراوە کە وێنەدەچوو مەیلی لە دەربڕینی هیچ وشەیەك بێ سەیری هەنگاوە توندوتۆڵەکانی مامەحوسێنی دەکرد. خشەخشی دەلینگی شاڵوارەکەی مامەحوسێن کە لەیەك دەخشان تەنیا دەنگێك بوو کە دەبیسرا. هەموو نیگاکان بە پوورەجەواهیریشەوە کە بە پێچەوانەی پوورەزارا و میرزاڕەحمان هیچ زانیارییەکی لەسەر دۆخەکە نەبوو، لەسەر مامەحوسێن خڕببوونەوە.

- بەڵێ؟ بەڵێ.

مامەحوسێن وتوویژێکی ئاسایی خۆی بەمجۆرە بە ئەنجام گەیاند و دوگمەی کرانەوەی دەرگای لێدا. ئایفۆنەکەی دانا و هەر بەو دەستەی، وینستۆنە سپییەکەی کە خەریك بوو لەسەر بەرسمێڵەکانی دەبوو بە مەترسی، کێشا دەرێ. چوو کە دانیشێتەوە، ئەوجار هێندێك لە پوورەجەواهیر دوورتر.

وێدەچوو ئەو شێوە دەرگاکردنەوە ترسی مامەحەسەنی ڕەواندبێتەوە بەڵام دیار بوو کە چاوەڕێی هاتنی کەسی نەدەکرد هەربۆیە بە دوو چاوی زەقەوە پرسی:

- دەی کێ بوو ڕۆڵە؟

هەتا مامەحوسێن ویستی هەوڵی زارهەڵپچڕین بدا، هاواری خاڵەفەتاح پەشیمانی کردەوە.

- براژنە لەیلا لە ماڵن؟

سامڕەند کە تا ئەو کاتە مانگیشەرمی خۆی تێپەڕ دەکرد، هێندێك چەنەگەی خوارێی هەڵکێشداکێش پێکرد و سەری ڕاوەشاند.

- خاڵەفەتاحە! تەواومان کرد!

بەو دەربڕینەی هەر زوو کەوتە ژێر سێبەری نیگای لۆمەکەرانەی مامەحەسەن و پوورەزارا بەڵام بۆ یەکەم جار لەم شەوەدا بزەی خستە سەر لێوی مامەحوسێن.

- حەسەن لە ماڵن؟ ئەوە بۆ هەستوخوستتان نایە. ناکا هەر لە ئێستاوە نوستبن!

ئەو ڕستانەی خاڵەفەتاح سەربەخۆ دەبوونە هۆی قاقالێدانی خۆی بەڵام لەوکاتەدا کەس نەشەی ئەوەی نەبوو گوشار بخاتە سەر سییەکانی بۆئەوەی قاقای دەگەڵ لێدا.

- فەرموو خاڵەگیان فەرموو.
- براژنە لەیلا نەنوستوون؟!
- خاڵە نوستنی کەنگێ! بۆ ئێوە ئاوا زوو دەنوون؟!
- کوڕە ئەدی چی! وەڵڵاهی ئێمە هەر ئێوارێ تێدەخزێین.

لە یەکەم کەسڕا کە تووشی هات دەستی بە ماچکردن کرد هەتا گەیشتە میرزاڕەحمانی. زۆر بەکەمی هەڵدەکەوت کە خاڵەفەتاح تووشی میرزاڕەحمان بێ بەڵام هەرئەو جاروبارەش کە دەیدیت بە دەربڕینی

ئەمجۆرە ڕستانە کە تایبەتمەندی سەرەکی خۆی بوون، دەبووە هۆی ئەوەیکە میرزاڕەحمان شەرم دایگرێ.

- یاڵڵا میرزاڕەحمان!!! دەگەڵ زارای هەر خۆتان دەشارنەوە. ئەو خوشکەزا جوانەم داوێیەی جارێك نایەی بڵێی مەرحەبا. چا چاولێکە دەڵێی زێڕە دەدرەوشێ! ئاوا لێت قەبووڵ ناکەم قوربان.

بەدبەختی میرزاڕەحمان ئەوە بوو شەرمەکەی ئەو هەلەی بۆ هەموو کەس دەخوڵقاند کە پوورەزارای بە حۆری بشوبهێنن لە کاتێکدا، هەموو جارێك کە سەیری سەروچاویم دەکرد جگە لە لێچکەکەی، ئەوی تری، هەمووم بە بیرەوەری باپیرم دەدیت.

- چۆنی کوڕەکەی مینای؟ بۆ دیارنی؟

هەڵبەت پێویستی نەدەکرد هیچ وڵامێکی تایبەت بدەمەوە چونکە خاڵەفەتاح چاوەڕێی وڵامی نەدەکرد و دەستبەجێ یەکی تری دەکردە ئاماژە و بە هەمان دەستوور دەیدواند. کاتێك مامەحوسێنی دیت کە لە کۆبوونەوەکە ئامادەیە و سەری خستۆتە سەر مۆبایلەکەی هێندێك باری جەفەنگی دابەزی. بە چۆنییەکی رووتوڕەجاڵ دواندی و چوو لە تەنیشت پوورەجەواهیر دانیشت.

بە هاتنی خاڵەفەتاح کە بێهۆش نەبوو، خودا دوو ڕوحمی بە ئێمە کرد. یەکەم ئەوەیکە بە هاتنی کاریگەری باری دەروونی مامەحەسەنی بەسەر ژوورەکەدا لاواز کرد و کەشەکە هێندێك هێورتر بۆوە. دووهەم ئەوەیکە ئاواڵقسەیەکی بۆ پوورەجەواهیر دۆزیوە.

پوورەجەواهیر کە یەکەم جار بوو بە دیداری خاڵەفەتاح شاد دەبوو دەپێشدا بە گومانەوە لە خاڵەفەتاحی دەڕوانی و بە پارێزەوە سەیری دەکرد. لەوکاتەدا دەستی لەسەر ڕانیڕا بۆ سەر گوێزینگەکانی گواستبۆوە و خەریك بوو وەك تەسبیح داوێنی کراسە تەخت ڕەشە گوڵشینەکەی لە نێو قامکەکانی دەستی دەهێنا و دەبرد. بەڵام دواتر وردەوردە  بە ناسینی ئەو پیاوە شۆخیبازە ژندوێنە قەڵغانی داماڵی و بە دواندنێکی گەرم و گوڕ تۆڵەی ئەو چاكوخۆشی ساردوسڕەی سەرەتای بۆ کردەوە.

خاڵەفەتاحیش، لە دەسپێکدا سەرنجێکی ئەوتۆی نەخستە سەر پوورەجەواهیر. وێدەچوو هەموو هەوڵی خۆی لەسەر وەدەستخستنی دوایین هەواڵ و گۆڕانکاری سەبارەت بە ژنهەڵگرتنەکەی سامڕەند چڕکردبێتەوە. لەسەرەتادا چەند هەوڵی لاوازی بۆ هێنانە بەرباسی ئەو ڕووداوە دا بەڵام هەرهەموویان بەهۆی خۆ پارێزی مامەحەسەن، پەکیان کەوت. مامەحەسەن هەروەك لە شێوازی دواندنیڕا دیار بوو، ئاگاداری هاتنەکەی خاڵەفەتاح نەبوو و بوونیشی بە پێویست نەدەزانی.

لەڕاستیدا خاڵەفەتاح هیچکات ئەندامی سەرەکی یا فەخری هیچ دەستەیەکی کەیخودایان نەبووە. هەڵبەت وەك یەکێك لە پێداویستیەکانی بوونە کەیخودا، لەباری تەمەنەوە گرفتی نەبوو و لە زۆربەی کەیخوداکانمان بەتەمەنتر بوو. هەرکەسێکی تر ئەم تەمەنەی خاڵەفەتاحی هەبا وەك چۆن باوە خۆی نەك هەر کەیخودا بگرە وەك سەردار عێلیش پێناسە دەکرد. گرفتی سەرەکی خاڵەفەتاحی خوو و خدەی تایبەتی بوو کە لەپێش چاوی

ژنان خوێن شیرین و لەبەر سەرنجی پیاوان تۆزێك مەیلە و مێ دەینواند. هەربۆیەش باپیرم دوور لە چاوی نەنکم بە "فیلەمێ" نێوی دێنا.

دەیکوت: فەتاح بە مەرقەدی شێخی قەتت شادە پێ ناهێنم. ئەولادیشم وەك تۆ بچێ خۆی لێ بێبەری دەکەم.

خاڵەفەتاح کاتێ زانی مامەحەسەن بوارێ نادا، خۆی پێوە ماندوو نەکرد و بە شێوەی کاتی خۆی لە وروژاندنی ڕاستەوخۆی بابەتەکە بوارد. وەك هەڵسەنگاندنێکی خێرا ئەگەری دەستپێکردنی وتوویژی بە شێوازی خۆی، دەگەڵ هەموان بە نیگا تاوتوێ کرد. وێدەچوو لەوکاتەدا هیچکەس بۆ ڕاویژی دریژخایەنی خاڵەفەتاح گونجاو نەبێ چونکە نیگای بۆ ساتێك بەرەلا دەسووڕاوە. لە ئاکامدا نیگای بەرەڵڵای گەیشتە پوورەجەواهیر و کەوتە داوی ڕاوێژی. دەپێشدا بە کورتە وڵام و پرسیار دواتر بە حەقایەت. هەردووکیان وەك ئەوەی پەیوەندی تەلێفوونی ڕێگای دووری ڕۆژگاری ئانالۆگیان هەبێ، بە هەموو هێزەوە وشەکانیان دەردەبڕی و دوو وشەی دوایی هەموو دەربڕینێکیان دووپاتە دەکردەوە.

ئەو وتوویژە پڕ هێزە کە بەدڵنیاییوە ئەگەر لە بەستێنی هێڵێکی پەیوەندی ئێلێکترۆنی دابا، سیستمەکەی تووشی زەبرێکی کاریگەر دەکرد بەجارێ مامەحوسێنی جاڕز کرد. وەك ڕێگەچارەیەك، پڕی بە کۆتە کەسکەکەی داگرت و بە بیانووی هەواخواردن خۆی لە بیستنی ئەم ئۆپێڕا خۆماڵییە بێبەش کرد.

وادیار بوو ئەم شێوازە تایبەتە لە پەیوەندی، وڵامدەرەوەی پێداویستییان نییە چونکە پاش تاوێك خاڵەفەتاح جێسمتێك و پوورەجەواهیر دووبست بۆلای یەکتری جێگۆڕکەیان کرد. پوورەجەواهیر جگە لە جێگۆڕکە، سەریشی هێنابووە پێشێ و چیتر ئانیشکی نەکردبووە کۆڵەکە، بەڵکوو ئێستا دەستی ڕاستی لە پێش کۆشی چەقاندبوو و سەری هەتا بن دەمی خاڵەفەتاح هێنابوو.

ئەو لەیەك نزیك بوونەوە بە پێچەوانەی ئەو شتەی گومان دەکرێ، بۆ سرتەکردن نەبوو و وتوویژیان هەر بەو هێزەی سەرەتاوە درێژەی هەبوو. خاڵەفەتاح لابەلا دانیشتبوو. دەستێکی کە مەلای تەسبیحەکەی پێگرتبوو لەسەر پشتییەکە دانابوو. دەستەکەی دیکەی لەسەر چۆکە چەقیوەکەیڕا ئاوەژووی دیوی ورگە زەلامەکەی کردبوو و خەریك بوو دەنکی تەسبیحە زەردەکەی بە نێو قامکەکانیدا ئەودیوئاودیو دەکرد. ئەگەر نۆرەقسەی پوورەجەواهیر با سەری بۆ دەلەقاند، ئەگەریش بۆخۆی ویژەر با، دەستی سەر چۆکی تەسبیحەکەی بەردەدا و کاریگەری دەربڕینەکەی بەهێزتر دەکرد.

ئەو دۆخە بەردەوام بوو و لە ئاکامدا ئەوە دەنگی قاپوکەوچکی بەردەمیان بوو کە ئەو تەنیا وتوویژەی نێو ژوورەکەی پەکخست.

- ئەوە چ دەکەن؟! نەکا نانتان نەخواردبێ؟!
- بۆ خاڵە نانت خواردووە؟

- نانی کەنگێ؟! بابم براژنە لەیلا ئێوە ئاغایانە نانی دەخۆن. ئی ئێمە هەر ئێوارێ پێوەردەبن و بڵاوەی دەکەن.

دوابەدوای ئەو قسەیەی قاقایەکی لێدا بەڵام کاتێك کە دیتی کەس لەبیری نییە قاقای هەستێنێتەوە، بە ئەسپایی ئاماژەی نیگای خستەوە سەر تەسبیحەکانی و ئاسەواری قاقاکەی وردەوردە کاڵبۆوە. لە دواییدا ملی بە فەرمووی زۆرەملیش نەدا و خۆی لە سەیرکردنی سفرەش بوارد.

- میرزاڕەحمان فەرموو کاکە وەرە پێشێ. دەبێ بش بەخشی نانی خەجاڵەتییە.

ئەو وتەی مامەحەسەن وەك خانەخوێ، پاش ماوەیەکی درێژ کە بەهۆیەوە هەموانی جاڕز کردبوو، میرزاڕەحمانی هێندێك تووشی شەرم کرد. هاوکات کە بە دوو قامکان هێندێك سفرەکەی بۆلای خۆی هێنا، کوتی:

- وامەفەرموو! هەربەزیاد بێ! نانی حەجێ بدەن ئینشاڵڵا!

وەك ئەوەی هەستی کردبێ نانی حەجێ دەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستا ناگونجێ، بە هێندێك وەستانەوە ڕستەکەی گۆڕی.

- خودا نەیبڕێ. ئیشاڵڵا سبەی دووسبەی شیرنی کاك سامڕەندی.

لە پەنای ئەم قسەیە، خاڵەفەتاح کە تا ئەو کاتە هەموو هەوڵەکانی بۆ وروووژاندنی ئەو باسە بێئەنجام بوون، بە شێوازێکی جیاواز خۆی دە باسەکە هاویشت.

- ئائا! ئاگات لێیە میرزاڕەحمان، براژنە لەیلا خەریکە خۆی دەبویرێ، شیرنییەکمان نەداتێ.

پێش ئەوەی ئامۆژنم هەوڵی وڵامدانەوە بدا، مامەحەسەن بە دەنگێکی خەمبار پێش ئەوەی پاروو نانە ویشککەی دەزاری باوێ کوتی:

- حەی! شیرنی! تەواومان کرد!

خاڵەفەتاح هەلەکەی بە لەبار زانی و بە جۆرێك درێژەی پێدا کە وێدەچوو بەخەستی ئاگاداری وردەکارییەکانە.

- ئەرێ حەسەن ئەوە بۆ ئاوا دەکەی! بۆ دنیات لێ بۆتە چەرمی چۆلەکەی! خۆ پیاوی نەکوشتووە، ژنی هەڵگرتووە!

بە بیستنی ئەم ڕستەیە، پوورەجەواهیر کە وەك قڕانلێدراوان هەردوو لاگووپی بە پارووی نان و سەبزی ئاخنیبوو، چاوی زەق کردن و وەکۆخەکۆخ کەوت. دەگەڵ هەر کۆخەیەك هەموو ئەندامی لەشی ڕمبازێنیان دەکرد. هەر هەناسەیەك کە بۆ کۆخە هەڵیدەکێشا گرفتەکەی لێ قووڵتر دەکرد تا لە ئاکامدا چڵم و لیکی پێ لێکدا. بەڵام دیاربوو پرسەکە بۆ ئەوی زۆر لەوە گرینگترە کە خۆی تەسلیمی دوو پاروو نان و سەبزی بکا و گەرماوگەرم دەستبەرداری بابەتەکە ببێ، چونکە دەستبەجێ کۆنترۆڵی دۆخەکەی گرتەوە دەست. خێرا بە بێ هەناسەکێشانی زیاتر دوو خوولی بە نان و سەبزی لێدا و ئاوەژووی قوڕگی کرد. هەتا لە چوونە خواری دڵنیا نەبوو، ڕێی بە هەناسە نەدا بێتە سەرێ. کاتێك دۆخی ناو دەمی ئاسایی بووە، پشتێنی شل کردەوە و ئاسەواری گوشاری

کۆخینەکەی لەبەر دەمی سڕێوە. پاش ئەم زنجیرە ڕووداوە سەری هەڵهێنا و بە چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی دڵنیایی نەمانی مەترسی بەخشییە جەماوەر کە بە تێکڕایی سرنجیان خستبووە سەری. ئەم ڕووداوە ئەوەندە درێژەی نەکێشا کە گومان لە ماوەبەسەرچوونی سەرسوڕمانەکەی بکەین کە دەستبەجێ دەریبڕی.

- ئەیارۆ! ژنی چی؟ کێ ژنی هەڵگرتووە؟

پێموایە هەموو حەبەساوی گوشاری پارووی نان و سەبزی بوون هەربۆیە کەس نەیتوانی وڵامێکی ئەو پرسیارە بداتەوە کە پاش بەربەرەکانییەکی سەخت دەگەڵ خینکان ئاراستەی جەماوەر کرابوو. هەربۆیە بۆخۆی سەربەخۆ نیگای وەجووڵە کەوت و بە پشکنینی نیگاکان سەرەداوی دۆزیوە هەتا گەیشتە سامڕەند.

- ئەیارۆ! کوڕەکەی کاکەحەسەن! سامە گیان ئەتۆ ژنت هەڵگرتووە. کوڕە وەرە تێمهەڵدە! کەنگێ؟ زارا ! ئەدی بۆ باست نەکردووە؟ ئای لەخۆم ماڵوێرانێ! جاچۆن؟! جا ڕۆڵە کچ قات بوو چووی ژنت هەڵگرتووە؟!

پوورە زارا دووبارە بە باشی بە ئەرکی بەرپرسیارەتی خۆی لە ئاست وڵامدانەوەی پوورەجەواهیر هەستایەوە و کوتی:

- نەنە ژنی چی! کچی هەڵگرتووە.

پوورەجەواهیر وەك ئەوەی سوکنایی بۆ گەڕابێتەوە سەرێکی وەك ئاماژەی تێگەیشتنی هەڵتەکاند. هاوکات کە ئانیشکەکانی لەسەر سمتی دادەناوە کوتی:

- ئێ! کچی هەڵگرتووە؟ باشەباش ئەدی بۆ کوتتان ژنی هەڵگرتووە. کچ قەیدی نییە نی. کچ بەیتولماڵە، هەر ئی خەڵکییە. ئەو بەزمانە هەر دەبن.

لەو کاتەدا بەهارەی دوازدە ساڵی کردە ئاماژە و ئاوای درێژە بە وتارەکەی دا.

- کوڕە خۆ ئەمن ئەوەندەش نەدەبووم، هێشتا خۆم نەناسیبوو، ئەگەر ڕەدووی هەوەڵ مێردم کەوتم. خودا غەزەبیان لێگرێ نەیانهێشت دانیشم. ساڵی تێوەرنەسووڕا دەریانپەڕاندم.

خاڵەفەتاح هەلەکەی بۆ جەفەنگێك قۆزتەوە و کوتی:

- دەریانپەڕاندی یا دەرپەڕی؟

پوورەجەواهیر کە خەریك بوو چرکەبەچرکە زیاتر هۆگری دواندنی خاڵەفەتاح دەبوو بەو جەفەنگەی شاگەشکە ببوو و وەك تۆپ هەڵدەبەزیەوە. ڕابواردنی دەگەڵ خاڵەفەتاح هیچ ڕێگر نەبوو لەوەیکە سەراسۆی چواردەوری سفرە بکات یا ئەوەیکە لە خواردن دابمێنێ. هێشتا ئامۆژنم هێلکە و ڕۆنی وەك نانی خەجاڵەتی پێناسە نەکردبوو کە پوورەجەواهیر نانێکی بە زەبری سەبزی بێسەروشوێن کرد. هێرشی نانی دووهەمیشی

کردبوو کە نانی خەجاڵەتی بە بانگەوازی ئامۆژنم گەیشتێ. لەو کاتەدا میرزاڕەحمان بوو بە گوێی نەبیس و زاری قسەی پوورەجەواهیر بۆ ئەوەی لە عۆدەی تەعاڕوفەکەی ئامۆژنم بێتە دەرێ.

- ڕەبی بەزیاد بێ. هەمووی هەر نیعمەتی خودایە. بەخودای هەموو جارێ دەڵێم، ئەوە خانمیش دەزانێ، نان و پەنیری ماڵی کاکحەسەن لە پڵاو و گۆشتی خەڵکی خۆشترە.

خاڵەفەتاح بۆ قەوەتدان بەو وتەی میرزاڕەحمان بازێکی بۆ ڕابردوو هاویشت و کوتی:

- براژنە لەیلا! بەزیاد بێ. هێلکە و ڕۆن چییەتی؟! قەدیم ئەوە خواردنی ئاغایان بوو. قورئان بە حەقت پیاو بە ساڵیش چاوی بە شتی ئاوا نەدەکەوت...

خاڵەفەتاح خەریك بوو هێلکەوڕۆنی دەکرد بە خاویاری ڕووسی کەچی هاتنەوەژووری مامەحوسێن بەبۆڵەبۆڵ وتارەکەی پچڕاند.

- ڕۆڵە ئەو ماتۆڕەت بۆ ئاوا ڕاگرتووە؟ ئەوە هات و ویستمان...

ئەوەندەی کوت و بەدیتنی شوێنی تەرخانکراوی خۆی لەسەر سفرەکە بابەتەکەی گۆڕی.

- دابەڕێك هەڵکشێ. ئەو خوێیەم بدەیە...

مامەحوسێن بۆ ئەوەی لەنزیك خاڵەفەتاح دانەنیشی خەریك بوو جێگای شەش کەسانی ئاڵوگۆڕ پێدەکرد.

ئەوەندەی بەبیری منە، مامەحوسێن قەت دانووی دەگەڵ خاڵەفەتاح نەدەکولا.  هەڵبەت دانوو نەکوڵینی بێ هۆش نەبوو. دەنگۆ سەبارەت بە هۆکاری ئەم نەبان بوونە بە چەند شێوازی جیاواز دەگێڕدرانەوە بەڵام لەوانەیە بەناوبانگترینیان هەر ئەو ڕستە تایبەتەی خاڵەفەتاح بێ کە لە کاتی قەڵسی دەگمەنی لە سەر زاری هەڵگیرابوو، کە گۆیا کوتوویەتی:

- ئەمن چۆن کچی دەدەم بە کچی، حەیای خۆم دەبەم!

هەڵبەت لێرەدا خاڵەفەتاح مەبەستی ژن‌بەژنە نەبووە و کچی دووهەم لەو ڕستەیەدا ئاماژەیەکە بۆ مامەحوسێن لە ڕۆژگاری هەرزەکاریدا. ئەوکاتەی لە پشت ئەستۆی بەڕادەی نیوە قولانجێك پرچی دەهێشتەوە.

ئەوجۆرەی دەگێڕنەوە ئەم ڕستەیە ئەوکات لە لایەن باپیریشمەوە  مۆری پەسەندکردنی لێدرابوو. بەو جیاوازییەی کە بە هێندێك وردەکارییەوە، "دەدەم" کرابوو بە "دێنم".

لەئاکامدا قسەی هاوبەشی باپیرم و خاڵەفەتاح نەك بە زۆرینەی ڕەها بەڵکوو بە زۆری زۆرداری بوو بە پەیڕەوی کار و نەیانهێشت  ئەو پاروویەی قەرار وایە لە زاری خاڵەفەتاح بەربێتەوە، دە کۆشی مامەحوسێن بکەوێ.

گرفتی مامەحوسێن ئەوە بوو کە هەر لەسەرەتاوە جیاواز بوو. نە وەك بابم لە بابی بێمنەت بوو نە وەك مامەحەسەن ڕوحی لە ترسانی دەردەچوو. جحێڵی ڕۆژگاری خۆی بوو، هەڵبەت لە جۆری لابەلاکەی.

هۆکار بۆ دژایەتی باپیرم و مامەحوسێن زۆربوون. باپیرم لە هەزار شێوەی دەربڕینی ئاکارەکانی مامەحوسێنی، هەمیشە نامۆترینیانی هەڵدەبژارد. نامیلکەیەکی پێویستە هەتا ڕوونبکرێتەوە فرەفڕ، چ بەشێك لە ئاکارەکانی مامەحوسێن دەگرێتەوە. لەوانەیە هێشتا فرەفڕ لەچاو دفدف گومانبزوێنتر بێ و دەرفەتی مەزەندەیەك بە بیسەر بدا. ئەگەرچی ئەو مەزەندانە بە بوونیشیان نامیلکەکە بێکەڵك ناکەن.

فرەفڕ ئاماژەی باپیرم بوو بە ماتۆڕ سواربوونی مامەحوسێن، ئەو ماتۆڕەی بە نێوی ماتۆڕی بەرەڵلایان نێودێری کردبوو. جۆرێك ماتۆڕی زەلامی دەنگ ناخۆش کە بێنزینەکەیان چەورکردنیشی دەویست. ئەگەرچی وادیارە لە سەرەتادا هۆی سەرەکی نێودێرکردنی ئەو جۆرە ماتۆڕە بەم ناونیشانە، مامەحوسێن بووە بەڵام ئەو بێزارییەی باپیرم دواتر زۆر بە قووڵی ڕیشەی داکوتاوە و بۆی بۆتە بێزێکی هەتاهەتایی.

سەرەتای پەیدابوونی وشەی دفدف بە دڵنیاییوە پەیوەندی بە مامەحوسێن نەبووە و لە بناغەدا دەگەڕێتەوە وڵاتی هێندووستان. هەڵبەت باپیرم هێندووستان کە هیچ، عەجەمستانیش نەچووبوو. قەت حەزی لە سەفەر نەبوو. بیانووی ئەوە بوو دەیکوت لە توونییەتی دەخینکێم. گرفتی ئاو نەبوو بەڵکوو ساردوگەرمەکەی بوو کە پڕی دەکرد لە چا. لە ماڵێ نەبا لە هیچ

کوێیەك پڕی نەدەکرد. بەو لێشاوەی ئەو چای دەخواردەوە هیچ ساردوگەرمێك بەرگەی ساعەتە ڕێیەکی نەدەگرت، هەربۆیە لەبەر مەترسی بێچا مانەوە سەفەری نەدەکرد. ئەوەی کە دفدف و باپیرم و هێندووستان چۆن یەکیان دەگرتەوە، دەگەڕێتەوە سەر حەزی باپیرم بۆ دیتنی فیلمی هێندی. ئەو فیلمانەی کە پڕبوون لە کچی چاوڕەشی شووش و باریك، تۆڵەوقین و شەڕەشەپی بێبڕانەوە. ئەو سێ پاڕامێترە هۆکاری هۆگری لەڕادەبەدەری باپیرم بوون و دفدفیش دەگەڕێتەوە سەر پاڕامێتری سێهەم کە تێیدا دەنگێکی زیادکراو هاوڕێیەتی هەموو شەپ و مستێکی ناو فیلمەکانی دەکرد. دەنگێکی لە شێوەی دفدف کە لە ئاکامدا بوو بە شاوشە و لە گفتولفتی باپیرمدا پێناسەی هەموو وەرزشێکی ڕەزمی دەکرد.

ئەوکات مامەحوسێن کۆنگفۆی دەکرد و هەر بەوهۆیەش ببوو بە ئامانجی تف و لەعنەتی باپیرم. لەکاتی ئەم ڕووداوەدا، تفەکەی باپیرم ویشك ببۆوە و لەعنەتەکەی ماوەی بەسەرچووبوو و بەپێچەوانەی ڕەوتەکەی، لەم شەوەدا مامەحوسێن ببوو بە پاڵەوانمان و هەموو خۆمان ئەسپاردەی غیرەتی کردبوو.

مامەحوسێن هەر بە هەڵکشێ هەڵکشێ بەبێ هەستیارکردنی جەماوەر مەودایەکی چاکی لە خاڵەفەتاح گرت کە بە هۆی ستایشی بەردەوامی لە هێلکەوڕۆن ئاگاداری دوورەپەرێزگرتنی مامەحوسێن نەبوو.

خاڵەفەتاح بەپێچەوانەی ئەم هەموو ڕێز و ستایشەی بۆ هێلکەوڕۆن دەریبڕی، دەمی لێنەدا و هەرلەسەرەتاوە خۆی وەك شێوکردوو، ناساند.

وەك ئەوەی نیگای لە نامەحرەم بدزێتەوە سەیری سفرەشی نەدەکرد. تەنانەت جێگۆڕکەی بە ئەو سمتەی دە سفرەی کردبوو، نەکرد و هەر وەك خۆی لابەلا دانیشت. یا دەیڕوانییە تەسبیحە دەنك زەردەکانی یا چاوی لە شاشە کووژاوەکەی تەلەویزیۆنەکە دەکرد.

ژوورەکە بۆ چەند ساتێك بە بێدەنگی ڕایبوارد و جگە لە مڵچەمڵچی پوورەجەواهیر کە ددانە شلەکانی هۆکاری بوون، دەنگێکی جێی ئاماژە بە گوێ نەدەگەیشت. هۆکاری ئەم بێدەنگییە مامەحەسەن بوو کە ئەگەرچی بەڕواڵەت بۆ شێوکردن لەسەر سفرە دامەزرابوو بەڵام بەتەواوی بۆژەی دەکرد. جگە لە چەند هەوڵی بێ ئیشتیا بۆ سەروگوێ بڕینی چەند نانی قەدکراو، هیچ نیشانەیەکی بەرچاوی لە نانخواردن تێدا بەدی نەدەکرا. تاوناتاوێك سەری دەسووڕاند و بە مۆڕەوە لە سامڕەندی دەڕوانی کە خەریك بوو بەردەوام قامکی دە شاشەی مۆبایلەکەی دەکوتا.

تازە لە سەیرکردنی هەڵسوکەوتی ئامادەبوان ببوومەوە و خەریکی هەڵبەستنی پارووی خاویاری ڕووسی بووم کە نەڕاندنی مامەحەسەن قوڕگی لێکردمە گرێپووچکە و نەیهێشت تێری لێ بخۆم.

- دە داینێ ئەو سەگتێڕیاوەی! دەداینێ! ژەهریمارەکەت بە سندان بکە!

هەموو ئامادەبووان بە خێرایی و پوورەجەواهیر بەکاوەخۆ، سەریان هەڵبڕی بزانن ژەهریماری لە کوێیە و کێیە کە بە سندانی ناکات. سامڕەند وەك تاوانبار کەوتبووە بەر نیگای پڕلە ڕقی مامەحەسەن. بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ

مۆبایلەکەی کە لەسەر گوێزینگی دابنابوو، بۆ نێوانی نێفەك و لاقەکانی جاڵەکردەوە. بەبێ ئەوەی سەری هەڵبێنێ، حاڵەتی خۆی، لە چەت کردنەوە بۆ چینەکردن، گۆڕی.

نەڕاندنی مامەحەسەن وایکرد کە ئەوانەش کە هیوایان بە تێربوون بە هێلکەورۆن نەبوو، هەست بە تێری بکەن و پاش هێندێك خۆخافڵاندن بکشێنەوە. دەپێش هەمواندا میرزاڕەحمان، کە بە جارێ پڵاووگۆشتەکەی ماڵەکاكحەسەنی لێ بوو بە ژەهری‌ماری.

لەم کەشەدا تەنیا پوورەجەواهیر بوو کە کۆڵی نەدەدا و ددانە شلەکانی لە مڵچەمڵچ نەدەکەوتن. بەبێ سرنجدان بە کەشەکە، تاقەنیسکێکیش جێگۆڕکەی بە ئانیشکەکانی لەسەر ڕانی نەکرد و بەردەوام خەریکی پشکنینی سفرەکە بۆ دەستخستنی پاشماوەی خاویار بوو. تەنیا کاتێك لە هەوڵدان دەستیهەڵگرت کە دڵنیا بوو جگە لە نانی ویشکی هیچ شتێك نەماوە. لەو کاتەدا ئامۆژنم ڕستەیەکی نابەدڵی بە شێوەی ژنانە و جوانکاری کراو ئاراستەی پوورەجەواهیر کرد:

- پوورێ گیان هێندێك پەنیری ویشکت بۆ نەهێنم؟ توخودا با بۆت بێنم.

پوورەجەواهیر لە کاتێکدا کە خەریك بوو هەر بە ڕۆنی دەوربیەکەی، پشتەدەستە قەڵشیوەکانی چەور دەکرد بە ئاماژەی سەروچاوی خوڵقکردنەکەی ئامۆژنمی ڕەتکردەوە و خەریکی جووتن و قووتدانی دوایین پارووی بۆوە.

پوورەزارا کە بە یەکبەیەکی ئاکارەکانی پوورەجەواهیر، کاردانەوەی هەبوو، بە دەنگێك کە تەنیا بۆ ستافی بەردەرکی چێشخانە بیسراو بوو کوتی:

- لێیگەڕێ لەو زگ‌جیرەی! خۆ تێرخواردنی نییە!

ئەو هەوڵەی پوورەزارا بۆ زیادکردنی وشەیەکی نوێ، لە قامووسی زمانی کوردی، بواری ڕێزگرتنی بۆ نەڕەخسا چونکە زەنگی دەرگا بەجارێ کەشەکەی تووشی ئاڵوگۆڕ کرد.

ئەمجار مامەحوسێن چاوەڕێی نیگای داواکارانەی کەسی نەکرد و وەك ئەرکێکی نەکوتراو، هەستا و بۆلای ئایفۆنەکە چوو.

- بەڵێ؟
- ....
- ئێمەین کێیە؟
- ....
- بەڵێ، بەڵێ. فەرموون. بەخێربێن.

مامەحوسێن دوگمەی کرانەوەی دەرگای لێدا و چووە دەرێ. ئەم شێوازە وڵامدانەوەی مامەحوسێن نیشانەی هاتنی میوانی گرینگتر بوون چونکە ئەم وشانە، لە وشەدانی مامەحوسێن‌دا لەمێژ بوو تەریك ببوون و زۆر بەکەمی کەڵکی لێوەردەگرتن. پێمwایە هەر ئەو بۆچوونە هاوبەشەمان بوو کە مامەحەسەن و ئامۆژنم و پوورەزارای هاندا بۆ پێشوازی لە میوانی نەناسراو بچنە دەرێ.

هێشتا سفرەمان بە تەواوی لە بن چۆکی پوورەجەواهیر دەرنەکێشابوو کە حاجی‌سماییل لە کاتێکدا گۆچانەکەی سەراوبن گرتبوو. بە هاوڕێیەتی گرووپێکی سێ‌کەسی وەژوور کەوت.

لەم هەموو کەسەی لەو ژوورە بوونیان هەبوو، حاجی سمایل تەنیا خاڵەفەتاح و پوورەجەواهیری بە شایانی سڵاو لێکردن ناسی و بەشی ئێمەمانان تەنیا وڵامدانەوەی چاوەڕوانی حاجی‌سماییل بوو بۆ بەخێرهاتنێکی شایانی کەیخودایەتی خۆی.

پوورەجەواهیر وەك تایبەتمەندی خۆی، نەختێك درەنگتر بە گۆڕانی مەجلیسەکەی زانی، هەربۆیە خۆی بۆ هەستانی لەناکاو ئامادە نەکردبوو. وەك یەکەم کاردانەوەی بە هاتنی حاجی‌سماییل و گرووپی هاوڕێی کوتی:

- ئای لەخۆم خەجاڵەتێ! ئەدی ئەوە بۆ ناڵێن خاڵەحاجی دێتە ژووری.

خاڵەفەتاح کە تاوێك بوو هیچی نوێی ڕوونوێنی نەکردبوو، بە قاقاوە کوتی:

- جا بابم هێندەت برسی بوو، ئاگات لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو!

پوورەجەواهیر هاوکات کە بە بزەیەکی ئاماڵ قاقا، کاردانەوەی خۆی بە ئەم وتەی خاڵەفەتاح دەردەبڕی، ئامادەکاری بۆ هەستان دەستپێکرد. لەسەرەتادا بۆلای ڕاست سووڕا. هەردوو بەری دەستی لەسەر ئەرزی دانا و کردنی بە دیرەگ. بە پشتوانی دەستی سمتی بڵیند کرد و بە یائەڵڵا یائەڵڵا چۆکەکانی ڕاست کردەوە. پێش ئەوەی بەخێرهاتنی حاجی‌سماییل

بکات، تاسکڵاوەکەی کە هەتا سەر برۆی هاتبوو ڕاست کردەوە. ئەوجار دەستی بە چاکوخۆشێکی درێژخایەن کرد. هەموو چاوەڕێ بوون کە چاکوخۆشییەکەی پوورەجەواهیر کۆتایی پێبێ بەڵکوو تێبگات کە پێویستە هێندێك جێگۆڕکە بکات و جێی دانیشتنی ئەو میوانە تازانە بکاتەوە، کەچی لە ئاکامدا وڵامی ئەم داواکارییە نەکوتراوەی نەداوە و تەنیشت خاڵەفەتاحی چۆڵ نەکرد.

لە ماوەی جێگیربوونی میوانە تازەکان و سڵاو و چاکوخۆشی بێئەژمارەکاندا، مامەحەسەن کە وێدەچوو بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەی زانیوە، پێداگرانە لە دوای نیگای ئامۆژنم دەگەڕا. لەملاشەوە ئامۆژنم ژیرانە دەجوڵاوە و خۆی بە بەخێرهێنانی گەرمی میوانەکان سەرقاڵکردبوو و بە هەمووجۆر نیگای لە نیگای پڕ لە هەڕەشەی مامەحەسەن دەدزیوە.

حاجی سماییل هێشتا بن سمتی گەرم دانەهاتبوو کە ڕوویکردە مامەحەسەن و بە پرسیارێکی ڕاستەوخۆ، لە ڕاوەنیگای دابڕی.

- ڕۆلە حەسەن چیتان کردووە؟ هەواڵتان بۆ ناردوون؟

مامەحەسەن لە ئاوڕدانەوەی لە ناکاویڕا دیار بوو کە ئامادەی ئەو پرسیارە نەبوو هەربۆیە بۆ چەندچرکەیەك لە حاجیسماییل ڕاما و پاشان وەك ئەوەی وڵامی دڵخوازی خۆی نەدۆزیبێتەوە کوتی:

- نەوەڵڵا مامە. دەڵێم پەلەی لێ نەکەم.

ئەم ڕێکارە هەڵبژاردەی مامەحەسەن کە بانگەوازی ئەوەی دەکرد هیچ دەورێکی بۆ بەشداری ئەوان دەستنیشان نەکردووە، هیچ کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی لێنەکەوتەوە. وەك دواتر دەرکەوت هەموو ئەوانەی تەمای کاردانەوەیان هەبوو، ئامادەی دەربڕینی زانیاری زیاتر لەلایەن مامەحەسەن بوون بۆ ئەوەی بەرامبەری بوەستنەوە و کوتوپڕ ڕێکارەکەی ڕەتکەنەوە.

مامەخەلیل ئامۆزای گەورەی بابم کە شانبەشانی حاجی سماییل لە لای سەرەوە دانیشتبوو، هاوکات کە بۆ دانانی کۆتە پاییزییەکەی هەستابووە سەرچۆك، چاوی خوورکردنەوە و کوتی:

- چۆن؟ لێت تێنەگەیشتم!

مامەحەسەن کە خەریك بوو بە نابەدڵی ملی بە بەشداری میوانەکانی لە باسەکەدا دەدا، دەستێکی بە لاچاوی‌دا هێنا و کوتی:

- کاکە دەینێرمەوە.

ئەو بیرۆکە لەناکاوەی ئەوەندە چاوەڕواننەکراو بوو کە بەجارێ کەشێکی بێدەنگی قورسی بەسەر ژوورەکەدا زاڵ کرد. دەیان نیگا ئاڵوگۆڕکران و هاوبەشی حەبەسانی یەکتریان کرد. کۆی نیگاکان وەك باز بەسەر ژوورەکەدا دەسووڕانەوە و لە پاشای نوێ دەگەڕان بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتی ئەوان ئیدانەی ئەو بیرۆکەیە بکات. لە ئاکامدا حاجی‌سماییل پشت ئەستۆی بازی گرت و لەسەر شانی خۆی دانا.

- ئەوە دەڵێی چی؟! چاکت خۆ کەرنەکردووە؟! خودا لێی گۆڕیوی؟! ئامریکایە!! کچی کابرای هەڵگری و دوایە بۆی بنێریۆوە؟! جا ئەتۆش پیاوی؟! بزانە ئابڕووی هەزارساڵمان نابەی! ...

حاجی سماییل خەریك بوو هێدی‌هێدی مێرووڵەی دەکردن و لە کوڵین نزیك دەبۆوە کە سەیدمحەممەدی زاوای، زارکی لە سەر هەڵگرت و پێش هەڵچوونی بە فریا گەیشت.

- مامە ئەتۆ سەبرێك بگرە با قسەکەی تەواو بکا. بۆ لەخۆڕا گەرم دادێی!
- لەخۆڕایە؟ ئەوە لەخۆڕایە؟ گوی وا دەخوا قازی مەراغەش نایخوا! دەینێرمەوە!!

لەوکاتەدا مامەمستەفاش کەوتە یارمەتی سەیدمحەممەدی زاوای و دووبەدوو خۆیان هاویشتە نێو وت‌وویژێکی بێ‌ئاکام.

- بابە ئەتۆ ڕاوەستە با لەیەك تێبگەین.
- لەچی تێبگەی؟! کچی کابرای هەڵدەگری قەڵسەشی لێدەگێڕی؟! خۆت زۆر پێ پیاوە، وانییە؟!
- خۆ ماڵتە ناهێڵی لە شتەکەی تێبگەی، دەیکەیە هات‌وهاوار.
- ئەمن تێناگەم؟! ئەتۆ دەزانی؟! ڕۆلە ئەتۆ منداڵی دوێنێی، چووزانی پشیلە لە کوێ هێلکەی دەکا...

لە گەرمەی ئەم هات‌وهاوارەدا مامەحەسەن چاوی لەسەر خێزانی قاسید کرد تا لەئاکامدا نیگای خستە داو. بۆ تاوێك لەشکری نیگایان بەرامبەر

یەکتری وەستان. ئەگەرچی هیچ وشەیەك ئاڵوگۆڕ نەکرا بەڵام ئەم نیگا گۆڕینەوە لە دنیای ژنومێردایەتی‌دا بۆخۆی زمانێکە. هەڕەشە دەکا، دڵخۆشی دەداتەوە، پاکانە دەکا، سۆزدەردەبڕێ و توانای دەربڕینی دەیان هەست و ویستی دیکەی هەیە. هەر وەك چۆن باپیرم لەپڕڕا دەیکوت:

- ئەوە دەچینم پێ کوت شەربەیەکم ئاو بۆ بێنە، هەر دەڵێی دەگەڵ ئەویشم نییە.

نەنکم دەیکوت:

- وەڵڵاهی لە زارت نەهاتۆتە دەرێ.

باپیرم دەیکوت:

- ئەدی سەعاتێکە بۆ چاوت لێدەکەم

پێموایە مامەحەسەنیش توانی بەم شێوە سەرنجڕاکێشە مەبەستی خۆی بگەیێنێ چونکە ئامۆژنم هەرزوو لووتی داژەنی و نیگای لە نیگای مامەحەسەنی گۆڕی.

ئەم ئاڵۆزییەی حاجی‌سماییل هۆکاری بوو و ئەم گرووپە نوێیەی پێوە سەرقاڵ بوو، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند کە بارودۆخە نوێیەکە لە لایەن بەشداربووانی سەرەتایی، لە چەند کۆڕی جیاجیا، گەنگەشە بکرێ.

تا ئەم کاتە میرزاڕەحمان وەك ئەوەی بە ئەرکی نەنوسراوی خۆی بزانێ، تەنیا سەیرکەری کەشەکە بوو و سەری وەك ئاماژەی هاوڕابوون، بۆ هەموو

بیرۆکەیەك دەلەقاند. لەم دەرفەتە زێڕینەدا کە هەڵکەوت، ئاشکرا بوو کە بە پێچەوانەی ئەوەی گومان دەکرا ئەویش بیرۆکەی خۆی هەبووە و بڕیاری دەربڕینی هەیە. میرزاڕەحمان بیرۆکەکەی خۆی، وەك دەستپێك، دەگەڵ نزیکترین کەس کە گوێی لە دەنگە نزمەکەی دەبوو و لە تەنیشتی دانیشتبوو یانی مامەحوسێن ئاڵوگۆڕ کرد. زۆر بە پارێزەوە بە دەنگێکی هێدی کە هەڵاواردنی لە هات‌وهاواری گرووپی چوار کەسی زۆر ئەستەم بوو، بە ئیشتیا دەریبڕی کە پێویستە کاکەحەسەن چاوێك بە بیرۆکەکەیدا بخشێنێتەوە.

مامەحوسێن کە بە خەستی سەرقاڵی قانگدانی ژوورەکە بە دووکەڵی جگەرەکەی بوو، بە هیچ شێوەیەك نە هۆگری خۆی بۆ باسەکە دەربڕی نە ئاماژەی بیستنی پێدا. میرزاڕەحمان کە وێدەچوو لە لەدووهاتنی مامەحوسێن بێ‌هیوا بووە، پاش دەربڕینی چەند ڕستە، دەمی بۆلای من گواستەوە و بە (وانییە؟) یەك داوای پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی لێکردم. ئەمنیش بە کورتی دڵنیاییم دایە کە بەڵێ حەق بە ئەوییە.

لە گەڵ دەربڕینی ئەم وشەیە، دەستبەجێ وشەی هاوتای وشەی خۆمم لە وتەی خاڵەفەتاحیدا بیست کە بە حاجی‌سماییلی دەکوت:

- حاجی‌گیان! کاکی‌خۆم! برادەر! ئەو هاتوهاوارەی ناوێ. ئەگەر حەق بە تۆش بێ، سێ کەس کوتیان ناحەقی، هەر ناحەقی. ئیدی لەخۆڕا بۆ قەڵس دەبی. ڕاوەستە بزانین ئەو کابرایە بۆ ئاوا

دەڵێ. جا ئەگەر ناحەق بوو، ئەوە هەموو لێکرا دەڵێین ناحەقە. خەراپ دەڵێم براژنە جەواهیر؟

براژنە جەواهیر کە قامکی شادەی هەتا بنەبانی دە زاری نابوو و ئاسەواری هێلکەورۆنی لە ددانەکانی دەسرپێوە، دەستبەجێ وەك ئەوەی ئامادەکاری بۆ کردبێ کوتی:

- ڕەحمەت لە بابت. حەق وایە کاکەحەسەنیش قسەی خۆی بکا ...

بەڵام حاجیسماییل دەرفەتی دژایەتی زیاتری نەدا و بەقەڵسی کوتی:

- باشە بابم! ئەمن گووم خوارد! ئەوە بێدەنگ دەبم بزانم ئێوە چ دەکەن. یەك قسەشی لێ ناکەم.

حاجیسماییل بەو پاشەکشە ستراتێژیکە بەجارێ کەشەکەی بە قازانجی خۆی ئاڵوگۆڕ پێکرد. بەو قسەیەی هەستی گوناح و بێشەرمی لە ئاست گەورە کەیخودای بنەماڵە جووڵاند، چونکە دەستبەجێ پاشەکشەی جەماوەری بە ڕستەی جۆراوجۆر لێکەوتەوە؛ بە تایبەت پوورەزارا کە بە هەموو هێزەوە دەستیکرد بە بەرگری لە پێگەی حاجیسمایل و بە کورتە وتارێك ستایشی ڕۆڵی حاجیسمایلی دە بنەماڵەدا کرد. قسەی ئەوی وەك قسەی بابی دانا. ئەو بابەی کە مۆتەی مامەحەسەن بوو و لە ئاستی مووی نەدەپساند.

بەم پشتیوانییەی لێی کرا، حاجی‌سمایل پێگەی خۆی بەجارێ قایم کرد و خۆی وەك تاکە بڕیاردەر بەسەر کۆڕەکەدا سەپاند. لە ئاکامدا بە وتارێك کە بۆنی پۆپۆلیسمی لێدەهات هەستی ئامادەبوانی بزاوت.

- ڕۆڵە فەرقی برازا و ئەولادی چییە! مشکڵۆزمەی دنیا و قیامەتێ بم، ئەگەر جیاوازیتان بکەم. منداڵی کاکم هەر منداڵی خۆمە. ئێستا ئەو کوڕە کەرێتییەکی کردووە ئەمن دەبێ بۆی ڕاست کەمەوە، ئەمن جەرگم بۆی دەسووتێ. ئەمن پێم‌ناخۆشە. ئەگەر دەزانن هات وهاوارەکەم لەخۆڕایە، بڵێن مامە خۆتێوەرمەدە. لەیلا ڕۆڵە خەراپ دەڵێم؟! ها میرزاڕەحمان؟!

ئامۆژنە لەیلا کە بە قازانجی بوو پێگەی حاجی‌سماییلی لەو کاتەدا بەهێزتر بکا کوتی:

- مامە بۆخۆم قەرەواشی تۆم، منداڵیشم نۆکەر و قەرەواشتن. ئێستاش ئەوە ڕوومان لە تۆ ناوە، چۆنت پێ باشترە ئاوای چارەسەر بکە. کوڕ، کوڕی خۆتە.

سامڕەند کە بە خوڵقی دایکی ببووە کوڕی حاجی‌سمایلی و تێکەڵی بەرهەمی هەوڵی بێ‌پسانەوە، یانی دوازدە منداڵەکەی حاجی‌سماییل ببوو، بە دڵەڕاوکەوە دەیڕوانییە باسەکان. وەك ئەوەی چاوەڕێی ئەنجامی تیروپشك بکا، بە سەرنجەوە وت‌وویژەکانی سەیردەکرد و بە شێوازێکی شایانی بەزەیی خۆی دەنواند؛ تەنانەت لەوەتی حاجی‌سماییل هاتبوو مۆبایلەکەشی وەلانابوو و تەمای نەبوو وڵامی پەیامە یەك‌لەدوای یەکەکان

کە خێراخێرا شاشەکەیان هەڵدەکرد بداتەوە. بە ئەو گوێزتنەوەی ناوەندی بڕیارە بە جارێ شاگەشکە ببوو و چاوی بڕیبووە زاری حاجی‌سماییل تا بڕیارێکی دڵخۆشکەری لێ ببیسێ. هەربۆیە کاتێ زەنگی دەرگا وەستانێکی کورتی خستە نێو باسەکە، قەڵسی دەموچاوی تەنی.

لێدانی زەنگی دەرگا بە پێچەوانەی جارەکانی پێشتر، کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، تەنانەت مامەحەسەنیش کە سەیری لەدەستچوونی دەسەڵاتەکەی دەکرد، پێی هەستیار نەبوو. ڕام وابوو کە کردنەوەی سەربەخۆی دەرگا لەو کاتەدا، لەوانەیە بەرپرسیارەتییەکی گەورە بخولقێنێ هەربۆیە کاتێك لە سەرنجی مامەحەسەن بێ‌هیوا بووم، بۆ ڕێنوێنی لە مامەحوسێنم ڕوانی. مامەحوسێن دەستی سەرچۆکی بۆ سەری کردبوو بە کۆڵەکە و لەسەر سنووری خەو و بێداریدا هەنگاوی دەنا و لاترەی دەبەست. تەمام بوو لە ئەگەری بەزاندنی سنوور ئاگاداری کەمەوە کە ئامۆژنم فەرمانی کردنەوەی دەرگای پێدام.

- بیکەوە ڕۆڵە ئی‌خۆمانن.

بەپێچەوانەی جارەکانی پێشی، ئاگاداری هیچ بانگهێشتێکی تر نەبووم بەڵام مەزەندەی ئەوەم دەکرد کە بۆ پاراستنی هاوسەنگی، هاتنی خزموکەسی ئامۆژنم دەبێ لەئارادا هەبێ.

- بەڵێ؟ فەرموو؟
- لێیگەڕێ فەقیرە وەڕەزە. با بەرێکی دیکەش دانیشێ.

ماویەك ڕاوەستام دوایە سەرلەنوێ:

- فەرموو؟ کێ بوو؟

ئامۆژنم کە خستبوومییە ژێر چاودێرییەکی قورس، پرسی:

- بۆ نایکەیەوە ڕۆڵە؟
- نازانم کێیە هەر دەڵێ نازانم فەقیرە چی.

لەو کاتەدا مامەحوسێنم دی کە لەو دیوی سنوور گەڕاوەتەوە و خەریکە بۆ چوونەدەر دەرگای هاڵەکە دەکاتەوە. پێموابوو بە ئەرکی بەرگری خۆی هەستاوەتەوە کەچی دواتر بۆم دەرکەوت بە جگەرەی مامەحەسەن ڕازی نییە و جگەرەی خۆی پێویستە.

دەرگام نەکردەوە و بەدوویدا ڕۆیشتم. گورگ ئاوڕێکی داوە و کوتی:

- بۆکوێ؟
- لەدەرکەی دەدەن.
- قامکێکت پێوەنابا.
- وڵام ناداتەوە.
- پیاوی لەدوو بنێرە.

ئەوجۆرە قسە بە لاڕێدا بردنە ئەوپەڕی توانای مامەحوسێن لە گاڵتە و ڕابواردن بوون کەچی بەوانەش پێکەنینی نەدەهاتێ.

کاتێك گەیشتینە حەوشەکە، دەنگی زیرەیەك هەستیاری کردین. زۆر لە دەنگی نەجیبە دەچوو. مامەحوسێن هاوکات کە بۆلای دەرگای حەوشە دەڕۆیی، کەڵاشەکانی لە پێی توندکرد. قۆڵی دە کۆتەکەی هەڵکێشا و

خۆی ئامادەی ئەگەرەکان کرد. دەستی ڕاستی دەگیرفانی کۆتەکەی نا و هەر دەویێدا هێشتیەوە. ویدەچوو پڕی بە چەقۆکەی داگرتبێ. بە دەستی چەپی، قفڵی دەرگای گرت و کردیەوە.

بەهۆی ئەو نیوە بستەی کە لەوی بڵیندتر بووم، توانام هەبوو هەموو شتێك لە پشت ئەو قەڵغانە قایمەڕا ببینم. بابی نەجیبەی هەوڵی دەدا بیباتەوە ژووری بەڵام نەجیبە ملی نەدەدا. حاجی خالیدیش ڕوحمی بزوتبوو و تکای بۆ دەکرد بەڵکوو هێندێك کاتی زیاتری بۆ ئەو سەیر و سەفا و زەق ڕوانینانە بداتێ.

مامەحوسێن پێش ئەوەی حاجیخالید و وەفدی هاوڕێی، سەرنجیان لەسەر نەجیبەڕا بۆ سەر دەرگای کراوە ڕاگوێزن، ئاوڕی داوە و بە سرتە کوتی:

- ئەوە شەیتان گەیشتێ و مەسڵەت کرا، سازبە بڕۆینەوە.

مامەحوسێن ڕانەوەستا. سڵاو و مەرحەبابییەکی سووکی دەگەڵ کردن و ڕۆیی، هەڵبەت بۆ جگەرە کڕین.

حاجیخالید لە تەنیشت دەرگاکە ڕاوەستا هەتا نۆرەی هاتنەژووری بێ. وەك دەسپێك، هەرلە دووررڕا، زاری پانکردەوە و بە شێوازێك کە لە دەم و فلچی نەدەهاتەوە سڵاوێکی باوی ڕۆژی لێکردم.

- سڵاو بەڕێز گیان.

ئەمنیش بە شێوازی خۆم لەسەرەوە پێچوکڵاوەکەی مامڕەحیمڕا سڵاوم هەستاندەوە.

مامڕەحیم جووڵەی زۆر سەقامگیر نەبوو هەربۆیە بە پێیەك، کاری بەوجۆرەی پێویستە ڕاست نەدەهات. ویدەچوو بۆخۆشی متمانەی بە هەنگاوەکانی نەبێ چونکە هەتا یەکیانی لەسەر ئەرزەکە قاییم نەکردبا ئەوی دیکەی هەڵنەدەهێنا. کاتێك لەدەرگاکە هاتە ژووریێ، لاقی دووهێندە هەڵهێنا. بۆ دڵنیایی زیاتر، دەستێکی بە تایەکی دەرگاکە وەبوو هەتاکوو لە لێواری دەرگاکە پەڕیوە. کە گەیشتە ڕاستی من سەبرێکی گرت هەتا لاقەکەی دیکەشی گەیشتێ، ئینجا وەك سەربازی بەردەم فەرماندەی ڕاوەستا. سەری کە ئەوپەڕی بستێك لە سینگم دوور بوو، هەڵهێنا و لێم ڕاما. نەیناسیم. ویدەچوو بیهەوێ بە کەسێکم بشوبهێنێ بەڵام هیچی نەدرکاند. لە ئاکامدا کوتی:

- چۆنی بابم؟

ڕانەوەستا پێی بڵێم چۆنم. ملی ڕێیەی گرت و ڕۆیشت.

حاجیخالید تەنیشتی دەرگای بەرنەدا و بە فەرموو فەرمووی دژبەری هەرە لەمێژینەی باپیرمی خولقی ژووریێ کرد. ئەو دوژمنەی حەفدە ساڵی هەوەڵی ناسینی باپیرم تەنیا شەشجار هات. ساڵی هەوەڵێ پێنج جار و ساڵی حەفدەهەم بۆ سەرەخۆشی باپیرم.

باپیرم وەك وەسیەتی بەردەوامی بۆ نەنکم، بە درێژایی ئەو ساڵانە دەیکوت:

- ئایش! گوێت لێبێ بزانە دەڵێم چی! گەردنت ئازا ناکەم بهێڵی ئەو سەگسارە فاتیحاشم بۆ دابدا.

بۆ هۆکارەکەشی دەیکوت:

- ئەوە حەمالەت ئەلحەتەبە. ئاژاوەی ماڵە منە. تاقە کوڕێکم مابوو بێسەروشوێنی کرد. بردی لە بن دەستی خۆی داینا.

بۆ ئەوکاتی، جیابوونەوەی کوڕ لە بابی قەباحەتێکی گەورە ئەژمار دەکرا بەتایبەت کە ببێتە کرێگرتەی خەسووشی. هەڵبەت وەك دەگێڕنەوە، خەسوو کاری خۆی چاك دەزانی بۆیە باپیرم پێی دەکوت مەلەك جامباز.

سەیزادە مەلەك، قیت‌وقۆز، چارشێوێکی ڕەشی لەسەر شانیڕا بەخۆی دادابوو و جەستەی زەلامی پێ شاردبۆوە. لێچکەیەکی وەنەوشی توندی لەسەری هاڵاندبوو. کلکێکی لێچکەکەی بە کەلێنی چارشێوەکەیدا هاتبووە دەرێ. دەستێکی دە کەلەکەی چەقاندبوو و لایەکی چارشێوەکەی پێهەڵدابۆوە. دەستی لە کەلەکەی نەکردەوە و لابەلا لە دەرگا پەڕیوە. کاتێ گەیشتە ڕاستی من، سەرنجێکی وای نەدامێ و بە سڵاوێکی ئاسایی بە تەنیشتمدا تێپەڕ بوو. ئاوری لە هاوڕێیانی نەدا و کەوتە شوێنی مامڕەحیمی. بۆ هەر هەنگاوێك سەبرێکی لە مامڕەحیمی هێوەری دەگرت بۆ ئەوەی هەروا لە پێشی بمێنێتەوە.

دوابەدوای تێپەڕبوونی سەیزادە مەلەك، حاجی‌خالید بەبێ ئەوەی خوڵقی کەسی دیکە بکا وە پێش شەهێنی خێزانی و عەلی ژنبرای کەوت. دەستی دە نێو دەستی نام و تۆقەیەکی گەرمی کرد. وێڕای تۆقەکردن هیوای سەرکەوتنیشی بۆ خواستم.

وادیاربوو حاجی‌خالید لەو هەموو شتە تازەی، لەو چەند ساڵەی دواییدا لە بارەی دواندنی جەماوەر فێری ببوو، هیچی فێری شەهێنی خێزانی نەکردبوو چونکە ئەو سڵاوە ویشك و ساکارەی کردی، هەر بە کەلکی بیستنی خۆی دەهات. ئەگەرچی ئەو سڵاوە ویشکەش بە بەراورد بە سڵاوەکەی عەلی برای زۆر ڕیکوپێك بوو.

گەیشتنە ژووری ئەو گرووپە نوێیە، بوو بە ناوبڕێکی باش بۆ هێور بوونەوەی حاجی‌سماییل کە هیچ لە زەبری گفت‌ولفتی دانەبەزیبوو. سەرەڕای ئەوەی پێگەکەی لەو کێشەیەدا مسۆگر ببوو، دەستبەرداری سەرکۆنە کردنی مامە حەسەن نەببوو و خەریك بوو پاش خۆبەدەستەوەدانیشی هەر دەیکوتا. هێشتا هەموو بەپێوە بوون و کەس لە شوێنی دانیشتنی خۆی دڵنیا نەببوو کە حاجی‌سماییل، مامڕەحیمی بە قازی داناو و داوای دەربڕینی بڕیاری لێکرد.

- نەوەڵڵا کاكڕەحیم روو لە تۆ دەکەم. ئەتۆ قازی بە. ئەو هەتیوە چووە ژنی هەڵگرتووە، ئەرێ بابم جەماعەت، عەیب نییە، قەباحەت نییە بچی کچەکەی بۆ کابرای بنێرێوە؟ کێ ئاوات لێ قەبووڵ دەکا؟! دەگەڵ تۆمە حەسەن بۆ خۆت لە گێژی داوە. ئەوە ئەتۆ بی ئاوای قەبووڵ دەکەی؟ لە کابرای خۆش دەبی؟ ها کاكڕەحیم؟

هەموو چاوەڕێی حاجی‌سمایل بوون بەڵکوو باسەکە ببڕێتەوە و دەرفەتیان بداتێ چیدی ڕانەوەستن و شوێنێك بۆ دانیشتنی خۆیان بدۆزنەوە. لەو کاتەدا مامەخەلیل لە نەقەنەقی مامڕەحیم کەڵکی وەرگرت و کوتی:

- دەی چەلێ لەوەی گەڕێن، با ئەو عالەمە لەسەر لاق ڕانەوەستن. فەرموون دەی.

بەو خۆتێوەردانە بەجێیەی مامەخەلیل هاواری فەرموو ئێرە فەرموو ئێرە ژوورەکەی تەنی. بۆ ژنان گرفت نەبوو. سەدیان لە بستە جێیەك خۆیان جێدەکەنەوە. گرفت پیاوەکانن کە ئەو باوەڕەی لەبابەت کەسایەتی خۆیان هەیانە دەگەڵ ئەو شوێنەی جێیان دەکەن جیاوازە.

حاجی‌خالید ڕووی دە سەرووی کۆڕەکە کرد، بەڵام خاڵەفەتاح و حاجی‌سمایل تەنیا بەشی مامڕەحیمیان جێگا کردەوە. هەربۆیە لە نیوەی ڕێیە ملی سوڕاند و تەنیا شوێنی لەبەردەستی هەڵبژارد. لە سمێڵ هەڵقرچاندنیڕا وێدەچوو کە بە جێگای مامەحوسێنی زۆر قایل نییە. بەڵام پێموایە دواتر بەو قەناعەتە دەگا کە دانیشتنی تەنیشت میرزاڕەحمانی بێدەنگ، زۆر لە زیارەتی پوورەجەواهیر باشترە.

بەخێرهاتنەکان بۆ هێوربوونەوەی کەشەکە زۆر بەکەڵك بوون بەتایبەت بەخێرهێنان لەجۆری خاڵەفەتاحی. هەرئەو بەخێرهێنانە بووە هۆی ئەوەیکە بابەتەکە چیتر تەنیا وەك ئەجێندای کۆبوونەوەکە بە گشتی، نەخرێتە بەرباس و بەسەر لیژنەکاندا دابەش ببێ. ئەمن و سامڕەند لە هیچ لیژنەیەکدا بەشدارییان پێنەکردین هەربۆیە خۆنەویست سەرنجمان

چووبووە سەر دەنگی زاڵی سەرۆکی خۆسەپێندراوی کۆبوونەوەکە کە شێلگیرانە، وەدوای بە بەقازیگرتنەکەی مامڕەحیم دەکەوت و داوای ڕاستکردنەوەی لێ دەکرد.

- هەروانییە ئاخر؟ دەڵێم ڕۆڵە کار بە پیاوان دەکرێ! فێعلی ژنانم وەپێش مەکەوە. دووهێندەی تۆم دنیا دیوە. شتەکەی مەکە بە کەڵەگایەتی. ئاوا سبحەینێ کێ لەسەرت وەجواب دێ! خەراپ دەڵێم؟!

سەرنجم چووبووە سەر مامڕەحیم و چاوەڕێی دەربڕینێکی بووم کە داخوا هەڵوێستەکەی هیچی دەباراندا هەیە یا ئەویشی وەك ڕێگا ڕۆیشتنەکەی زۆر متمانەپێکراو نییە بەڵام ئەوە پوورەجەواهیر بوو کە دەنگی ڕاستکردنەوەی دەربڕی.

- ئائا...

بەشبەحاڵیخۆم ئەو دەربڕینەی پوورەجەواهیرم وەك ڕاستکردنەوەی وتارەکەی حاجیسماییل لێکداوە، دڵنیام ئەوانیتریش کە گوێبیسی بوون هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوون بەڵام لەڕاستیدا پوورەجەواهیر هیچ ئاگای لە چاوەڕوانی حاجیسماییل بۆ ڕاستکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکەی نەبوو بەڵکوو زاری داپچڕیبوو و خەریك بوو دوو خلێنەی هێشتا ماوی پێشانی خاڵەفەتاح دەدا. گۆیا قەراروایە سبحەینێ میرزاڕەحمان بیباتە ددانسازی.

بەدیتنی ئەو دیمەنە حاجیسماییل لغاوی باسەکەی لەدەست چووە دەرێ و وەك ئەوەی لەبیریچووبێتەوە باسی چی دەکرد کوتی:

- ئادی! ئەریوەڵڵا!

هەر ئەو کپ بوونەی دەنگی حاجی‌سمایل لەو ساتەوەختەدا بووە هۆی ئەوەیکە پوورەجەواهیر هیچ ڕکابەرێك نەبینێ و بە دەنگەزەلامەکەی مێژووی ددانکردنەوەی بۆ خاڵەفەتاح بگێڕێتەوە.

- ساڵێکە بە ڕەحمانی دەڵێم بمهێنێ ئەو ددانانەم چاکەم. هەموو جارێ خۆم لێ دەشارێتەوە. پیلی زارای دەگرێ یاڵڵا بۆ ئێرە. ئەوڕیزەم جارێکی دیکەش کردوونەوە بەکەڵك نەدەهاتن. ئەودەمی ساحەبم، پێش باپیری ڕەحمانی نا ئەویدیکە، لە تەوریزێ بۆی‌کردمەوە. هەربە زارمەوە ڕانەدەوەستان. لیچم بەقەد لیچە وشتری دەرپەڕیبوون. فڕێمدان. نەمکردنەوە هەتا دوای ئینقلابێ حاجی بۆیکردمەوە. خوارێش ئەوانەی پێشێم هەر مابوو، دوایە باپیری ڕەحمانی بۆی کێشام، کوتی بۆت دەکەمەوە. هەر نەیکردەوە هەتا ئەتو خۆش. ددانی چاکم هەبوون دەتکوت سەدەفن ...

مێژووگێڕانەوەی پوورەجەواهیر ئەگەرچی هیچ هۆگرێکی نەبوو بەڵام مامڕەحیمی یارەمەتیدا کە خۆی دەگەڵ کەشی کۆبوونەوەکە بگونجێنێ و دوور لە هەژموونی حاجی‌سماییل ڕاوبۆچوونی خۆی بدرکێنێ.

- هاتووە بابم کارە هاتووە. کار لە پیاوان دەقەومێ. خۆتانی پێ شڵوێ مەکەن. ئەوە لێرەین تەگبیرێکی لێ دەکەین. بەڵام پیاو

حەق بڵێ، کەر سواربوون عەیبێکە و دابەزینی دوو عەیب. بەڵام ئیشاڵڵا ناهێڵین کاربکەوێتە دابەزینێ. وانییە کاکفەتاح.

خاڵەفەتاح بە جۆرێك بەدەست پوورەجەواهیر پێوەببوو، هەر ئەوەندەی مابوو دەست بداتە گازێك و ئەو دوو خلێنەشی بۆ بکێشێ هەربۆیە لە کورتماوەدا بۆ ئەوەی نەدەبوو ڕاستکردنەوەی هیچ (وانییە؟)یەکی پێ بسپێری. لەبەر ئەو هۆکارە خاڵەفەتاح، تۆزێ درەنگ بە داخوازی مامڕەحیمی زانی بەڵام مامڕەحیم ورەی لەدەست نەدا و چووە سوراغی سەیزادەمەلەکی براژنی بۆ ئەوەی هێز بداتە بۆچوونەکەی.

- ها؟ چت کوت براژن؟

بە باوەڕی من داوای هێزدان بە ڕاوبۆچون، لە سەیزادەمەلەك، دەبووە هۆی دابەزینی ئاستی شکۆی. سەیزادەمەلەك سەرچاوەی هێزدان نەبوو و هێنانە خواری شکۆی تا ئەوڕادەیە پێچەوانەی ئەو نێوونێوبانگە بوو کە باپیرم لەبارەی تواناکانی لە بواری سێحرگێڕاندا پێی دابوو. هەڵبەت سەیزادەمەلەك پێموانەبێ لەوکاتەدا هیچ گرفتێکی دەگەڵ ئەو داوایە هەبووبێ چونکە لە ئاکامدا زووتر لەو کاتەی گوماندەکرا دەرفەتی هاتنە نێو باسەکەی بۆ ڕەخسا.

- بەڵێ کاکە ڕاست دەفەرمووی هەروایە. بەڵام ئەگەر ئەو کوڕە هەڵەیەکی کردووە کچەشی دەگەڵ بووە. سەرکۆنەی کوڕەکەی خۆشمان دەکەین بەڵام کابراش هێندە زەلام ناکەین خۆمان لێ

بخاتە سەرپشتێ. لەبەر دڵی ئەو کوڕەی نەبێ دەنا خۆ دایکی کچان نەمردووە. ئەوە نەبوو یەکی دیکە.

ئەو "بەڵامەی" سەیزادەمەلەك سەرەتایەك بوو بۆ گۆڕانکارییەکی گەورە لە بەرەوپێشچوونی پڕۆسەکەدا. لەو ساتەوە هەموو قۆناغەکانی ئەو پڕۆسەیە بە لێکدانەوەیەکی تر دووبارە کوترانەوە. لەڕاستیدا ئەو "بەڵامە"، "بەڵام" نەبوو بەڵکوو نەخشەڕێگا بوو. نەخشەڕێگایەك کە سەیزادەمەلەك هەموو ئامرازەکانی بۆ جێبەجێکردنی لەبەر دەستدا هەبوو و بە هەڵکەوتیش پێش گەیشتنی لە زاری مامەحەسەن بیسرابوو.

لەو ساتەوە کە مامڕەحیم ئەو هەلەی بۆ براژنی ڕەخساند و دەرفەتی دەربڕینی "بەڵامی" پێدا، دەرکەوت کە ئەوپێگەی دەنێو ئەو کێشەیەدا بۆ حاجیسماییل گۆمانم دەکرد بەدەست سەیزادەمەلەکی کەوتۆتە مەترسی.

بەپێچەوانەی حاجیسماییل کە بۆ سەرخستنی بیرۆکەی خۆی تەنیا پشتی بە ناونیشانی فەخری خۆی یانی کەیخودا، بەستبوو، سەیزادەمەلەك هەموو کارتە گوشارەکانی لەبەردەست بوون. مامەحەسەن شەرمی لە حاجیسماییل دەکرد بەڵام لە ئاست سەیزادەمەلەك تەنیا داوەڵێك بوو. هەر وەك باپیرم هەمیشە ئەوەی لەسەر زاری بوو دەیکوت:

- بەحەزرەتی خدر! ئەوەندەی حەسەن لە مەلەك جامبازی دەترسێ، لە خودای ترسابا، ئێستا ئەمیش بابی پیاوچاکێکی بووم.

لەبابەت ئامۆژنم کە گومانی تێدا نەبوو بە نوێنەرایەتی سەیزادەمەلەك سەرپەرشتی ئەو لقەی دەسەڵاتەکەی وی دەکات. دەسەڵاتێك کە چ کاتی

بوونی مێردەکەی و چ ئەو هەمووساڵەی وەك بێوەژن ڕایبواردووە، هەر لە ژێر ڕکێفی خۆیدابووە.

تاوانباری سەرەکیش کە ئێستا ئەو دۆخەی هێناوەتە ئارا و خەریکە دووبارە پێگەی نەنکی پێ هەڵدەسەنگێنێ، بە دڵنیاییەوە، خاڵوەلەدە.

بە ڕەچاوگرتنی ئەوڕاستییانە قسەیەکی بێمانا نییە ئەگەر بڵێین، حاجیسمایل ئەگەر شەڕی بڕیاری کردبا، شەڕی خۆترێن دەبوو. ئەگەرچی وێنەدەچوو بۆخۆی هێچ بەو ڕاستییە بزانێ چونکە بە هۆی ئەو پشتیوانییەی پێش هاتنی میوانە تازەکان لێیکرابوو ئێستا گفتولفتی هێرشکارانە ببوو. هێشتا هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك ڕووینەدابوو و تەنیا بیرۆکە ئاڵوگۆڕ دەکران بەڵام ئەو، هەموو کردەوەیەکی نابەدڵی خۆی سەرکۆنەدەکرد. وەك بەڵگە بۆ هەڵسوکەوتی نەشیاو، چەندین بیرەوەری گێڕاوە و ئیدانەی هەڵسوکەوتی کەسایەتی نێو بیرەوەرییەکانی کرد.

لەوکاتەدا وێدەچوو، حاجیسمایيل نیگا زەقەکانی کە چاوەڕێی نۆرەقسەیان دەکرد، وەك هۆگرانی وتارە یەكلەدوای یەکەکانی ئەژمار بکا، چونکە بە ئەوپەڕی هێزەوە بەردەوام بوو.

- ئەو کابرایە لێی قەوماوە. ئێستا داری دووسەر گوواوی بەدەستەوەیە. مەسڵەتێ ناکا نابێ، مەسڵەتێ دەکا لە ڕقان حەجمینی نابێ. با کابراش تێمابێ، خۆ نابێ ئەتۆش لێی ببی بە کەڵەگا. چوار کەیخودایان ڕادەسپێرین و ...

ئەگەرچی ویشکی زاری خەریك بوو لە هەڵسووڕانی زمانی بەشێوەی پێویست، ڕێگر دەبوو، بەڵام زۆر بەباشی هەوڵی خۆی دەدا هەتاکوو تاوناتاویێك بە وەستانێکی زۆر کورت، تەڕاییەك لە کەلێن و قوژبنی ددانە دەستکردەکانی بدۆزێتەوە و زمانی پێ تەڕ بکا. لە کاتی یەکێك لەو کورتە وەستانانەدا بوو کە پوورەجەواهیر هەلەکەی قۆزتەوە و خولیای گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی خۆی، پەیوەست بەو باسە، هێنایەدی.

- ڕەحمەت لە بابت! وەڵڵا ڕاست وایە. ئەی بابم کەیخودا بۆ چی دەبێ! ئەوە ئێستا وایە، ساڵی ساڵان کێ لە ڕووی هەڵدەهات قسە لە قسەی کەیخودای بکا.

بۆ دەسپێکی بیرەوەرییەکەی، وەستانێکی کورتی کرد هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە چەند کەس بە گومانی ئەوەیکە وتارەکەی تەواو بووە هەوڵی قسەکردن بدەن بەڵام پوورەجەواهیر بە دەنگە زەلامەکەی یەكبەیەك ئاگاداری هەموانی کردەوە.

- جا حاجی گیان ئەتۆ گوێ بدەیە. سەیزادە، کاکە، جەوان گیان، گوێت لێبێ. منداڵ بووم سەگبابێك هەڵیفریواندم، ڕەگەڵی کەوتم. خۆ بەو حەجەی زیارەتت کردووە هێشتا خۆم نەناسیبوو. خەسووم لە کن خۆی دەینواندم. شەش مانگیشی لە کن بووم خەسووم نەیدەهێشت هەتیو بێتە کنم.

کاتێ پوورەجەواهیر خەریك بوو بەوجۆرە سنوورەکانی دواندنی دەبەزاند، کەشێکی شەرم و پێکەنین باڵی بەسەر ژوورەکە داگرت. میرزاڕەحمان لەو

کەشەدا تەنیا شەرمەکەی پێبڕابوو هەربۆیە بەبیانووی سەردانی ماشێنەکەی و دڵنیابوون لە ئەگەری ڕەچاوکردنی خەتی تەقارۆن کۆبوونەوەکەی جێهێشت.

چوونەدەری میرزاڕەحمان ڕێگر نەبوو لە گێڕانەوەی بیرەوەری پوورەجەواهیر:

- ئاخری سەری هەر نەگرت. خەسووم حەتمی لە هەتیوی کرد، هەر دەبێ بیبەیەوە. وەڵڵا حاجییەکی وەك جەنابت، زۆر کەیخودا بوو، پیلی گرتم سواری پاشی وڵاغی کردم، بردمێوە. بەو حەجەی زیارەتت کردووە، بابم وزەی نەکرد. نابێ و ناکرێ نەبوو. کەیخودا بوو. وەڵڵا بەسەری تۆ لەماڵە بابم گیرسامەوە. جا بۆیە فەرمایشەکەت ڕاستە کار بە کەیخودایان دەکرێ. ئەدی چواری وەك من لە هەشت قسان شەشیان تمەنێکی ناهێنێ بۆ چی دەبین!

حاجیسمایل کە وێدەچوو بەو هەموو سنوور بەزاندنەی پوورەجەواهیر زۆر قەڵس بووبێ کەچی لە ئاکامدا لە قەڵسی خۆی خۆش بوو و ڕستەی کۆتایی پوورەجەواهیری بە زیرەکی قۆزتەوە تا سەرەتای وتارێکی نوێی پێ دامەزرێنێ.

- کابرا پەندێکی بەسەرهاتووە و ئێستا لەخۆی حاڵی بووە. ئێمەش دەبێ چوارکەسان بنێرین لە شتێکی حاڵی بن. ڕێزی کابرای

بگرین، ڕێزمان دەگرێ. کار لە پیاوان دەقەومێ، تەگبیری کاری پیاوانیش هەر بە پیاوان دەکرێ.

لەترسی قسەبڕینیش بێ، ئەوجار حاجیسمایل زمانی تەڕ نەکرد و یەکپشوو درێژەی پێدا هەتا ویشکی زاری جووڵەی لە زمانی بڕی. کاتێك زمانی بۆ درێژەپێدانی وتارەکەی یارمەتیدەر نەبوو بڕیاری کۆتایی خۆی ڕاگەیەند.

- مامڕەحیم! هەتا شەو درەنگ نەبووە هەستە با بڕۆین. قەدیم گوتەنی یا گاڵ دێ یا پەمۆ. کردیان، ئەوە کردیان. نەیانکرد، تەگبیرێکی دیکەی لێدەکەین.

مامڕەحیم کە تەنیا کەیخودای فەخری بوو و وێدەچوو بۆ هاوسەنگی هێز بانگهێشت کرابێ، هیچ جووڵەیەکی شایانی ڕوولێنانەکەی حاجیسمایل پێشان نەدا و تەنیا لە ناوەندی بڕیاری ڕوانی. ناوەندی بڕیار بە سەرپەرەشتی سەیزادەمەلەك، ماوەیەك بوو لەبەر مەیدانداری حاجیسمایل، قەتیز ببوون و ڕێی دەربڕینی هەرجۆرە پێشنیارێکیان لێ گیرابوو. بۆ بەدواداچوونی داوای، نیگای داواکەرانەی مامڕەحیم، سەیزادەمەلەك قسەی خۆی بە زاری عەلی کوڕی کرد.

- خاڵەحاجی ئەو پەلەپەلەی بۆ چییە؟! ئەوشەو دوو سێ نەفەر دەچین با تامی زاریان بزانین. ئەگەر هات و قاییل بوو ئەوە سبحەی بۆ قسەی یەکجاری دەچینەوە.

لە ماوەی دەربڕینی ئەو پێشنیارەدا، سەیزادەمەلەك وەك ئەوەی سەداسەد قسەی خۆی بێ، سووکە ئاوڕێکشی لە عەلی کوڕی نەداوە و تەنیا سەیری کاردانەوەی ئامادبووانی دەکرد.

عەلی خاڵی زاوای، لە درێژەی پێشنیارەکەیدا هاوکات کە ڕدێنە تەنك و ئاڵۆزەکەی بە چەنگان دادەهێنا، مامە خەلیل و حاجیخالید و خۆی وەك وەفدی یەکەم دەستنیشان کرد بەڵام بەخێرایی کاردانەوەی زۆر توندی حاجیسماییلی لێکەوتەوە.

- ڕۆڵە! نازانم ئەتۆ لەکوێڕا هاتووی! کابراش خۆی پێ پیاوە! خۆ بەوەی نییە ئافرەتێکی بێحەیا ئەوپەندەی بەسەر هێناوە. چۆن چوار منداڵان بۆ مەسڵەتێ دەنێرم.

کاریگەری ئەو سووکایەتییە ڕاستەوخۆیەی حاجیسماییلی لە سەر هەرکام لەو سێ گەورەمنداڵە جیاواز بوو.

کاریگەرییەکە لەسەر خاڵەعەلی سامڕەندی یەکجار زۆر بوو چونکە دەستبەجێ دەموچاوی سوورهەڵگەڕا و تەنانەت لەژێر ڕدێنە زەردە تەنکەکەیڕا خۆی وەدیارخست.

مامەخەلیل کە دەگەڵ ئەو گفتولفتەی حاجیسماییل ناسیاوی زۆری هەبوو، بەرپرسیارانە هەوڵیدا حاجیسماییل هێندێك لە وتە نەشیاوەکەی ئاگادارکاتەوە:

- جا حاجی ئەوە قسەیە دەیکەی. کاکەعلی لەبەر ئێوە وا دەڵێ. با نەچن لەوێ دووقسەی ناحەزتان پێبڵێن. دەنا کەیفی خۆتە، هەستە بەتەنێ بچوو.

حاجیخالید کە تا ئەوکاتە دەرفەتی هیچ خۆنواندنێکی پێنەدرابوو بێدەنگی خۆی هەروا پاراست و بە سەرنجەوە دەیڕوانییە حاجیسماییلی. پێموایە هیچ کاردانەوەیەکی شیاوی بۆ وەها دۆخێك نەدەناسی و چاوڕوانی ئەوجۆرە ڕاوبۆچوونانەی نەدەکرد بەتایبەت کە ئێستا جیاواز لە ساڵان خۆی دەنواند. هەستی ئەوکاتەی نازانم بەڵام لەوانەیە ئاواتی کەشیدەیەك و بیست ساڵ تەمەنی زیاتری خواستبێ هەتا دەگەڵ حاجیسماییلی بۆ یاریکردن لە کێشێکدا بگونجێن.

وەك ڕاستییەك، تا چەند ساڵ لەمەوبەر مامەحەسەن، قەت بەچاکی نێوی ئەو ئاواڵزاوایەی نەدەهێنا و ئەوپەڕی ڕق و بێزاری خۆی لە هەر شتێك بە بەراورد بە ڕقی لەو هەڵدەسەنگاند؛ بەڵام ڕاست لەو وەختەڕا کە سامرەند قسەی سەرزاری ببووە نواندنی تواناکانی مێردی پوورەشەهێنی لە بواری دەستڕۆیشتندا، مامەحەسەنیش نێوانی دەگەڵ خۆشکردبوو. زووزوو بانگهێشتی دەکرد و لە شایی و سەرەخۆشی لە تەنیشتی دادەنیشت. تەنانەت زۆر هەوڵی دەدا لەبەر چاوی باپیرم شیرنی بکا بەڵام باپیرم زۆر مەیلی لە دواندنی نەبوو و هەمووجارێك گاڵتەی بە هەڵسوکەوتی دەکرد.

- نازانم ئەو نارێکە چییە دەگەڵ خۆتی دەگێڕێ. نازانێ سڵاویش بکا! زار پاندەکاتەوە سپاس سپاس. سپاس چییە؟! بڵێ بەنۆکەرت بم، بڵێ دەستت ماچ دەکەم، بڵێ خودات لێ ڕازی بێ ...

بۆ کاردانەوە بە تاریفکردنی لەلایەن مامەحەسەنەوە دەیکوت:

- حەسەن هێندەی هەڵمەکێشە، بەخودای قەت شادەی پێناهێنم!

باپیرم لەسەر هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کاکخالید کە هێشتا حاجی نەبوو بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە گۆیا دەوڵەت بێبەرامبەر پووڵی دەدا بە خەڵك و پێویستە ناونووسی بۆ بکەن. لە ساتەوەختی بیستنی ئەو دەنگۆیە باپیرم کێچی دەکەوڵی کەوت و هەراسانی کردین چونکە تەنیا ناسنامەی زەمانی شای هەبوو. سەرەتا لە ترسی سەربازی و دواتر بۆ سەلماندنی بێمنەتی خۆی نەیگۆڕیبۆوە.

مامەحەسەن ئەو هەلەی بەباشی قۆزتەوە و بە یارمەتی دەستڕۆیشتنەکەی حاجیخالید بەبێ هیچ لێکەوتەیەك، ناسنامەی نوێی بۆ وەرگرت. ئەو سەرکەوتنە باپیرمی هێنا سەر ئەو باوەڕەی کە دەکرێ شادەی بە تواناکانی بێنێ.

لەوکاتەدا حاجیسماییل ئامادە نەبوو کە شادەی کاکی ببینێ، هەربۆیە وێنەدەچوو ئێستا، هەروا بە ئاسانی بکەوێتە ژێرکاریگەری و لە قسەی خۆی پاشگەز بێتەوە؛ ئەگەرچی ئیدانە کردنی ڕاستەوخۆی لە لایەن مامەخەلیل، بووە هۆی ئەوەیکە هەوڵ بدا بە سووکە پاکانەیەك زەبری گفتولفتی کەم کاتەوە.

- ها کاکڕەحیم چیت کوت؟!هەر وانییە ئاخر؟! کابرای بێچارەش خۆی پێ پیاوە، خۆ نابێ ئێمەش بە یەکجاری سووکی بکەین. قەیدی نییە با جنێوەکەی بە من بدا. بۆ بە خەلیلی بدا بۆ بە حاجیخالیدی بدا. ئەمن برازامە، هەر کوڕی خۆمە، بەخودای تێشمهەڵدەن مەنزوورم نییە.

دیار نەبوو چەندکەسیان ئەو پاکانەیان وەك داوای لێبوردن قەبووڵ کردووە بەڵام پێشنیارەکەی هێشتا هیچ پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆی لێنەکرابوو. ئەگەرچی دەمێك بوو ببوو بە تاقە سواری مەیدان و وتارە بێپسانەوەکانی بۆ سەلماندنی بیرۆکەکەی نۆبەبڕییان دەکرد.

لە بەرامبەردا سەیزادەمەلەك تەنیا بە چەند کورتە وتار هەژموونی خۆی بەسەر کۆڕەکەدا زاڵکردبوو و خۆی وەك ناوەندی بڕیار پێناسەکردبوو.

لە گەرمەی باسەکەدا بیرۆکەیەك بە میشکمدا هات. دەکرێ زۆر بە ئاسانی بە پەیوەندییەکی تەلیفوونی پرسیاری ئەوەی لە بابی کچەی بکەن داخوا قاییلە ئێستا کەس بچێ یان نا، بەڵام لەترسی کاردانەوەی حاجیسماییل، دنیانەدیو، لەبەرخۆم برد.

هەموو ئامادەبوان سەرقاڵی گوێگرتن لە وتووێژە بێئەنجامەکان بوون و ئەگەری هیچ بیرۆکەیەکی تر لە ئارادا نەبوو. حاجیسماییل بەتەنیا لە بەرێکەوە هەوڵی سەپاندنی بیرۆکەی خۆی دەدا و بە سەختی هەوڵی بە کردەوە کردنی دەدا. دیار نەبوو کە ئایا نازانێ یا نایهەوێ بزانێ کە کەشەکە

یاریدەدەری نییە و هەموو ئەوانەی کە دەبێ بیسەلمێنن، پێشتر بڕیاری خۆیان داوە.

تەنیا هەوڵێك کە بۆ دەربازکردنی دۆخەکە لەو چەقبەستووییە کاریگەر بوو، هەوڵەکەی سەیدمحەممەد بۆ بەلاڕێدابردنی باسەکە بوو.

- باشە ئێستا ئەوە چووین و کار کەوتە مەسڵەتێ نابێ بزانین کاكحەسەن چی بۆ دەکرێ، چی بۆ دەدرێ.

سەیدمحەممە کە هەمیشە نیوەی ماوەی سەردانیکردنی ماڵە خەزووری تایبەت بوو بە وتووێژی بێ ئاکام دەگەڵ حاجیسمایلی، بەو ئەگەرەی، بۆ ساتێك حاجیسمایلی کپ کرد. ویدەچوو هیچ وڵامێکی شیاوی پێنەبێ بەتایبەت کە کەیخودا بۆ بەشی ئابووری هیچ بۆ تێڕادیتن نابن.

لێرەدا بۆشایی بیرۆکە پەیدا بوو و هەریەکەی بە شێوەیەك خۆی لە ڕادەربڕین دەدزیەوە. ئەو بۆشاییە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ حاجیخالید ڕەخساند هەتا خۆیەك بنوێنێ و دەورێك بەقەد ئیشتیای خۆی بگێڕێ. سەرەتا پێداچوونەوەیەکی بە هەموو ئەو شتانەدا کرد کە تا ئەو کاتە وترابوون.

- دیارە ئەو شتە چاك یا خەراپ ڕوویداوە. وەك قەدیمی دەفەرموون پاش چووان مەڵە ئاخ کوێرەکانیان مەکە باخ. بۆ کاك حەسەنیش ئیدی ئەو شتە ڕوویداوە خۆ ناڕاحەت کردن هیچی پێ چاك نابێ. هەڵبەت قسە هەر دەکرێ و کار سەنگ و سووکی دەوێ. ئێمەش لێرەین هەتا دڕوویەك لە قالبی بێنینە دەرێ و دەستێکی دەگەڵ

بدەینێ. پیاو هەر خۆی نەبینێ! بابی کچەش ئێستا لێی قەوماوە و ئابڕوی چووە، حەقی خۆیەتی قەڵس بێ. لەوانەیە هەر ڕێگامان نەکا بچینە ژووریش. بەڵام ناکرێ ئێمەش وەك ئەوان بین و بەو کارەی ئەوان کاردانەوەی توندمان هەبێ. لەبەر دڵی کاكحەسەنیش بێ دەبێ بێحورمەتیان لێ قەبووڵ بکەین. وانییە مامە؟

حاجیخالید کە خەریك بوو زۆر ژیرانە خۆی لە بازنەی منداڵانی ئاماژەکراوی حاجیسماییل دەرداویشت بۆ درێژەدان بە وتارەکەی داوای ڕاستکردنەوەی لە مامڕەحیم کرد. مامڕەحیمێك کە ببوو بە ناوەندی پشتڕاستکردنەوەی هەموو بۆچوونێك. ئەگەرچی بۆخۆی هیچ پێشنیاریکی نەبوو بەڵام وەك ناوەندێك، ئەرکی پشتڕاستکردنەوەی هەموو بۆچوونەکانی وەئەستۆ گرتبوو، بە جۆرێك هەرکام لەو ڕەوتە جیاوازانە پێویستیان بە هاوڕایەك هەبا ڕووی قسەیان بۆ لای مامڕەحیم دەگوازتەوە. لەو کاتەشدا بە ئەرکی خۆی هەستا و هاوڕابوونی خۆی دەگەڵ حاجیخالید ڕاگەیاند.

- بەڵێ. بەڵێ. وایە. ڕاست دەفەرمووی.

بۆ هێڵی دووهەم، حاجیخالید، چووە سەر پرسیارەکەی سەیدمحەممەدی و وتارێکی پێشکێش کرد.

- ئەگەر هات و کابرا هاتە ڕەدایە، ئەو کات دادەنیشین سەنگوسووکێکی دەکەین. پێموانەبێ کابراش ئەوەندە خۆی ناحەز بکا و مەسڵەتی لەبەر شتی ئاوا هەڵوەشێنێتەوە. ئەوپەڕی

دەڵێ ئەوەندە مسقاڵە ئێمەش بە تکا و ڕەجا شتێکی پێ دەردەکەین. خەراپ دەڵێم مامە؟

مامڕەحیم کە بەجارێ ببوو بە فەرهەنگی کردەوە شیاوەکان و ئامادەی دابەشکردنی زانستی قووڵی خۆی لەو بوارەدا بوو دەستبەجێ ڕستەی ئامادەکراوی خۆی دووپاتەکردەوە.

- بەڵێ. بەڵێ. وایە. ڕاست دەفەرمووی.

زۆر زەحمەت بوو سەیدمحەممەد ئاوا بە ئاسانی دەوری مامڕەحیم بگێڕێ و بڵێ وایە بە تایبەت کە ڕۆژگارێکی دەگەڵ حاجیسمایل ڕابواردبوو.

- باشە حاجیگیان ئەوە هات و کابرا ملی نەدا داوای زۆری کرد. خۆ ناکرێ هەرچی کوتی بڵێی بە چاوان. ئەوە کوتی سەد مسقاڵ. بە سەنگ و سووك بیستیشمان قرتاند. ئێستا ئەو کابرایە لەکوێی بوو هەشتا مسقاڵی بکڕێ.

ئەگەرچی حاجیخالید فێر ببوو بە ڕواڵەت دیوی جوانی خۆی ئەوجۆرە پێشانبدا بەڵام زۆرجار ئەو دیوی دیکەشیم دیتووە. دڵنیا بووم بەرگەی ئەوە ناگرێ بە پرسیاران هەڵیپێچی چونکە زوو هەڵدەوەشێ. هەر وەك بە لالووتی وڵامی سەیدمحەممەدی داوە.

- سەیدگیان کابرا وەك تۆ قووڵی ناخوێنێتەوە. خەڵك کێشەی بۆ بۆخۆی سازدەکا! بەتۆش هەروانییە مامە؟

زۆر حەزم لێبوو پێش ئەوەی مامڕەحیم ڕستەکەی دووپاتەکاتەوە دەوری باپیرم بگێڕم، ئەو ڕۆژەی خەریك بوو بەوپەڕی قەڵسی لۆمەی ئاکاری کوڕەکانی دەکرد و نەنکم بۆ هێورکردنەوەی خێراخێرا دەیکوت:

- حەقتە، وەڵڵا ڕاست دەکەی.

لەو کاتەدا باپیرم بە توڕەیی کوتی:

- ئایش بۆ لێم بووی بە مەلای باراوێ هەرچی شکایەتی بردە کنی کوتی حەق بە تۆیە. دە بۆخۆشت شتێکی بڵێ، خۆ ڕوحت ناکێشن. جارێکی بلێ سەگباب درۆیە دەکەی.

بەخۆشحاڵیێوە سەیدمحەممەد دەرفەتی ئەوەی نەدا مامڕەحیم ئەو ڕستە بێزارکەرەی دووپات کاتەوە و دەستبەجێ بەرامبەری حاجیخالید وەستاوە.

- قووڵی چی حاجیگیان. لەخۆتڕا مەڕوانە! خەڵك لە پەتکی مفتی دەگەڕێ خۆی پێ بخینکێنێ. چت دیوە! وەڵڵا لەوانەیە داوای بەرخوێنیش بکات.

سەیدمحەممەد لێرەدا هەڵەیەکی ستراتێژیکی کرد و نەخوازراو تای تەرازووی بە قازانجی حاجیخالید لاسەنگ کرد. دەگەڵ وتنی ئەو قسەیەی، دەستبەجێ هاواری نارەزایەتی دەربڕین لە چواردەوری ژوورەکە بڵیند بوو و کەشێکی لەباری بۆ درێژەی خۆنواندنەکەی حاجیخالید خوڵقاند.

- سەیدگیان چ زەمانی ئەو شتانە ماوە! بەرخوێنی چی و شتی چی! خۆ کەس‌بەکەسی قەدیم نییە خەڵك ئێستا لە حەقی خۆی دەپرسێتەوە ...

هێشتا هەر خەریکی قسەکردن بوو کە حاجی‌سماییل بە لالووتی دەستیپێکرد سەرەتا هێندێك بە نزمی و دواتر بە بەرزی بەجۆرێك کە بە درێژایی ڕستەیەك، دەنگی وەسەر دەنگی حاجی‌خالید خست.

- کەس‌بەکەس ئێستایە کە کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە یا قەدیم کە گەورە و چووکە هەبوو؟! قەدیم منداڵێك چ دەیتوانی لە کن چوارگەوران دابنیشێ ئەوجار قسانیش بکا. سەنگ و سووکی دەگەڵ چی دەکەی؟! نابێ کابرا چوارکەست لەدەورەی ببینێ جا حیسابێکت بۆ بکا. ئەوە هات و کوتی سەد مسقاڵ نەخێر دووسەد مسقاڵ، مسقاڵی مێوژ و لەبلەبیە لێی دەربکەی؟! بابم! ئەتۆ لە گیرفانی خۆترا دەڕوانی!

چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کە حاجی‌سماییل گەڕانەوەیەکی ئاوا پڕشکۆی هەبێ و بەجارێ غەنیمی نوێی چەك بکا. نەتەنیا چەکی کرد بەڵکوو بۆ نێو یاریگای خۆی، بۆ یاریکردن بە شێوازی دڵخوازی خۆی پەلکێشی کرد.

حاجی‌خالید کە وێنەدەچوو زۆر شارەزای شێوازی یاری حاجی‌سماییل بێ، بەجارێ کۆنترۆڵی دۆخەکەی لەدەست دەرچوو و خۆنەویست کەوتە بەربەرەکانییەکی سەخت. حاجی‌خالید کە لەسەرەتادا دەیهەویست بە دابی نوێ و گفت‌ولفتی جیاواز، خۆی وەك ئەندامی لێژنەی چارەسەری

کێشەیەکی کۆمەڵایەتی پێناسەبکات، بەدندووکەوە کەوتە داوی حاجیسمایيل.

- خاڵەگیان ئێوە هەر لە دەلاقەی سەد ساڵ پێشڕا دەڕواننە دنیایە. ئێستا هەرئەوانەی ئەتۆ پێت منداڵن، دنیای هەڵدەسووڕێنن. ئێستا یاساوڕێسا هەیە. یەك کەس بی و سەد کەس بی، هەموو شت هەر بە قانوونە. بۆ زارتان بە سەد مسقاڵی فێربووە! کێ داوای سەدمسقاڵی کردووە. نابێ بچی بزانی کابرا دەڵێ چی ...

حاجیسمایيل تاقەتی ئەوەی نەبوو سەبرێك لەسەر وتارەکەی حاجیخالید بگرێ، هەربۆیە لەو شوێنەیرا کە بۆ سەرخستنی بیرۆکەی خۆی پێویستی بوو وتارەکەی قرتاند.

- ئەوەنی خۆتان لێ خستوومە سەر پشتێ دەڵێن نابێ و ناکرێ ئێستا بچین. ئێوە یا ناتانهەوێ ئەو گرفتە چارەسەر بێ یا بە کەیخودایەتی من قایيل نین.

حاجیسمایيل خەریك بوو ئامادەکاری دەکرد بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کەڵك لە هەستی هاوسۆزی میوانان وەرگرێ و بەو شێوەیە دووبارە متمانەیان وەدەستخاتەوە بەڵام حاجیخالید هەر بەشێوازی گفتولفتی حاجیسمایيل وڵامێکی داوە کە بووە هۆی ڕێگری لە دووبارەکردنەوەی ئەو سێناریۆیە.

- حاجیگیان باسەکەی بۆ بە لاڕێدا دەبەی! خۆ مردوو لە سەر ئەرزی نەماوەتەوە بچین خێرا بینێژین. پەلەپەلی بۆ چییە، نابێ

کابراش فکرێك لە حاڵی خۆی بکاتەوە. خۆ هێشتا نیوەڕۆژێکیش نەگوزەراوە.

حاجیخالید بەو ڕێگرییە پێشانیدا کە ئەویش شتێکی دەباراندا هەیە و هێشتا شێوازی کۆنی وتوێژی لەبیرماوە. لەبیری نەچۆتەوە کە دەربڕینی ڕاوبۆچوون بە دەنگی زەلام لە وەها کەشێکدا لەوانەیە یارمەتیدەر بێ ئەگەرچی وێنەدەچوو کاردانەوەی جیاوازی حاجیسمایلی پێشبینی کردبێ.

- باشە بابم ئەتۆ ڕاست دەکەی! ئەمن گووم خوارد! یائەڵڵا هەستن کوڕینە!

حاجیسماییل تەسبیحە سوورە دەنك وردەکەی لە دەستی هاڵاند، چۆکی چەقاند بۆ ئەوەی پێی ڕاست بێتەوە بەڵام مامڕەحیم وەك ئەرکێکی غەریزی، پڕی بە شانی داگرت و نەیهێشت ببزوێ.

- ئای! جا حاجی چۆن کاری وا دەکەی! وەڵڵاهی نابزووی! بە حەقی قورئانی کەس حەقی نییە قسە لە قسەت بکا.

هەڕەشەی بەجێهێشتنی کۆبوونەوەکە و سوێندی یەکلاکەرەوەی مامڕەحیمی، بەجارێ کەشی کۆبوونەوەکەی شڵەژاند. هەریەکەو بەجۆرێك، لەبەر خۆیەوە بەڵێنی دەگەڵ حاجیسماییل نوێ کردەوە و خەسارەکانی زیزبوونیان خستەڕوو.

لەهەموان بەرزتر دەنگی پوورەجەواهیر بوو کە ئیدانەی دڵشکاندنی حاجی‌سماییلی دەکرد. هێندێك پیسایی دەرخواردی ئەوانە دا کە قسە لە قسەی دەکەن.

خاڵەفەتاح کە لەمێژ بوو هیچ دەرکەوتنێکی نەبوو دوابەدوای ئیدانەکردنەکەی پوورەجەواهیر دەنگی لە دەنگی جەماوەر جوداکردەوە و بە دەنگێکی بەرز داوای پشوولەسەرخۆبوونی لە حاجی‌سماییل کرد.

جگە لەو کەسانەی کە حاجی‌سماییلیان وەك ناوەندی بڕیار قەبوول کردبوو، لە گرووپی بەرامبەریش کاردانەوە هەبوو. ئامۆژنم بەجۆرێك وەك ئەوەی مەجبوورکرابێ، پاش کپ بوونی دەنگەکان، قەرەواش و نۆکەرەکانی بە حاجی‌سماییل ناساندەوە.

لەوبەینەدا جگە لە حاجی‌خالید تەنیا کەسێك کە هیچ کاردانەوەیەکی بەو زیزبوونەی حاجی‌سماییل نەبوو، سەیزادەمەلەك بوو کە بەهۆی هەڵەی هێزە پیادەکانی خۆی تووشی ئەو دۆخە نوێیە هاتبوو. دۆخێك کە تێیدا پێگەی حاجی سماییل سەرلەنوێ خەریك بوو بەهێز دەبۆوە. بەڵام پێموانەبێ پێشبینی زەبری ئاخری کردبێ کە لەلایەن کەسێکی چاوەروواننەکراوڕا لێی درا. زەبرێك کە بەجارێ قسەی ئەوی کرد بە بادی هەوایە و پێگەی وەك ناوەندی بڕیار دارماند.

- کاکە ئەو بەزم و هەڵایەی ناوێ هەستن هەر ئێستا دەچین.

ئەوە بڕیاری یەکلاکەرەوەی مامەحەسەن بوو کە بەجارێ لە بڕیاری پێشووی پاشگەز بۆوە و لەدەرەوە ئیرادەی ناوەندی بڕیار پێشنیاری حاجی‌سماییلی پەسەند کرد.

لەوکاتەدا مامەحەسەن وەك ئەوەی بترسێ سەیری لای چێشخانە بکات، لابەلا بەرامبەر حاجی‌سماییل دانیشتبوو و بۆ ماوەیەك جگە لە سەیرکردنی حاجی‌سماییل و گرووپی هاوڕێی، نیگای وەداوی نیگای کەس نەکەوت.

هەستم کرد کە ئامۆژنم وەك باز لەسەری قاسیدە بەڵکوو مامەحەسەن سەری بسووڕێنێتەوە و حوکمی حاکمی پێ بگەیێنێ بەڵام هەوڵەکەی بێ ئەنجام بوو چونکە مامەحەسەن نەتەنیا ئاوڕی نەداوە بەلکوو چووە نێو وردەکارییەکانیش.

- مامە چۆن بچین؟

حاجی‌سماییل لەخوداویست، بواری بۆ ڕەخسابوو تاکوو وەك دڵخوازی خۆیەتی پڕۆسەکە بەرێتە پێشێ بەڵام پێموایە بڕیاری مامەحەسەن ئەوەندە لەناکاو بوو کە لە چاوەڕوانی حاجی‌سماییل زیاتر بوو هەربۆیە لەسەرەتادا بە مینگەمینگ لەدوای وڵامێکی شیاو دەگەڕا بەڵام دواتر چووە سەر وردەکارییەکان.

- کاکی خۆم! هەڵدەستین دەچین. بڵێ دەی! دەڵێن کاکە ئەوە خۆمان دەماڵێ هاویشتووی! چمان لێدەکەی! کارە هاتووە. ئەوە قوونی ئێمە و ئەوە شەپی تۆ! کابراش بەشی خۆی خانەدانە خۆ ئیشاڵڵا وەدەرمان نانێ...

خەریك بوو هەموو دیالۆگە باوەکانی ئەوجۆرە کاتانەی دەکوتەوە و شەویلکەی بۆ هەرچی باشتر بەرێوەچوونی پرۆسەکە مەشق دادەدا. دوابەدوای مەشقەکەی چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا. ویدەچوو لە ئاوالێك بگەڕێ کە ئامادەبێ لەکاتی پێویست، قوونی وەبەر شەپان بدا. وەك دیار بوو کەس لە ئاستی ستانداردی وی دانەبوو بەوپێیەی کە هەم منداڵ نەبێ هەمیش ئامادەی لەخۆبردوویی بێ، هەربۆیە ڕوویکردە مامڕەحیم:

- کاكڕەحیم کاری خۆمانە. هەستە بابڕۆین.

بە بڕوای من ئەو شەق و قوونەی حاجیسمایل وەك ئەگەرێك خستییە ڕوو، مامڕەحیمی لە هاوڕێیەتی دڕدۆنگ کردبوو ئەگەرچی گومانی ئەمری سەیزادەشم دەکرد.

- نا ڕاست دەفەرمووی. هەروایە. کابراش دنیای دیوە. خۆ بەڕەڵلایەك نییە. پیاو نابێ زۆر بێئینساف بێ. دیسان خۆ ئەگەر هەر بۆخۆی بێ قسەیەکی دەگەڵ دێ. بەڵام کابراش کەسوکاری هەیە. چاو چۆن ئێمە لەدەوری کاكحەسەن کۆبووینەوە، ئیویش هەروایە. دەبینی قولەغێك دوو قسەی ناحەز دەکا کار لە جەرگی پیاوی دەکا. نەوەڵلا ڕاست دەفەرمووی، هەروایە!

مامڕەحیم ترسی خۆی بەجۆرێك دە ناوەڕاستی وتارەکەی ئاخنیبوو کە هەموو کەس لەبابەت مەبەستی ڕاستەقینەی تووشی گومان دەبوو.

ئەو گومانە، خاڵەفەتاحی هێنایە دەنگ.

- مامڕەحیم پیاو یا نابێ بچێتە ڕاوەماسی یا دەبێ چاوەڕوانی تەڕبوونی ... بکا.

خاڵەفەتاح بە بۆچوونی خۆی، ترسی شاراوەی مامڕەحیمی بەوجۆرە لێکدایەوە و لەقاودا. ئەگەرچی خاڵەفەتاح لەباری تەمەنەوە تایبەتمەندی بوونە کەیخودای هەبوو بەڵام کەس دە ڕاوێژی ڕانەدەدیت. هەربۆیە زەحمەت بوو لە ئەگەری خۆبواردنی مامڕەحیمیشدا بکەوێتە بەر سەرنجی حاجیسماییل.

لەوکاتەدا کە جەماوەر چاوەڕێی هەڵوێستی حاجیسماییل بوون کە ئایا پێداگری لەسەر هاوڕێیەتی مامڕەحیم دەکا یاخۆ بژاردەی دیکەی دەبێ، سەیدمحەممەد سەرلەنوێ ئەگەرێکی خستە نێو ئەگەرەوە.

- مامە پرسێك بە کاكحەسەنیش بکە بزانە چی پێ دەدرێ، چی پێنادرێ.

هۆکاری هۆگری سەیدمحەممەد بۆ بەشی ئابووری پرسەکە مەعلووم نەبوو بەڵام وەبیرهێنانەوەی سەرلەنوێی، ئەو باوەڕەی خوڵقاند کە دەبێ ئەو پرسیارەش وڵام بدرێتەوە.

بۆ کاردانەوە بەو داوایەی سەیدمحەممەدی، حاجیسماییل سەرەتا چاوێکی لە مامەحەسەن کرد و لە پاشان کوتی:

- پرسی بۆ چییە! یانی ڕەچاوی گیرفانی حەسەنم پێناکرێ. بە قەبری ئەو بابەم سەری وێکردووە، ماڵی منیش هەر ئی

حەسەنییە. خۆ ئیشاڵڵا بە ماڵی حەسەنی غەیان نییم. کابرا بڵێ پەنجا، ئەمن سی دەدەم، کابرا بڵێ چل، ئەمن بیستی دەدەم.

بە بیستنی وشەی پەنجا، ئامۆژنم کاردانەوەی خێرای هەبوو.

- کوڕە پەنجای چی مامە! چ خودا بەردارە! وەڵلا ئەوەتا حەوتووی پێشێ ئەو جیرانەمان بە پازدەیان خواستووە.
- مەنزوور لە قسە دەڵێم! دەنا بۆ شێت بووم داوای ئاوا قەبووڵ بکەم. خۆ کچی شای نییە. ئەگەر بە من بێ لە دە مسقاڵی ناچمە سەرێ.

لە شێوەی کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، حاجیسماییل کە ئێستا ببوو بە ناوەندی سەرنج و بڕیار خەریك بوو وڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە.

ئەو کەشی سەودا و مەزادەی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، کاریکردبووە سەر سامڕەند کە لە تەنیشت من دانیشتبوو. بەجۆرێك خەم دایگرتبوو کە لە سەروچاویڕا بە ئاسانی بەدیدەکرا. تەمام بوو لەجیاتی وی ئیدانەی کارەکە بکەم کە سەوداکە کێشەی تێکەوت.

خاڵەفەتاح دەگەڵ حاجیسماییل لەسەر نرخەکە هاوڕا نەبوو هەربۆیە حاجیسماییلی وەك ماڵسووککەر نێودێر کرد. لەولاشەوە حاجیسماییل خاڵەفەتاحی سەرپشك کرد داخوا کاڵەکخۆر دەبێ یا بێستانڕن. لەو نێوانەدا بە دەنگێکی زۆرزۆر سەرووی ئاسایی، وتوویژێکی تایبەتیان کرد.

- خۆ کابرا کچەی نەدیوەتەوە. دە مسقاڵ بۆ قسەیە!

- نەخێر کچە شایە! هەزاری بۆ دەکڕم!
- نەخێر کچە شا نییە و کچی دایك و بابی خۆیەتی.
- کچی هەرکەسە ئەمن هەر ئەوەندەی پێدەدەم.
- بەڵێ ئەریەوەڵڵا کابراش دەڵێ فەرموو بۆتۆ.
- با نەیدا چش!
- وەڵڵا ناشیدا و چاویشت پێ سپی دەکا.
- هەردووك چاوی دەرێ. ماڵی قەڵپ سەر بە ساحێبی!

ئەو ئاماڵ کەیخودایە، بەجارێ ژوورەکەی دەگەڵ بازاڕی ئاژەڵان هاوتاکرد و لەسەر نرخی شیاوی بووکەخان کێشەی سازکرد. لەئاکامدا سەرلەنوێ تەمای زیز بوونی هەبوو بەڵام هاتنەژوورەوەی میرزاڕەحمان و سڵاوەکەی، جمووجۆڵێکی خستە ژوورەکە. هەربۆیە پرۆسەی زیزبوونەکەی، بەهۆی دامەزراندنی هێندێك وردە وتوویژی جیاجیا لە ناو ژوورەکە، کێشەی تیکەوت.

حاجیسمایل بەهۆی ئەوەیکە لەوکاتەدا هیچ وتوویژکاری ڕاستەوخۆی نەبوو، چاوی بڕیبووە گوڵی فەرشەکان و خێراخێرا دەسحێبەکەی هەڵدەسووڕاند.

کەس لە قۆناغی داهاتوو ئاگادار نەبوو و هەرهەموو چاوەڕێی گۆڕانکارییەك دە پرۆسەکەدا بوون. ئەگەرچی وردە باس هەبوون بەڵام هیچیان گشتگیر نەبوو و تەنیا ڕاوبۆچوونی تاکەکەسی بوون. کەس تەمای نەبوو کە دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە. چاوەڕوانییەك هەبوو بەڵکوو حاجیسمایل ئەرکی خۆی

وەئەستۆ بگرێتەوە و هەتا درەنگ نەبووە وەفدی دانوستاندنکار هەڵبژێرێ کەچی وێنەدەچوو تەمای بێ خۆ ببزێوێ.

تاقە شتێك کە لەوکاتەدا لە هاتوهاواری وتوویژە دووکەسی و چەندکەسییەکان جیاواز بوو و سەرنجی ڕاکێشام ، زەنگی دەرگا بوو.

کەشی زاڵی سەرەتای ئەوشەوە نەمابوو و چاوەڕوانی شتێکی ترسهێنەرم نەدەکرد هەربۆیە ئەو دەنگەم وەك هەواڵی گەڕانەوەی مامەحوسێن ئەژمارکرد. هەڵنەستام و لە شوێنی دانیشتنی خۆمڕا دوگمەی کرانەوەی دەرگام لێدا. خەریك بوو وتوویژێکی دووقۆڵیم دەگەڵ سامرەند دادەمەزراند و خەریك بووم گەنگەشەی ئەگەرەکانم دەکرد. تاوێکی پێچوو، دووبارە زەنگی دەرگا لێدراوە و ئەوجار هەستیاری کردم. بۆی هەستامە سەرپێ.

- بەڵێ؟
- ببوورن! ماڵە ئاغای فەرامەرزییە؟
- بەڵێ. فەرموو خانم؟
- دەکرێ هەتا بەردەرگا تەشریف بێنن!

دەنگی ژنێك لە پشت ئایفۆن، شتێکی ئاسایی بوو بەڵام پرسیاری ماڵە ئاغای فەرامەرزی، شتێکی نامۆ بوو. لەو گەڕەکە کەس بە ئاغا، بانگی کەس ناکا و بەگشتی شتێکی نامۆیە. هەڵبەت نێو بڵێ دوایە ئاغا هاوڕییەتی بکا دەکرێ. بۆ وێنە بڵێ حەسەن ئاغا. ئەویش کە دیارە مامەحەسەن ناگرێتەوە چونکە ئێمە کەسمان دەرەبەگ نەبووە. لێرە هەموو کەس، لە وشەی کاك،

کەڵك وەردەگرێ و کاکحەسەن شتێکی باوە. ئەگەریش بەسالاچووبێ ئەوە مام یا خاڵ دەگرێ.

ئەو شێوە نێوهێنانە بەجارێ بیری سەرقاڵ کردم. بڕیارم دا کەسی پێ هەستیار نەکەم و وەك فەرامەرزییەك، بچمە دەرێ هەتا لەچۆنیەتی ئەو ڕووداوە دەگمەنە بکۆڵمەوە. هەر دوو دەرگای نێوان هاڵ و حەوشەم بە کراوەیی هێشتەوە تا لە ئەگەری قەومانی هەر ڕووداویکی نەخوازراو، دەنگم قەوەی بەو هاتوهاوارە بشکێ و لانیکەم دووکەس ئاگادار کاتەوە. بەو ئامادەکارییە بەرەو دەرگای نیوەکراوەی حەوشەکە ڕۆیشتم. بە ئەسپایی سەرم لە پشت تای کراوەی دەرگاکەڕا بردە پێش و سەیری نێو کۆلانەکەم کرد.

خانمێکی شووش و لەبار، هێندێك گەڕاوە، خەریك بوو بە دوو قامکی گەورەی، لەسەر شاشەی مۆبایلەکەی شتێکی دەنووسی. بەجۆرێك سەرقاڵی نووسین بوو کە وەدیارکەوتنی کەللەسەری منی لە پشت تای کراوەی دەرگاکە هەستپێنەکرد.

لە ئەگەری دیتنی کەسێکی خۆمالی، لە ڕۆژێکی ئاساییدا، دەمکوت:

- بەڵێ براژن؟ فەرمووو؟

لە گەڕەکی ئێمە خانمان بەوجۆرە بانگ دەکەن بەڵام نەخوازراو قەبووڵی هێندێك جیاوازیم کرد هەربۆیە کوتم:

- بەڵێ خانم؟ فەرمووو؟

داوای لێبوردنی کرد و درێژەی بە نووسینەکەی دا. ڕاوەستام هەتا تەواوی کرد. ئینجا سەری لەسەر شاشەکەی هەڵگرت و بە ڕێزەوە داوای پشتڕاستکردنەوەی پرسیاری پشت ئایفۆنەکەی لێکردم.

- ماڵە ئاغای فەرامەرزییە، درووستە.

هەستێکی خۆشم نەبوو و بۆنی کێشەم دەکرد. تەمام بوو وەك نەنکم چۆن ئەوڕۆژە حاشای لە ئاغای فەرامەرزی کرد ئەمنیش حاشای لێبکەم. ئەو ڕۆژەی کە فەرمانبەری شارەوانی، بۆ ڕاگەیاندنی کۆدی پۆستی، لە دەرگای ئێمەی دا و بەرەوڕووی پێشوازی نەنکم بۆوە. فەرمانبەرەکە پرسیاری ڕاست بوونی ئادرەسەکەی لێکرد.

- ماڵە ئاغای فەرامەرزییە درووستە؟

نەنکم کە لە هۆکاری پرسیارەکە ئاگادار نەبوو بە هێندێك دڵەڕاوکەوە کوتی:

- نەوەڵڵا بەقوربان هەو نییە. خۆ لەمێژە لێرە نەماون.

دواتر دەیکوت وامزانیوە هاتوون حوسێنی بگرن.

کەچی ئەوەندە بە ڕێزەوە دواندمی لەڕووم هەڵنەهات درۆی دەگەڵ بکەم بەڵام هێندێك پێچوپەنام دایە.

- کامیان دەفەرمووی؟
- ئاغای فەرامەرزی گەورە.
- باپیرم؟

- نازانم. باپیرتە؟
- بەڵێ باپیرم بوو. بەڕەحمەت بێ.
- نانا ئاغاگیان. مەبەستم ئەو نەبوو. بابی سامڕەندی دەڵێم.

دەستبەجێ نێوانی جەرگ و دڵم ئاگای کرد. لە مێشکمدا ئیدانەی ئەو ڕێگرییەم کرد کە لە حاجیسماییل کردیان. نەیانهێشت حاجی بچێ هەتا ئەوان هاتن. بەڵام بۆ بەتەنیا ژنێك؟!

خولقی ژوورێی بکەم یا بانگی مامەحەسەن بکەم. مابوومەوە چی بکەم کە لەناکاو مامەحوسێن لەبەر دەرگا قوتبۆوە.

- چ بووە ڕۆڵە چ باسە؟ سڵاو براژن.

مابوومەوە بە چ نازناوێك پێناسەی ئەو میوانە بکەم. ئەو هێشتا خۆی نەناساندبوو. یەكدوو جار نیگام لە نێوانیان گوازتەوە. ویستم زانیاری خۆم بخەمە ڕوو بەڵام خانم بە فریام گەیشت.

- دایکی هەتاویمە. کارم بە ئاغای فەرامەرزییە.

مامەحوسێن هەروا تێمڕامابوو و بە نیگا بانگەوازی تێنەگەیشتنی دەکرد. بۆ پرسیاری بێ وتن، لەوجۆرەکاتانەدا دیار بوونی هەردوو لێو پێویستە بەڵام لەبابەت مامەحوسێنەوە لەبەر سمێڵەکەی نەدەکرا هەربۆیە مۆڕەکردنی تەنیا ئاماژەیەك بوو کە تێمبگەیێنێ کە تێنەگەیشتووە. مابوومەوە کە دەبێ چی بڵێم. شەرمم دەکرد بڵێم هەتاو کێیە هەربۆیە پەنام بردە مینگەمینگ و هیوادار بووم کە ئەو خانمە جوان پۆشە کارم

ئاسان بکا و هەتاو بناسێنێ بەلام کاتێك وردە نیگاییێکم بۆلای گوازتەوە تووشی ئاماژەی پرسیارکەرانەی هاتم کە داوای ناساندنی مامەحوسێنی لێدەکردم. هەڵبەت بەو جیاوازییە کە ئەو دەم و لێوی دیار بوو.

ناساندنی مامەحوسێن زۆر ئاسانتر بوو و هیوادار بووم بە ناساندنی ئەوی ڕێگەیەکی باش بۆ ناساندنی هەتاویش بدۆزمەوە.

- مامە. مامەحوسێن.

وێدەچوو بەهۆی ئەوەیکە هێشتا خۆمی نەناسیوە، ناساندنی مامەحوسێن زۆر بەکەڵکی نەیە، هەربۆیە ناساندنەکەم درێژە پێدا.

- برای مامەحەسەنمە.

ئاماژەی هێندێك تێگەیشتنی خستە ڕوو.

- جەنابت ئامۆزای سامرەندی. وایە؟

تێگەیشتنەکەییم بەبزە پشتڕاستکردەوە. بۆ ئەوەی تووشی نیگای پرسیارکەرانەی مامەحوسێن نەبمەوە، نیگام لەسەر ڕانەگوازت، کەچی بە خۆشحاڵێوە مامەحوسین بۆخۆی تێگەیشت بەڵام بەداخەوە دەریبڕی کە تێگەیشتووە.

- دایکی ئەو کچەیە کە ...

خانمە جوان پۆشەکە نەیهێشت مامەحەسەن ڕستەکەی بە وشەی دڵخوازی خۆی تەواو بکا و بەخێرایی ڕستەکەی بە وشەی تایبەتی خۆی بۆ تەواو کرد.

- بەڵێ بەڵی. ئەو کچەی دەگەڵ کوڕەکەی ئێوە هاتووە.

مامەحوسێن کە یەکەم ڕستەی ڕاستەوخۆی دەگەڵ ئەو خانمە نیوەچڵ بەجێهێشتبوو، بەخێرایی چووە سەر ناخی بابەتەکە.

- دەخزمەت داین براژن؟

خانم نیگایەکی ئاماژەی سەرسوڕمانی لێکردین و کوتی:

- لێرە؟ ئێرە بۆ ئەو باسە دەبێ؟

نازانم مامەحوسێن لێی تێنەگەیشت یا خۆی لە گێژی دا.

- دەفەرمووی چ بکەین؟
- باشتر نییە بچینە ژوورێ؟

مامەحوسێن وێنەدەچوو چاوەڕێی ئەو خۆ خوڵقکردنە بێ هەر بۆیە ناڕێکی بە جووڵەیەوە دیار بوو.

- بەڵێ؟ بەڵێ فەرموون. دا ڕۆڵە بانگی براژنە لەیلای بکە.

مامەحوسێن ئەرکێکی بەپەلەی پێئەسپاردم بەڵام نەمدەزانی چی لێبکەم. هاوکات کە بە فەرمووی مامەحوسێن خانم هاتە حەوشەی، ئەمنیش خۆم گەیاندە ڕێڕەوەکە و بانگی ئامۆژنم کرد کە بە گوڕوتینەوە بەشە قسەی

خۆی بۆ خوشکی دەکرد. سەرەتا بە بانگکردنی نەزانی بەڵام دواتر بە ئاگادارکردنەوەی خوشکی، ئاوڕی لێدامەوە. شێوەی ڕوانینم ئاماژە بوو کە بۆ دەستخستنی زانیاری سەبارەت بە هۆکاری بانگکردنەکەی دەبێ بێتە دەرێ و دووراو دوور هیچ ناکرێ، هەربۆیە خێرا خۆی گەیاندە بەر دەمم.

- ئەیاڕۆ چ بووە؟

ئاماژەی سەروچاوم تا ئەو ڕادەیەش تۆقێنەر نەبوو کە شیاوی ئەو کاردانەوەیە بێ.

- ئامۆژن! دایکی کچەی هاتووە.
- ئەیاڕۆ دایکی بۆ لێرەیە؟
- دەیهەوێ بێتە ژوورێ.
- ئەیارۆ ژووری چی؟
- پێموایە کاری بە مامەحەسەنییە.
- ئەیارۆ حەسەنی چی؟

ڕێچکەی ئەیارۆی ئامۆژنە لەیلا بەهیچ جۆر نەدەبڕاوە ئەگەر خانمە جوان پۆشەکە نەگەیبا ڕێڕەوەکە.

- سڵاو خانم. دایکی هەتاوییم.

لە وتوویژێکی ئاساییدا لەوجۆرە کاتانەدا ئامۆژنیشم دەبا کوتبای:

- خۆشحاڵم بە بینینتان، ئەمیش دایکی سامڕەندیم.

بەڵام ئامۆژنە لەیلا قەڵەمی دەستوپێیانی شکا. لەباتی وڵامی پێشنیارکراوی من بڵێتەوە، کوتی:

- حەك قورم بەسەری! ئەو پەندەمان بۆ بەسەر هات.

مامەحوسێن لەمن شارەزاتر بوو. بە کەلێنی نێوانی ئامۆژنەلەیلا و خانمدا هاتە ژووری و بە پالەپەستۆ پاشەکشەی بە ئامۆژنەلەیلا کرد بەوجۆرە ئامۆژنمی لەهەرجۆرە کاردانەوەی نەشیاو ئاگادار کردەوە.

- خوڵقی ژووریی بکە براژن دوایە تەگبیرێك بۆ قوڕەکەت دەکەینەوە.

ئامۆژنەلەیلا بە ئەرکی خۆی چاك دەزانی و قسەی مامەحوسێنی زۆر بە هێند وەردەگرت هەربۆیە بە نابەدڵی خانمی وەپێش خۆیدا.

- سڵاو

سڵاوی ئەو خانمە جوان پۆشە بەو ستایلە جیاوازەیەوە، کۆڕەکەی تووشی چەقبەستوویەکی ماوەکورت کرد. جگە لە سامڕەند کە یەكپێ چەقی، نەکەس بزووت نە کەس هیچی کوت هەتا ئامۆژنە لەیلا بۆ ناساندنی وەخۆ کەوت.

- دایکی بووکەکەمانە.

ناساندنەکەی ئامۆژنم بەو دانبەخۆداگرتنەی کە وێدەچوو هەوڵێکی زۆری دەگەڵ داوە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو هەربۆیە مامەحوسێن هەوڵی خۆی بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرسوڕماوان دا.

- ئەو خوشکە، دایکی ئەو کچەیە کە ڕەدووی سامڕەندی کەوتووە. ئێستا تەشریفی هێناوە کاری بە کاکحەسەنییە.

ناساندنەکەی مامەحوسێن لە ناساندنەکەی ئامۆژنەلەیلا کاریگەرتر بوو بە جۆرێك هەموو جەماوەر دەستبەجێ هەستانە سەرپێ. بەپاڵەپەستۆ نیوەبەرێکیان بۆ چۆل کرد هەتاکوو بۆ بینینی ڕاستەوخۆی هەموو نیشانەشکێنەکان گونجاو بێ. زۆربەیان یەکەم جار بوو چیرۆکی لەو شێوەیان دەبیست هەربۆیە بۆ تاوێك بە سەرسوڕمانەوە تێی ڕامابوون و بۆ بەخێرهێنان هیچ هەوڵێکیان نەدا.

مامەحوسێن لە درێژەی چالاکییەکانی ئەوشەوەی غەریب نەوازیشی بەجێگەیاند و وەك یەکەم کەس سەرلەنوێ بەخێرهاتنی کرد. ئەو دەستپێشخەرییەی مامەحوسێن بواری ئەوەی ڕەخساند سەرسوڕمان بەرۆکی کۆبوونەوەکە بەردا و کەشەکە هێندێك ئاسایی بێتەوە هەربۆیە دوابەدوای مامەحوسێن زنجیرەیەك چاكوخۆشی و بەخێرهێنان ئاراستەی ئەو خانمە کران. تەنانەت سامڕەندیش بەخێرهاتنی کرد.

- بەخێربێن خانم نەزەری.

بە بیستنی بەخێرهێنانی سامڕەندی، خانم نەزەری چاوێکی لە سامڕەندی کرد کە لە باری ماناوە هەڵگری ئینسکلۆپێدیایەك بوو بەڵام سامڕەند پەڕی لێ هەڵنەداوە و هەر زوو نیگای دزێوە.

یەکەم لێکەوتەی ئەو هاتنە، نەمانی ئاسەواری بۆنی میخەکەکانی پوورەجەواهیر بوو، کە کەوتە بەر پەلاماری بۆنی عەترەکەی خانم نەزەری، بە جۆرێك کە پانتایی بڵاوبوونەوەی بۆ نێو گیرفانی سیخمەکەی پوورەجەواهیر کورت کردەوە.

دوابەدوای ئەو ڕیزە بەخێرهێنانە، خانم نەزەری بە نیگایەکی خێرا پیاوانی ژوورەکەی پشکنی. لە مامەحەسەنی دەگەڕا چونکە هەر زوو ڕووی دە من کرد و بەدەنگێکی پڕ لە متمانەبەخۆبوون داوای ناساندنی لێکردم. ئەمنیش نیگایەك لەوی نیگایەك لە مامەحەسەن ناونیشانم پێڕاگەیاند. چاوی بۆ دواندنێکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر مامەحەسەن گوازتەوە. ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بردبوومە سەر ناونیشانی داواکردووی بەڵام ئەو بە پرسیارەکەی، دۆزینەوەی ناونیشانەکەی خستە سەر ئەنجامی هەوڵی خۆی.

- ئەگەر هەڵەم نەکردبێ، جەنابتان بابی سامڕەندین. وایە؟

شێوازی هەڵسوکەوتی مامەحەسەن لەوکاتەدا زۆر لە گومانلێکراوێك دەچوو کە داوای دانپێدانانی لێدەکەن. ڕاستەوخۆ چاوی لە چاوی خانم نەزەری نەدەکرد. سەری بەردابۆوە و یاری بە قامکەکانی دەکرد.

- بەڵێ ئەرێوەڵڵا. دەخزمەت دام.

خانم نەزەری بۆ چوونەسەر بابەتی سەرەکی، نیگای لەسەر سامڕەند چەقاند و ڕووی قسەی دە مامەحەسەن کرد.

- دیارە جەنابت ئاگاداری ئەو کارەی ئەوڕۆی سامڕەندی دەگەڵ کچەکەی من هەن. لەڕووی نەزانی هەڵەیەکان کردووە. ئێستا ئەوە هاتووم بەڵکوو هەڵەکەیان ڕاست بکەمەوە.

مامەحەسەن لە حاڵەتی دانپێدانانەکەی بەردەوام بوو و پشتڕاستی بۆچوونەکەی کردەوە.

- بەڵێ بەڵێ. ڕاست دەفەرموون.

سامڕەند کە شەرمێکی قورس دایگرتبوو، مۆبایلەکەی کردبوو بە فڕفڕە و لە نێو دوو قامکی هەڵیدەسووڕاند.

- سامڕەند قەولی بە من دابوو کە کارێکی نەشیاو نەکات کەچی …

ئەو ڕستەیە سەرەتایی گۆڕانێکی گەورە لە کەشی کۆبوونەوەکەدا بوو. گومانێك لەبابەت چۆنیەتی پێوەندی سامڕەند و ئەو کچە سازبوو. گومانێك کە ڕاستبوونی زۆر نامۆ بوو.

- ئەیارۆ! بۆ خانم ئەتۆ بەو باسەت دەزانی؟

ئەو پرسیارەی پوورەشەهێنی سامڕەندی، بەو شێوازە دەربڕینەی، یەکەم ڕستەی ڕەقی، کێشە داگیرسێن بوو، هەر بۆیە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی خانم نەزەری لێکەوتەوە

- مەبەستت چییە خانم؟

خانم نەزەری ئەوەندە بە متمانەبەخۆبوونەوە ڕووبەڕووی بۆوە کە پوورەشەهێنی سامڕەندی پەنای بردە بەر خۆدزینەوە و خەریکی سرتوخورت دەگەڵ خۆی بوو.

- خانم دەتهەوێ چی بسەلمێنی. بەڵێ ئاگام لێبووە. کچی خۆم بەرەڵڵای نێو شەقامان نەکردووە کە نەزانم چی دەکا.

لێرەدا حاجیخالید وەك ڕاستکردنەوەی هەڵەی خێزانی، ئەرکی وڵامدانەوەی لەئەستۆ گرت و سەرەتای وتووێژێکی دەگەڵ دامەزراند.

- نا خانم نەزەری لە مەبەستی ئێمە خەراپ تێمەگەن، دیارە ئەوجۆرە پەیوەندییە هێندێك دەگەڵ فەرهەنگی باوی کۆمەڵگاکەمان ناگونجێ.
- ئەدی ژن هەڵگرتن دەگونجێ؟

بەو پرسیارە بەزەبرە حاجیخالید ماتبوو هەربۆیە وێدەچوو بیهەوێ بە هێندێك وڵامی دوور لە پرسیار، دەستێك بکاتەوە.

- نا خانم دەزانی چۆنە، لە نێو ئێمەدا هێشتا زۆر شت بایخیان ماوە کە لەوانەیە بۆ زۆرکەس قەبووڵکراو نەبن ...
- ئاغا بۆ من گرینگ نییە کە عێل و عاشیرەتی ئێوە ئەوباسە چۆن لێکدەداتەوە. بۆ من ویست و حەزی کچەکەم گرینگە و ڕێزی

لێدەگرم بەڵام دەرفەت بە کەس نادەم کە گاڵتە بە هەستی بکات و خەراپ لە تیگەیشتنی ئێمە کەڵك وەرگرێ.

لەو کاتەدا وەك ئەوەی ئەو خانمە بە زمانێکی دیکە قسە بکا و تەنیا حاجیخالید لێی تێبگا، کەس بۆ خۆ تێوەردان هۆگری خۆی پێشان نەدا. حاجیخالید پێداگرانە هەوڵی هێنانی ئەو خانمەی بۆ نێو یاری خۆماڵی دەدا بەڵام هەموو جارێ لە بەر بێهێزی بەڵگەکانی تووشی پاشەکشە دەبۆوە. تا لە ئاکامدا بنی گۆمی مەنتقی نەختێك قووڵی، وەدیار کەوت و هەر زوو، ڕووی لە ویشك بوون نا.

- خانمی بەڕێز، خوشکی من، ئەو داب و نەریتە بۆ ئێمە گرینگە. ئێمە ئاوا دەژین. ئەگەر منداڵ هەڵەیەك دەکا ئەرکی دایك و بابە کە هەڵەکەی بۆ ڕاست کاتەوە نەوەك پشتیوانی لێ بکات.
- ئاغا گیان! نەهاتووم باسی فەرهەنگیتان دەگەڵ گەنگەشە بکەم. ئێمەش ئاوا دەژین. ئێستا ئەو کوڕەتان هەڵەیەکی کردووە فەرموو بۆی ڕاست بکەنەوە.
- دەفەرمووی چ بکەین؟

دوو ناوەندی بڕیاری سەرکی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوەیە وێنەدەچوو هیچیان پێشتر ئەوجۆرە فیلمەیان دیتبێ، هەربۆیە بە درێژایی ئەو وتوویژە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو هەتا خانم نەزەری ویستی خۆی ئاشکرا کرد.

- کچەکەم لە کوێیە؟ دەیبەمەوە.

لێرەدا حاجی‌سماییل بەبێ سەرنجدان بە کەشی وت‌وویژی فەرهەنگی نێوان حاجی‌خالید و خانم نەزەری، پرسی:

- دایکە! ئەدی ئەوە کوا بابی؟

خانم نەزەری هاوکات دەگەڵ دەستخۆشیکردنی لە بەیانە بۆ چایەکەی، ڕووی دە حاجی‌سماییلی کرد و کوتی:

- بەخۆشحاڵیوە بابی هێشتا نەیزانیوە.

مامەحەسەن بەو وڵامە گەشاوە. وێدەچوو ئەگەری هەر مەترسییەکی لە مێشکیدا ڕەواندبێتەوە چونکە لە حاڵەتی دانپێدانانڕا بۆ حاڵەتی هۆگری بابەتەکە گۆڕانی بەسەرداهات. کاتێك خانم نەزەری پاش کەمێك ڕستەکەی درێژ کردەوە، بابەتەکە جیاواز بوو لەو پێشبینی تۆقێنەرەی، مامەحەسەن بە درێژایی ئەوشەوە پڕوپاگاندای بۆ دەکرد. هەربۆیە گەر هەستی بە گرفتی دەروونی خۆی نەکردبێ زۆر جێی سەرسوڕمانە.

- بابی دڵی ناسازە. ئەگەر بزانێ لەوانەیە تووشی گرفتێکی خەراپ ببێ. کوتوومە لە کن کچە پوورەکەیەتی.

حاجی‌سماییل هیچ ڕستەیەکی ئانگژای ئەو هەموو ڕق و قینەی بابی کچەی نەکرد. وێنەدەچوو لەبنەڕەتدا هیچ ڕستەیەکی پێ بێ. چونکە لە ڕاستیدا حاجی‌سماییل شارەزای شەڕی نەرم نەبوو. سەرێکی بۆ لەقاند. وێدەچوو لە نەبوونی غەنیمێکی پڕ بە خۆی وەڕەز بووە هەربۆیە نیگای بێ

حەجمین دەسووڕاوە هەتا لەسەر پوورەجەواهیر چەقی، کە لابەلا دانیشتبوو.

پوورەجەواهیر تامی یەکەم چای پاش نانخواردنەکەی دەکرد کە هێندێك لە کاتی خۆی لایدابوو. بۆ چاخواردنەوە هێندێك سووڕابوو و ڕووی دەلای مامەحەسەن کردبوو. قەراغی لێچکەکەی هێنابووە پێشێ و دەم و لێوی پێ شاردبۆوە. هەڵبەت لە لای حاجی‌سماییلیڕا. هەموو جارێك کە ژێرپێڵەکەی بۆلای دەمی دەبرد بە دەستی چەپیشی قەراغی لێچکەکەی دێنا پێشتر. بەدڵنیاییوە ئەو دابەی بە دڵی حاجی‌سماییل بوو.

سەیزادەمەلەك کەڵکی لەو بۆشاییە وەرگرت و بە پێچەوانەی بڕیاری سەرەتایی خۆی ویستی هەنگاوێك بۆ دووبارە سەلماندنی خۆی هەڵبێنێتەوە.

- خانم گیان جا ئاوا چۆن دەبێ! ئەو هەتیوە ئەگەر هەڵەی کردووە خۆ ناکرێ ئێمەش بیکەین بەدوو. کچی چۆن دەبەیەوە.

دیارە مەبەستی سەیزادەمەلەك هەمان کەرسوار بوون و دابەزین بوو بەڵام وێنەدەچوو خانم نەزەری مافی ئاژەڵانی زۆر لەلا گرینگ بێ چونکە گرفتی دەگەڵ دابەزین و سوار بوونی لەو شێوەیە نەبوو.

- دایە خانم! منداڵن هەڵەیەکیان کردووە، بەڵێ ڕاستە بەڵام هەڵە ئەوەیە کە هەڵەی ئەوان بکەین بە ئەمری واقیع.

بە دڵنیاییوە سەیزادەمەلەك هیچ لەو ڕستەیە تێنەگەیشت چونکە دەربڕینی دوابەدوای هیچ پەیوەندییەکی بەو وڵامە نەبوو.

- ئەمیش هەر وادەڵێم با شتەکە نەبێ بە دابێکی ناحەز. ئەوە ئیشاڵڵا سبەی چوار کەیخودایان دەنێرین و لایەکی بە لایەکی دادەخەین.

خانم نەزەریش بە دەردی سەیزادەمەلەکی چوو و تێنەگەیشتنی لێگرتەوە. هێندێك بە نیگایەکی دڕدۆنگ سەیری کرد و دواتر لە ناوەندی سەرنجی سڕێوە.

- ئاغای فەرامەرزی کچەکەم لە کوێیە؟

مامەحەسەن کە تا چەند خولەك لەمەوبەر زمانی لە گەڕان مانی گرتبوو ئێستا کە ترسی ڕەویبۆوە بە جموجۆڵەوە لە وتوویژەکانی دەڕوانی.

- خانم گیان وەڵلا لە ماڵە خاڵی منداڵەکانە.

خانم تەنیا پرسیارێکی لێکرد بەڵام بەرەوڕووی وتارێکی تێروتەسەلی مامەحەسەن بۆوە کە هەڵگری هەموو ئەو ڕستە جوانەمەرگانە بوو کە تا ئەوکاتە خۆنواندنی حاجیسماییل و کۆنترۆڵی دووراودووری سەیزادەمەلەك ڕێگر بوون لە دەربڕینیان.

- گوێت لە برای خۆت بێ! قورئان بەحەقت ئەمن بەو بەزمەم نەزانیبوو. ئێوارێ ئەو کوڕەی کاکم هات کوتی مامە حاڵ‌ونەقڵێکی ئاوایە. گۆیا سامڕەند ژنی هەڵگرتووە. بەو حەجەی ئەو مامەم زیارەتی کردووە دووسەد تفم دە ڕووی کردووە. گرتیانم دەنا

چوار شەقیشم تێهەڵدەدا. ئاخر ئەمن بڵێم چی. ئێستاش ئەمن حەقی یەك قسەشم نییە. ئەگەر ئاغاکەت ئاوامان لێ قەبووڵ دەکا ئەوە ئەو کوڕەی کاکمت دەگەڵ دەنێرم پیلی کچی خۆت بگرە و بیبەوە. چیش دەفەرمووی دەخزمەتت دام. خودا ئەو سێ ئەولادەم لێ بستێنێ هەوەڵێش کوتم دەیبەمەوە ...

ئەو هاوئاهەنگییەی لە نێوان ئاغای فەرامەرزی و خانم نەزەری ساز بوو، سامرەندی هەتا لێواری گریان برد بەڵام چاوی یاریدەدەر بوون و ئەو چۆڕە ئاوەیان بەرەڵڵا نەکرد هەتا لە نێو کۆڕی خۆمان بە "خێرێ" نێوبانگی دەرنەچێ.

هەستی هاوسۆزیم بزووت و بۆ یارمەتی‌دانی بە نهێنی داوای یارمەتیم لە ئامۆژنەلەیلا کرد ئەویش بۆ چارەسەرێك پەنای بردە بەر حاجی‌سماییل بەڵکوو بژاردەیەکی باشتر بخاتەڕوو.

- مامەحاجی بۆ شتێکی ناڵێی. کوا ئاوا دەبێ.

پێشنیاری ئامۆژنەلەیلا پێش ئەوەی سەرنجی حاجی‌سماییل ڕابکێشێ کاردانەوەی مامەحەسەنی لێکەوتەوە کە دوور لە چاوی حاجی‌سماییل بە نیگا هەرەشەی دەکرد، هەرچەند تەنیا ئامۆژنەلەیلا توانای خوێندنەوەی وردەکارییەکانی ئەو هەڕەشەیەی هەبوو.

حاجی‌سماییل ئاگاداری ناڕەزایەتی دەربڕینی مامەحەسەنی نەبوو هەربۆیە هاوکات کە ئیسکانە چایەکەی لەسەر ژێرپیاڵەکەی دادەناوە کوتی:

- بڵێم چی ڕۆڵە! قسەم پێ مەکە. خۆ بەنێوت ئامریکاش ئاوا نییە. کچ چۆن دەبردرێتەوە!

خانم نەزەری، نەزەری نەبوو بایخ بۆ ئەو بیروڕایانە دابنێ هەربۆیە هەمووی بە جوانەمەرگی دەناشتن.

- حاجیئاغا تکایە بێڕێزی مەکەن. نەهاتووم ڕاپرسی بکەم. ئەمن وەك گەورەی ئەو کچەی ئاوا بە باش دەزانم.

حاجیسماییل تەمای نەبوو پاشەکشە بکات و وەك عادەتی خۆی هەموو جارێك گەزێکیش دەچووە پێشێ.

- گەورەی چی و شتی چی! ئاخر نابێ ئەو بابە لەو منداڵەی بپرسێتەوە. دەردی لە گیانم ئەگەر ئیمن دەبوو. جا دەڵێی چی! جەرگ نەماوە و سێپەلاکیش هەرئەوەندە کار دەکا.

کاردنەوەی خانم نەزەری بەو بێڕێزییە نەتەنیا گەزەکەی لە حاجی هەستاندەوە بەڵکوو دوو گەز ئەولاتریشی پێ چۆلکرد.

- لەسایەی لوتفی خودای هیچ پەیوەندییەکی بە جەنابتانەوە نییە هەتا بیبەن لە ماڵێ وەك ئەوانی خۆتان بیبەستنەوە. ئەمن دەگەڵ ئەو ئاغایەمە، داوای کچی خۆم لێکردووە. ئێوەش لە سۆنۆگرافی خەڵکی دەست هەڵگرن و سەردانی ڕاوێژکارێکی دەروونی بکەن باشترە.

لەئاکامدا حاجیسماییل کە بەدڵنیاییەوە، بەهیچ جۆر چاوەڕوانی ئەوجۆرە کاردانەوەی نەدەکرد بۆ دەربڕینی وڵامی پێویست تووشی گرفت بوو. هەر ئەوەندەی بۆهات بڵێ:

- ئەوە دەڵێ چی؟

لەوکاتەدا خاڵەفەتاحیش هەڵوێستی وەرگرت و کەوتە لۆمەی حاجیسماییل.

- دەڵێ بەتۆ چی و ئا. کابرا ئاوا قەبووڵییەتی، ئەتۆ چت بەوەی داوە. دەت هەوێ، سبەی بنێرە سەری، دەنانا لێیگەڕێ با بڕوا.

حاجیسماییل کۆڵەوار، نیگای ئامادەبوانی دەپشکنی بۆ ئەوەی هاوڕایەك بدۆزێتەوە بەڵام کەس خۆی لە قەرەی خانم نەزەری نەدا. هەربۆیە دوایین کاردانەوەی بە پیشخواردنەوە لەبەر خۆیەوە، ڕوونوێنی کرد.

کات بۆ خۆتێوەردانی پوورەجەواهیر گونجاو بوو.

- دەی باشە هەستە بابم بیبە کچەی پێشان بدە. خۆ شت بەزۆری نابێ. کابرا خزمایەتی تۆی نەوێ خۆ پەتکی ناکەی. کوڕەش خۆ نە شێتە و نە کوێرە و نە گولە. ئەوە نەبوو یەکی دیکە.

بە ئاماژەی مامەحەسەن کە ئێستا ئاستی متمانەبەخۆ بوونی هەڵکشابوو و چاوەڕێی ئەمری ناوەندی بڕیاری نەدەکرد هەستام هەتا خانم نەزەری بۆ ئەنجامی دواقۆناغی ئەرکەکەی ببەمە ماڵە خاڵەئەحمەدی سامڕەندی.

خانم نەزەری سەرکەوتووانە هەستا سەرپێ کیفەکەی بە شانی دادا. سەیرێکی شاشەی مۆبایلەکەی کرد. چاوێکی بە سەر ئامادەبوواندا خشاند. جگە لە مامەحەسەن ماڵئاوایی لەکەس نەکرد و بەبێ هیچ بەرێکەرێك بە هیوای ڕێنوێنی من وەپێشم کەوت.

هەرکە گەیشتە حەوشەکە، مۆبایلەکەی هەڵکرد و ئامادەی پەیوەندییەکی کرد. بە دوویدا لە دەرکی حەوشەکە چوومە دەرێ. پێش ماشێنە شازەکەی چاوم بە چاوە زەقەکانی نەجیبە کەوت. ویستم بەپەلە خۆ لەبەر نیگای بدۆزمەوە بەڵام دەستبەجێ ئانگژای پرسیارێکی ئامادەکراوی کردم.

- ئەوە بووکە؟

خانم نەزەری بەجۆرێك سەرقاڵی قسەکردن بە مۆبایلەکەی بوو کە وێنەدەچوو هیچ ئاگای لە نەجیبە و کورتە پرسیارەکانی بێ. هەلەکەم بە باش زانی بۆ ئەوەی وڵامێکی شێتخافڵێن بدەمەوە و لە کۆڵ خۆمی کەمەوە. پشتم دە خانم نەزەری کرد و بە سەروچاو مەزەندەکەییم وەك ڕاستی دانا، بەڵام گومانم نەدەکرد نەجیبە توانای هەڵسەنگاندنی بارودۆخیشی هەبێ.

- ئەدی بۆ قەڵسە؟

بۆ ئینسانی ساغیش هیچ ئاماژەیەکی سەروچاو نییە بۆ ئەوەی قەڵس نەبوونی تێبگەیێنی، چخوازە بە نەجیبەی، هەربۆیە مابوومەوە چ بڵێم. وەك ڕێگاچارەیەك ویستم خۆمی لێ گێژ بکەم بەڵکوو لەبیری بچێتەوە بەڵام دەستبەردار نەبوو.

- دەچێتەوە؟

خەریك بوو مەودای نێوان پرسیارەکانی کورتتر دەبۆوە لەولاشەوە خانم نەزەری پەیوەندییە تەلێفوونییەکەی تەواو کردبوو.

- بۆ ئەتۆ لێی ناخوڕی؟

خۆم لە گێژیدا و وەك خانم نەزەری، ئاماژەی نەبیستنی ئەو کورتە پرسیارانەم کردە هەستی زاڵی دەموچاوم.

- ئاغا گیان فەرموو!

بە خولْقی خانم نەزەری ویستم سوار بم بەڵام بۆ شوێنی گونجاو دڕدۆنگ بووم. لە پێشێ یا لە پشتەوە؟! بۆ سەرەتای ئەو کورتە سەفەرە گرفتێکی گەورە بوو. ئەرێ لە کوێ سواربم؟!

مۆبایلەکەم دەرهێنا و هێندێك خۆم خافڵاند هەتا وەدەنگ هات و لەنێو ماشێنەکەڕا ئاماژەی سواربوون، ئەویش لە پێشێی، پێدام. نەمهێشت سەرسوڕمانم بە تایبەتمەندییە ناوازەکانی ئەو ماشێنە دەگەڵ نیگای خانم نەزەری باوباوێنێ بکا، هەربۆیە ڕووم لێ وەرگێڕا و بەری ڕاستی کۆڵانەکەی ماڵە باپیرم بۆ ساتێك پشکنی. ئەوهەموو وردەکارییەی ساڵانێك بە بێ سەرنجدان بە تەنیشتیاندا تێپەڕ ببووم، لەسەر ئەو ماشێنە بڵیندەشڕا پێویستیان بە سەرنجدان نەبوو. خۆشحاڵ بووم کە خۆم پێوە ماندوو نەکردبوون.

- ئاغاگیان بە کوێدا بڕۆم؟

وێنەدەچوو پرسیارێکی تایبەتم لێ بکا بەڵام ئەمن زۆر هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد. لەجیاتی سامرەندیش شەرمم دەکرد. لاقم بەڕیز لەپێش خۆم دانابوون. هەردوو دەستم لە لاقم ڕیزتر، خستبوونە سەر چۆکم. کۆڵانەکەی ماڵە باپیرم تەواو ببوو و ئەمیش چیتر وردەکارییەکانم سەرژمێری نەدەکرد. چاوم ڕاست لە پێشێ دەکرد. ملم قەت ئەوەندە لە جێگای تایبەتی خۆی ڕاست نەوەستابوو. هیچ وردەکارییەك، هاوڕێیەتی وڵام و ڕێنوێنییەکانمی نەدەکرد. بە کورتە ڕستە، بردمە نێو شەقامی سەرەکی. بە یارمەتی بووق و چرا هەرچۆنێك بێ لە مەیدانێکی قەرەباڵغی تایبەت پەڕینەوە. شەقامێکی باریکی هەورازم پێ نیشاندا. تەنیا وەدوای ئاماژەی من دەکەوت. وەك ئەوەی گومانم لە دەستوفەرمانی هەبێ لە سەرەتای شەقامە هەورازەکەڕا، ئاگاداری کۆڵانێکی لابەلام کرد کە دەبێ لادا. هیچجۆرە کاردانەوەیەکی نەبوو. کۆڵانەکە لە شەقامەکە لێژتر بوو. سەرکەوتووانە بەبێ گرێ وەسەرکەوت، هەتا گەیشتینە شوێنی مەبەست. وەك ئەوەی لە زیندان بەربووبم خێرا دابەزیم و لەدەرگای خاڵەئەحمەدی سامرەندیم دا. تاوێکی پێچوو هەتا دەنگێکی ناڕێك کوتی کێیە.

لەوجۆرە کاتانەدا وشەی، ئەمنم، لە هەموو پاسپۆرتێك باشترە چونکە پێموایە هەستی نزیکی دەداتە کەسی ئەودیوی دەرگا بەڵام لەپشت ماڵە دەرگای خاڵی سامرەندی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو.

- کاکەگیان پیاومان لە ماڵێ نییە.

بەهەزار زەحمەت لەپشت دەرگاڕا تێمگەیاند کە کێم بەڵام بەو پاساوە لەپشت دەرگا مامەوە. شێرورێویم بۆ هێناوە کە پێویستە بچینە ژووری بەڵام خەجاڵەتی خانم نەزەری کردم.

خانمنەزەری کە تا ئەوکاتە سەیری هەوڵەکانی منی دەکرد لە ئاکامدا لە سەرکەوتنم لە قەناعەت پێهێنانی خاڵۆژنی سامرەند بێهیوا بوو و بۆخۆی کەوتە هەوڵدان.

- خانم گیان تکایە هەتا بەردەرگا تەشریف بێنن. زۆر وەختتان ناگرم.

دیارە ئاوا زووکرانەوەی دەرگا دوابەدوای ئەو داخوازییە هیچ پەیوەندییەکی بە لاوازبوونی گفتولفتی من نەبوو بەڵکوو دیتن و چوونەژووری پیاوان گرفت بوو.

دەستبەجێ خانم نەزەری خوڵقی ژووری کرا و ئەمیش لەبەر دەرگا مامەوە. ئێستا دەمتوانی بەبێ نیگەرانی سەیری ئەو دەستکردە ناوازەی مرۆڤ بکەم کە بەبێ بەرد، لەو هەورازە ئەستەمە ڕاوەستاوە.

نیوکاتژمێر دەبوو بۆ وەسفکردنی ئەو شاکارەی دەستی مرۆڤ لەبەر دەرگاکە وەستابووم کە دەنگی سڵاوێکی ساردوسڕ وەخۆی هێنامەوە.

- سڵاو. کاکە فەرمووە؟!

جەستەی پان و زەلامی خاڵەئەحمەدی سامرەندی بە دەموچاوی تووکن و ڕەشی، وێنەی قولی زەنگی نێو بەیتی ناسر وماڵماڵی وەبیر دەخستمەوە.

بەوجیاوازییە کە لەجیاتی بەرگی عەرەبی، پانتۆڵێکی نێفەك درێژی دەلینگ کورتی دەبەردابوو. هیچ جوانکارییەك لەسەر ڕدێنە درێژەکەی نەکرابوو و دەنك بە دەنکی تووکەکان بۆ ڕوان بە شێوازی دڵخوازی خۆیان سەرپشك کرابوون. کراسێکی تەخت ڕەشی دەبەردابوو کە بە شۆقی چرای نێو کۆڵان هەر گنجەی بۆخۆی، دوو قامك سێبەری کردبوو.

دەگەڵ ناسینەوەی، دەستبەجێ بە باوەشێك هەست و سۆز سڵاوم هەستاندەوە بەڵام کاردانەوەکەی لەقەدەر هەست ۆ سۆزەکەم نەبوو. کاتێك چیرۆکی هۆکاری ئەو زیارەتەم بۆ گێڕاوە نەتەنیا بۆ ئەو ڕێنەدانە داوای لێبوردنی لێ نەکردم بەڵکوو بە گومانەوەش سەیری دەکردم. گومانم کەوتە دڵی داخوا ئەو کابرایە هەرئەو خاڵەئەحمەدەیە کە دەیان‌جار دەگەڵ سامرەندی سەردانی ماڵەکەیمان کردووە، کوا پیاو بە دوو ساڵان ئاوا تویخ داوێ؟!

بە نابەدڵی دەستی دە گیرفانە شۆڕەکەیدا گێڕا و کلیلەکانی دەرهێنا. نەیکوت فەرموو هەتا بۆخۆی چووە ژوورێ. ویستم مانبگرم و پێ دە ژوورەکەی نەنێم بەڵام بۆ دەستخستنی زانیاری لەبابەت دوایین گۆڕانکاری، پێویست بوو بچمە ژوورێ.

لە نێو حەوشەکەڕا بە شێوەی تایبەت، ئاگاداری ژوورێی کردەوە کە میوانێك لە ڕەگەزی نێر بەتەمای هاتنەژوورە و پێویستە ڕێکاری پێویست لەبەرچاو بگیرێ. ئەو ئاگادارکردنەوەی سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی هێندێك ڕێوشوێنی تایبەت ئاگاداری منیشی کردەوە کە، قولی قولی نەماوە.

سەرم داخست و ودوای کەوتم. یەکەم دیمەنی ژوورکەیان جەستەی مێیینەی، قولی زەنگی بوو کە لەبەر دەرکی هاڵەکە وەستابوو. کراسێکی یەکسەرەی ڕەنگ زرشکی دەبەر کردبوو. سەرەڕای جەستەی زەلامی، کراسەکە خۆی لە بەژنی دوورگرتبوو. هەورییەکی ڕەشی ساکاری لە سەری هاڵاندبوو بەجۆرێك کە لە هەر چوارلاوە گەمارۆی دەموچاوی دابوو. دەرکەوتنی بەوەندە کۆتایی هات و ئیدی نەمدیتەوە.

خاڵەئەحمەدی سامڕەندی خولْقی هاڵەکەی کردم و بۆخۆی پاشەوپاش کشاوە. خانم نەزەری و بووکەخان لەهیچ‌کوێ دیار نەبوون. تاوێکی پێچوو هەتا خاڵەئەحمەدی سامڕەندی هاتەوە و لەکنم دانیشت. بەهۆی ئەو دابە نوێیەی لەو یەك‌دوو ساڵەدا فێری ببوو دیار نەبوو ئەو قەڵسییەی سەر دەموچاوی، قەڵسی کاتییە یا ڕەنگە نوێیەکەیەتی. فەڕشەکەی کردبووە ئاماژە و هەرچی دەدڵیدا هەبوو، بە بێدەنگی، بەئەوی دەکوت بۆیە نەمزانی بیر لە چی دەکاتەوە. غیرەتم وەبەر خۆم دا و پرسیاری هاوڕێکەم لێکرد. ئەوکاتە بوو کە زانیم قەڵسییەکەی دوو قاتە.

- نە دەزانن عەیبە چییە! نە دەزانن شەرم چییە! تف لە حەیاتان! تف لە ئابڕوتان.

بەهۆی ئەوەیکە گفت‌ولفتیشی دەگەڵ گوڵی فەڕشەکان بوو نەمزانی ئەو قسانەی کێ و کێ دەگرێتەوە هەربۆیە بەردم لەسەر دانا و کپ دانیشتم.

تازە خەریك بوو تفەکەی ویشك دەبۆوە کە دیسان بەرێکی دیکەی فەڕشەکەی کردە ئاماژە و قسەی دڵی خۆی بۆ گێڕاوە.

- خۆ ئەگەر هێنای لە ماڵ نەبووم دەنا بەوەڵڵا ئەگەر وەڵڵایە تێرشەقم دەکرد. بۆ ماڵە من چییە؟!

بڕیارم دا دەوری گوڵی فەڕشەکە بگێڕم و کاردانەوەم نەبێ، بەڵکوو بۆخۆی وڵامێك بۆ پرسیارەکانی بدۆزێتەوە.

- هەتیوە بەرەڵڵایە! ئەتۆ ژنت بۆ چییە؟! هێندە کاسبی!؟ هێندە دەوڵەمەندی!؟ هێندە تەواوی؟! باشە بێناموسی دەکەی بۆ دەیهێنێ ئێرە!؟

وردەوردە دەهاتمە سەر ئەو باوەڕەوی گوڵی فەڕش بوونیش زۆر ئەرکێکی زەحمەتە و پشووی درێژی دەوێ.

- بۆ ئێرە کوێیە!؟ بۆ نایبەیە ماڵە مامە عارەق خۆرەکەت!؟ با ئەو بەرەڵڵایە بچێ مەسڵەتت بۆ بکا.

بەتەواوی سەلماندی کە وادیارە لەو دوایانەدا باری دەروونی تێکچووە، چونکە ساڵێك پاش ئەو لێدانەی مامەحوسێنی وردیلە، لەسەر سەرچۆپی لێیدابوو، ببوونە برادەر کەچی ئێستا ئاوا دەفەرمێ و باسەکە بە لاڕێدا دەبا.

کوتم با نەیکەمە نامەردی، غیرەتێ وەبەرخۆم بنێم و دوو قسان دەگەڵ گوڵی فەڕشەکەی بکەم. قسەیەکی زەلامم بە هەموو وردەکارییەکانێوە بۆ ئەوەی کار لە دڵی بکا ئامادە کرد و لەدڵی خۆمدا خەریکی تاوتوێ کردنی کاردانەوەکەی دوای بیستنی بووم.

دەڵێم:

- سەدکەڕەتم پێکوتووە ڕۆڵە خۆ هەموو کەس بۆ ئەوەی نابێ پشتی پێ ببەستی. قامیش بۆ، بۆ پاڵدانەوەی دەبێ!؟

بەدڵنیاییوە بەو وتوویژەی من و فەڕشەکەیان هەستیار دەبێ و داوای ڕوونکردنەوەم لێ دەکات. پێش کاردانەوەی مەترسیدار لەوانەیە بڵێ:

- یانی چی؟! دەگەڵ منتە؟

لەوکاتەدا تەنیا بژاردەیەکم لەبەر دەستە. دەبێ پیاوانە بەرپرسیارییەتی ئەو هێرشە پێچەوانەیە بگرمە ئەستۆ و چاوەڕێی کاردانەوەی قورسی بکەم. بەڵام وەك فکرم لێکردەوە، خۆ ئەمن هیچ خزمایەتێکم دەگەڵ ناسر و ماڵماڵی نییە هەتا دەرەقەتی ئەو قولی زەنگییە بێم. هەربۆیە وا باشترە سیاسەتی حیزوسڵامەت دەکار بکەم و نەکەومە بەر کاریگەری کەشەکە.

بەخۆشحاڵێوە کرانەوەی دەرگای ژووری نوستنەکەیان ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم هەتا سیاسەتی حیزوسڵامەتەکەم بۆم نەبێتە بیرەوەری و پاساوی بێهەڵوێستیم بخەمە ئەستۆی هاتنەدەری خانم نەزەری و بووکەخان.

بە هاتنەدەری ئەوان قولی زەنگی نیگای لەسەر فەڕشەکە هەڵبڕی و سەیری ئەو دوو خانمە جوان پۆشەی کرد بەڵام بەخێرایی ڕووی وەرسووڕاند و چاوی دە دەرگای هاڵەکە بڕی. وەك ئەوەی داوای فریاکەوتن بکا بەپەلە بانگی خێزانی کرد.

خانم نەزەری و کچەکەشی چاوەڕێی دیتنی خاڵەئەحمەدی سامڕەندیان نەدەکرد هەربۆیە لەبەر دەرگاکە وەستان و سڵاویان کرد. هەردووکمان هەستاین سڵاومان هەستاندنەوە. ئەمن سەرنجی خانم نەزەریم دا بۆ ئەوەی لە پەیڕەوی کاری ئاگادار بم بەڵام خاڵەئەحمەدی سامڕەندی هیچی نەکوت و چاوەڕێی هاتنی هێزی یارمەتی کرد.

دەگەڵ هاتنی هێزی یارمەتی، خانم نەزەری بە نیگایەکی پرسیارکەرانە داوای ناساندنی خاڵەئەحمەدی سامڕەندی لێکرد و ئەو وڵامەی وەرگرتەوە:

- بەڵێ خانم گیان ئەحمەدە. ساحەبمە.

خانم نەزەری بە دەنگێکی پڕ لە متمانەبەخۆبوون ئاگاداری ساحەبی کردەوە کە پەیڕەوی کاری چییە.

- کاک ئەحمەد بۆ ئاگاداریتان ئەوە کچەکەم دەبەمەوە.

خاڵەئەحمەدی سامڕەندی بە نیوەنیگا ڕوانییە ئەو دوو میوانە نەخوازراوە و کوتی:

- خوشکی من ئاوا چۆن دەبێ! ئەمن نازانم ئەو هەتیوە چۆنی دەمن ڕادیوە چووە قەباعەتی ئاوای کردووە و هێناویێتی بۆ ئێرە. بە وەڵڵاهی لەبەیانیوە کە ئەو کچەی هێناوەتە ئێرە، نەهاتوومەتەوە ماڵێ هەتا ئەو ژنە زەنگی بۆ لێداوم. ئێستاش خۆ دنیا شاری بێ دەرواز نییە، ئەو کوڕە دەگەڵ ئەو ئافرەتەی پەیوەندی هەبووە، ناکرێ هەروا پیلی بگری بیبەیەوە.

بەپێچەوانە، خانم نەزەری سەرنجی تەواوی لەسەر خاڵەئەحمەدی سامڕەندی بوو و بە وردی لێی دەڕوانی.

- لێتان تێناگەم. نازانم گرفتەکە چییە. ئەگەر دڵی پێوەیە، هەموو شت ڕێوشوێنی خۆی هەیە.
- خوشکی من ئەو کچەی تۆ ڕەدووی ئەو خوشکەزا هیچوپووچەی من کەوتووە.
- منداڵن هەڵە دەکەن.

خاڵەئەحمەدی سامڕەندی نیوەنیگای کردە تەواونیگا بەڵام هەڵە بوو ئەگەر وەیزانیبێ نیگاکەی لە نیگای حاجی‌سماییل کاریگەرترە. خەریکی پیشخواردنەوە لەبەر خۆیەوە بوو کە خانم نەزەری دەستی هەتاوی گرت و ڕۆیشت.

بۆ ئەوەی لە مەترسی هەرجۆرە کاردانەوەیەکی نەشیاو دووربم خێرا بە دوایاندا ڕۆیشتم. مەزەندەکەم هەڵە بوو کە لەوانەیە بمگەیێننەوە. لە کەشێکی دوور لە لۆمە و سەرکۆنەکردن سواری ماشێنەکەیان بوون و پاشەوپاش لەو کۆڵانە لێژە ڕۆیشتنە خوارێ.

نە پێمخۆش بوو نە وێرام هەواڵی ڕۆیشتنم بە قولی زەنگی ڕابگەیێنم. ملی ڕێگام گرت و بۆ لای ماڵی مامەحەسەن هاتمەوە. کاتژمێر خۆی لە یازدەی دابوو بەڵام نەجیبە هەر لەبەر دەرگا بوو. نازانم شکستی بە چەند هەوڵی دیکەی بردنەژوور هێنابوو. بە دیتنی من هەستیار بوو. بڕیارمدا هەر

پرسیارێکی بیکا وڵامی ڕاستی بدەمەوە. پاڵم بە دەرگاکەوە دابوو، چاوەڕێی پرسیارەکانیم دەکرد.

تاوێك ڕاوەستام. وێدەچوو ئەویش هەستی بە هەستی ناخۆشم کردووە. پێم سەیر بوو پرسیاری ئامادەکراوی نییە. ویستم بچمە ژووری، هێشتا دەستم بۆ زەنگەکە نەبردبوو کە پرسیارێکی کوڵی:

- بووکت چ لێکرد؟

لەسەر بڕیاری خۆم سوور بووم بەڵام هیچ وڵامێکی ڕاستم نەبوو چونکە هیچم نەکردبوو.

- ڕۆیشتەوە.

چاوی تروکاند، لێچکەکەی توند کرد. ئەوانە ئاماژە بوون کە پرسیاری دیکەی هەیە هەر بۆیە لە زەنگی دەرگام نەدا.

- بۆ ڕۆیشتەوە؟

ئەو پرسیارە وڵامی زۆرە بەڵام هیچیان ئەوەندە کورت نین کە شێتێکی پێ بخافڵێ.

- زوو هاتبوو.